**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی

**دەستەی نووسەران:**

بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)
دێڤین رێکسوید
رزگار عومەر
سەردار عەبدوڵڵا
عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)




وێنەی سەر بەرگ: مصطفی صابر،
ئافیشی حزبی کومۆنیستی ئیران بە بۆنەی یەکی
ئەیار، سالی ١٩٩٠

ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
42422 Angered
Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژمارە حیسابی پۆست جیرۆی هانا: ٥ـ ٦٠٨٣٤٥

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەلایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتال واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن راستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

هەواڵنامەی کتێب

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- سەروتار ........................................................................................ ٣

٢- شیعر و سیمبۆلەکانی ئایینی و باو / سلیمان قاسمیانی ................................. ٧

٣- دەستەمۆی دەستەمۆکردن: باسێک لە سەر ڕۆڵ و دۆخی پیاو لە
کولتووری شەرەف و ناموسخوازیدا / دێڤین ڕێکسوید ......................... ٢٣

٤- کاریکاتێرەکان / سەردار عەبدوللا ............................................................ ٥٩

٥- بەخێربێن بۆ کۆمپانیای ڕەگەزسازی! / بەکر ئەحمەد ................................... ٦٩

٦- جەوهەری هونەر، لە هونەرمەند (کاروان عوسمان) دا / کازم قادر................ ٧٧

٧- شیعری شۆڕشگێڕانە و پەرجووی هەمیشە زیندووبوون /
نووسینی: عەبدولا سڵێمان (مەشخەڵ) .................................................. ٨٧

٨- شیعر: عەلی رەسوولی / ئەحمەد ئەلمەتەر / سلیمان قاسمیانی /
کاوە ئەحمەدی / حەمید شەریفی / موسلح ریبوار / یوسف رەسوولی/
عەبدولا سڵێمان / بەکر ئەحمەد / سەلام قادری ............................................ ١٠١

٩- گفتوگۆ لە گەڵ ڕێبوار / ............................................................................ ١١٣

١٠- بیرەوەری سەربازێک / ئەحمەد عەلی .......................................................... ١٢٥

١١- گەڕان بە دوای مانا دا / سەلام ئەحمەد نەبەرد ............................................ ١٣٩

١٢- ساتیرە هەواڵ / سەردار عەبدوللا ................................................................ ١٤٣

١٣- سیکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا / رانانی کتێب./ عەبدولا
سڵێمان (مەشخەڵ) ............................................................................... ١٤٥


هەواڵنامەی کتێب

# گەشانەوەی
# گوڵێکی ناو ئینجانەیەک

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

گوڵی ئەمجارەمان بۆنخۆشتر لە جاران و گەشتر لەڕابردوو دەیەوێ لەسەر مێزی ژیانتان حیکایەتەکانی جوانیتان بۆ بگێڕێتەوە. دەیەوێ لەگەڵ کردنەوەی چاوی بیرکردنەوە و تێفیکریتان بە بەیانی باشێک پیاسەی ڕۆژەکانی ژیانتان لەگەڵدا بکات. گوڵەکەمان دەیەوێ لەگەڵ دارچنارەکانی بزە و خەندەی ئینسان باڵا بکا و لەگەڵ ماتەمی ڕوحی تیکشکاوی مرۆڤیش خەمبار خەمبار بەدیار مەینەتییەکاندا ببێت بە چلوورەی عەشق بۆ خۆشنوودی و کامەرانی. ئەم گوڵە تۆ خۆت بڕیار بدە چی لێدەکەی؛ لە یەخەی کچێکی عاشقی دەدەی، یان لەنێو ئینجانەدا لەجوانییەکەی ورد دەبیتەوە.

کوردستان وەک هەر پارچەیەکی تر لە جیهانی کاپیتالیستی ئەمڕۆدا، مەیدانی ململانێی چینایەتییە. چینێک کە دەستی بە سەر داهات و دارایی و نیعمەتەکانی کۆمەڵگەدا گرتەوە و چینێک کە خولقێنەری خێر و خۆشی و داهاتەکانە و خۆی لە هەژاری و بێ بەشی و دەستتەنگیدا ژیان بە سەر دەبات. ئەم کۆمەلگا چینایەتییە، نە کلتووریان یەکە، نە هونەر و ئەدەب و نە فەلسەفە و سیاسەتیان.

ئەدەب و هونەر و رۆشنبیری دەسەڵاتدار، ئەدەبی کرێکار و زەحمەتکیش و هەژاری کوردستان نییە، بەلکو ئەدەبی و هونەری کونەخواز و تاریکپەرستە. بزاڤێک کە مکورە لەسەر پاراستنی

هەواڵنامەی کرێکار

بەرژەوەندییەکانی بورژوازی لە هێشتنەوەی ستەم و بێمافی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش. هونەر و ئەدەبی بورژوایی بە پانتایی هەموو کوردستان و لە ژێر سایەی دەسەڵاتدا ڕۆژ نییە خەریکی میکیاجکردنی ڕوخساری دزێوی دەسەڵاتە ستەمگەر و ملهورە لۆکاڵ و جیهانییەکان نەبن، تا دەگات بەو ڕێکخراو و گروپانەی کە سەرسەختانە دژایەتی هەر بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕانە و هەر ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتێک دەکەن کە جیهەتگیریی چینی کریکار بێ، تا دەگات بەوەی کە سوپایەک لە خوێنەری نابینا و بێبەرهەم دروست بێت کە بەر لەخوێندنەوەی دەق بڕیار لەسەر کوشتنی نووسەر و دەق بدات، هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە گوزارشت لە واقیعی بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی چینێک دەکەن کە قازانجیان لە مانەوەی ستەم و چەوسانەوەی ئینسانە بە دەستی ئینسان. قازانجیان لە کوشتنی ئازادی و ستایشی جەللادە.

هونەر و ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێڕانە لایەنەکەی تری ئەم کێشە چینایەتییە بەردەوام و بێ پسانەوەیە. ئەم هونەرە لەو ڕۆژەوە کە کرێکار مەجبوور بووە هێزی کاری خۆی بفرۆشی و بێ بەشییان کردووەتە چارەنووسی، بە بەرینایی هەموو دونیا هەبووە و هەیە و سەربەرز بۆ ئازادی و یەکسانی مرۆڤ چڕاوە. ئاڵاهەڵگرانی ئەم هونەر و ئەدەبە هەموو ڕۆژێک مەجبوور دەکرێن کایە بە گیانیان بکەن و ژیانیان بخەنە لەپی دەست و دەمی وشە و نووکی پێنووس و ترپەی نۆتەکانیان. ئەدەب و هونەری چینی کرێکار کە ئامانجی خۆی لە ئامانجی بەرزی ئینسانی جیا ناکاتەوە، گوزارشت لە حیکایەتەکانی ژیان و خەباتی چینی کرێکار دەکات. ئەدەبی چینی کرێکار، ئەدەبی ئێمەی کرێکارە. ئەدەبێکە هەوڵی خوڵقاندنی دەقی ڕادیکاڵ و کرێکار و شۆڕشگێرانە دەدات. بە گژ تاریکی و جەهلخوازی نەتەوەخوازی و ئایین و ستەمی ژنان و بێحورمەتی بە منداڵدا و تاد دەچێتەوە. ئەدەبەکەمان عاشقە و




وێنە: 3mil.org

لەگەڵ گۆرانییەکەنی ئینساندا دەکەوێتە سەما و سەفا.

سەرەرای ئەوەی کە ئەدیبان و نووسەرانی کرێکاری لە کوردستان خاوەنی چەندین پرۆژەی ئەدەبی و هونەری بوون، بەڵام بۆشاییەکی گەورە لە بواری بڵاوکردنەوەی ئەدەبی و هونەری کرێکاریی بەدی دەکرێ. بۆ وەڵامدانەوە بەم پێداویستییە ئێمە دەستمان داوەتە دووبارە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری هانا بەو ئومێدەی بتوانین بەشێک لەو بۆشاییە پڕ بکەینەوە و بەسوودوەرگرتن لە گەشەی تەکنەلۆژیا و لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە گۆڤارەکە بهێنینەوە مەیدانی وەشاندن. لەم پێودانگەش ☆ دەمانەوێ

ئەوە ڕابگەیێنین کە :

یەک :ئەدەب و هـــونەری کرێکاریی بزووتنەوەیەکی جیهانییە و خاوەن شوناسێکی چینایەتییە و ئەدەب و هونەری کوردیش بەشێکی دانەبڕاو و لەپچڕان نەهاتووی ئەو ئەدەبە جیهانییە. ئێمە خۆمان لەو سەنگەرە چینایەتییە دەبینین کە ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوە ئومێد و خواستمانە و هونەرەکەشمان هەر بەو ڕێگایەدا هەنگاو دەنێ.

دوو : ئێمە لەسەر کلتوورێکی جیهانیی لە هونەر و ئەدەبی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێرانە وەستاوین و پشت ئەستوور بەو کلتوورە وەک ئەدیبان و نووسەرانی کرێکار بەجیددی برەو بە دەق و خوڵقاوی ئەدەبی و ئیستاتیکای هونەری دەدەین و هەوڵدەدەین ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی چالاک بکەینەوە و لەگۆڕەپانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیی جێدەستی دیار بێت.

سێ : ئێمە پاڵپشت و بەرگریکەری هەر هەنگاوێکی پێشڕەوانەی بزاڤی پێشکەوتووخواز و ڕادیکاڵی کۆمەڵگەین و هەوڵ دەدەین لەئاست ئەو چاوەڕوانییەدا بین.

چوار : چاوڕوونبوونەوەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەمدیدەی کوردستان بە ئەدەبی خۆیان و دووبارە لێکهەڵپێکران و ئاوێتە بوونی چینی کرێکار و هونەرە شۆڕشگێڕانەکەی. لێرەشەوە بڵاوکردنەوەی هەر نووسین و دەقێکی ئەدەبی یان هونەریی کە لەڕوانگەی بەرزی ئینسانەوە نووسرابێ، یان بەهای ئینسانی تیا ڕەنگی دابێتەوە. هەر دەقێک ستەمی چینایەتی پێ قەبووڵ نەبێ و باس لە خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی بکات گۆڤاری هانا بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ دەکاتەوە.

لەم گۆشە نیگایەوە ئەدەبی ئێمە، ئەدەبی چینی کرێکار، گوڵێکە و لەناو ئینجانەی خەباتی چینایەتیماندا بە مارکسیزم ئاوی دەدەین و تێدەکۆشین تا پێمان بکرێ مێزی ژیانتانی پێ برازێنینەوە.

ئازاری ٢٠١٦

هەواڵنامەی کتێب

# شیعر و سیمبۆلەکانی ئایینی و باو

سلیمان قاسمیانی

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لە سەر لێو
حەددی چییە "نالی" کە بڵێ ماچە کەفارەت
(دیوانی نالی، ل ١٣)

بێ سوننەتی تەقبیلی دەمت عاطلە رۆژم
بێ حضرەتی محرابی برۆت باطلە نوێژم
(دیوانی نالی، ل ٢٧)

دەری تۆ کەعبە بوو "حاجی" تەوافی کرد و نەیزانی
چ قەوما کەعبە کەج بوو، مەسجیدی ئەقصایە رووخاوە!
(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٣٥)

غەم مەخۆ قوربان، لە بۆ قوربانی عیدی وەصلی تۆ
موددەتێکە بەو ئومێدە "حاجی" خۆی دابەستووە
(دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل ١٣٢)

لە چاوانم نەما بۆ گریە، نۆبەی سوجدە بەر دەریە
سیاسالم نەبارە، نوێژی ئیستیقصا نەکەم چبکەم
(دیوانی مەحوی، ل ٢٣١)

بە دەستی خونچە، دەمێ دەستی دا کە بەیعەت بۆم
چ ئارەزۆمە لە عیسا دەم، لە مووسا دەست
(دیوانی مەحوی، ل ٧١)

نالی بۆ مەیلی ماچێک لە لێوی یار، دەم تاوانبار دەکا کە بارێک گوناهی خستووەتە سەر لێو، تا بۆ پاکبوونەوەی گوناهەکان ماچ بە کەفارەت دابنێ. گوناهی دەم و لێو، کەفارەتی گوناه بە ماچ و دامرکاندنی

هەواڵنامەی کتێب

ئاگری گەیشتن بە یار. لێچواندنێکی سەرکەوتووانە لە چوارچێوەی ئاییندا. هەرچەند کە بە قەولی مەحوی "قضییەم مانع الجمعە" چۆنکە دین و ماچ و مووچ لە گەڵ یەک کۆناکرێنەوە.

حاجی قادر هەروەکوو سوننەتی ئەڤینداران لە سەدان ساڵدا بووە، ئامادەیە گیانی بخاتە سەر ڕێگای یار. ئەو تەنانەت لە کۆڕی عاشقان واوەتر دەڕوا و هەر لە سەرتاوە بە قەسدی خۆ بە قوربانکردنی یار، خۆی دابەستووە تا یار لە ڕۆژی قوربانی گرتنەکەیدا، قوربانییەکی بە پێزی دەست بکەوێ. خۆشەویستی حاجی ئەوندە بە هێزە کە دەرگای یاری لێ دەبێتە کەعبە و تەوافی دەکا. لێچواندنێکی کفراوی.

مەحوی هەرچی فرمێسکی هەیە دەیڕێژێ بۆ یار، کە دەبینێ چارەی دەرد نەکراوە ئەمجار لە بەر دەرگای یار دەکەوێتە سوجدە بردن. چ کەردن کاتێک بەخت ڕەشە و ئاو وەک لە چاو، لە ئاسمانیش بڕاوە، بێجگە لەوەی نوێژ بکەی بۆ باران، بۆ لوتفی یار.

لەو شیعرانە دا هەر سێ شاعیر بە شێوەیەکی زۆر وەستایانە و لێهاتووانە عەشق و سۆز و دەردی دەروونیان بۆ خۆشەویست بە ئاوێنەی ئایین و لە چوارچێوەی ئاییندا، دەردەبڕن. دیارە کە شاعیر بە لێچواندنی دەستی یار بە دەستی مووسا و دەمی یار بە دەمی عیسا دەچێتە ئەوبەری سنووری ئایین. ئایا ئەوە سنوورپەڕێنییە؟ بە بڕوای من نا. شاعیر لەو شیعرەدا نە دەستی دەریا لەتکەر و کێوسووتێنەری مووسا دەباتە ژێر پرسیار و نە هەناسەی ژیانبەخشی عیسا، نە نوێژ کردن بە کەم دادەنێ و نە سوجدە بردن بۆ خوا دەزڕێنێ. بە باشترین خوێندنەوەش شاعیر هیچ کام لەو دیاردە ئایینی و دینییانە ناشەمزێنێ بەڵکوو، مەعبوودێکی دیکە دەخوڵقێنێ. خوا هەر خوا دەمێنێتەوە و نوێژ کردن و قوربانیدان دیسانەوەش هەر لازمن، تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە عیسا و مووسا ئەوڕۆ دووبارە لە دایک بوونەوە و خەریکن بە موعجیزەکانیان دڵی شاعیر دەبەن و سەری لێدەشێوێنن.

ئەوەی کە لە شیعرەکانی سەرەوەی ئەم سێ شاعیرەدا دەیبینین، زمانی شیعری سەردەمی ئەو شاعیرانەیە و بە پێوانەی ئەو زمانە، شیعری جوان و سەرکەتوون. مۆری ئایین زۆر بە ڕوونی بە تەوێڵی ئەو شیعرانەوە دیارە. نرخ و ئەرزشی ئایینی و دینی کە نرخی باڵادەست لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا بوون، سێبەری کێشاوە بە سەر شیعرەکاندا. ئەو سیمبۆلانەی کە شیعرەکانی پێ دەرازێتەوە، سیمبۆلی ئایینین.

مەسەلەیەکی گرینگتر کە دەبێ ئیشارەی پێبکرێ ژینگەی

شاعیرەکانە. لە سەردەمی فیودالی و تا بەر لە بە گشتی بوونی خوێندەواری لە کوردستان، خوێندنەوە و نووسینەوە کاری پارێزەرانی ئایین و لە پلەی یەکەمدا مەلاکان بوو. زۆربەی هەرە زۆری شاعیرانی کورد تا بەر لە سەدەی بیست، یا مەلان یا بەگزادە. تەبیعییە کە زمانی شیعری لە ژینگەیەکی ئایینیدا، ئایینی بێ. ئەوەی کە سیمبۆلەکانی ئایینی سەرتاپای شیعرەکانی مەحوی دادەگرێ نەک هەر سەیر نییە بەڵکوو پڕ بە پێستی سەردەمی ژیان و ژینگەی شاعیرە. لە سەردەمی ژیانی شاعیردا ئێستا ئاسۆی ژیان و زمانێکی تر، لە بەرانبەر ئاسۆی فیودالیدا بوونی نەبوو کە شاعیر بکەوێتە بەرانبەر دووڕیانێک و مەجبوور بە هەڵوێستگرتن و هەڵبژاردن بێت.

حاجی قادر مرۆڤێکی دینداری خواپەرستە. بۆ حاجی "قوربانی" دان بە راستی پیرۆزە و بە لایەوە قوربانیدانی ئیبراهیم بە ئەمری خوا، کە تا بەئەمرۆش موسوڵمان و عیسایی و مووسایی پێرەوی دەکەن، قسەی تێدا نییە و ئەوەندە جوانە کە شاعیر بۆ دەربڕینی هەستی بێ سنووری خۆشەویستی خۆی بۆ یارەکەی، دەست لە گیان شۆردنی خۆی بۆ چاوی یار بەو قوربانیدانە دەچوێنێ. بۆ حاجی و نالی و مەحوی نوێژ کردن و سەری پاڕانەوە دانەواندن بۆ خوا فەرزە و ئەمرێکی تەواو پیرۆز. هەربۆیەش کاتێک برۆی یار دەکەن بە میحراب و لە بەر پێی یار سەری سوجدە دادەنەوێنن لە پیرۆزی نوێژ و سوجدە بردن و پەرستنی دەسەڵاتێکی بەرزتر لە مرۆڤ نە تەنیا کەم ناکەنەوە بەڵکوو ژیان دەخەنەوە بەری و دەیژیێننەوە. کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئایینی و لە سیمبۆل و نرخەکانی مۆری ڕەوا و بەرحەقدانە لە ئایین و تەمەنی دین و ئایین درێژ دەکاتەوە.

مەیدانداریی زمان و سیمبۆلی ئایینیی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد بۆ لۆمە کردن نابێ چون ئەوان کەلەپوورێکی تریان لە زمان و سیمبۆل و نرخی کۆمەڵایەتی بە دەستەوە نەبوو. بۆیە قورسایی باسی ئەم نووسراوەیە دەخرێتە سەر سەردەمی نوێ و ڕەنگدانەوەی ئایین لە شیعری ئەمرۆدا.

ئەم نووسینە قسەیەکی لە سەر شاعیرانی دیندار و خواپەرستی ئەمرۆش نییە. هەروەکوو پێشتریش وتم، ئاشکرایە کە شاعیرێکی دیندار بە زمانی ئایینی بدوێ، بیروبۆچوونی ئایینی هەبێ و لە روانگەی دینەوە سەیری جوانی و خۆشەویستی و هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بکات.

ئەو کەسەی ئایین دەخاتە ژێر پرسیار، دیارە ڕەخنەکەی شیعری

ئایینیی و ئاسەواری ئایین لە شیعر و ئەدەبیشدا دەگرێتە بەر. ڕووی پێنووسەکەی من لەم وتارەدا لە پلەی یەکەمدا شاعیرانی چەپ، سکۆلار و دوور لە ئایینن و لە پلەی دووهەمدا ئەو شاعیرانەن کە بڕوایەکی ئەوتۆیان بە نرخە ئایینییەکان نییە کەچی زمانی ئایین دەهێننە نێو بەرهەمەکانیان.

ئیبلیسی سەرکەوتووی سەرخۆش
لە سفرەی شینی ئێمە شایی دەکا
دەبێ خودا لە کەلێن و پەستێوی
ماڵ پەستێون
بیشارنەوە!

(ئەحمەد شاملو، شیعری "تەنگانە"، کۆمەڵە شیعری "تا شکۆفەی سووری کراسێک"، وەرگێڕانی ناسر حیسامی، چاپی دووهەم، ئینتشاراتی کانوون، ساڵی ١٣٦٩، ل ٨٣)

دیارە کە زمان و سیمبۆلی ئایینی لە شیعری شاعیرانی هەر چوارگۆشەی دنیادا دەبینرێتەوە. شاملو شاعیری بەناوبانگی ئێرانی شاعیرێکی شورشگێر و بێ دین بوو و بە ئاشکرا دژی کۆنەپەرستی بە گشتی و کۆنەپەرستی ئایینی بە تایبەتی تێدەکۆشا و دەینووسی. بەڵام شاملو لە زور شیعردا بە تایبەت شیعرەکانی دەورەی پاشایەتی لە وشە و سیمبۆلی ئایینی کەڵک وەردەگرێ. شاملو شاعیری کورد نییە، بەڵام بێ گومان لە سەر زۆر شاعیری کورد تەئسیری داناوە. پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ شاعیر، سەرکوتگەربە شەیتان بچوێنێ و خوا بە زولم لێکراوێک کە دەبێ لە بەر هەرەشەی شەیتان لە کەلێن و پەستێوی ماڵدا بشاردرێتەوە. شاملو بۆ خوا ناپاڕێتەوە بەڵکوو دەیهەوێ بڵێ کە دەسەڵاتدارانی ئایینی خۆیان لە شەیتان خراپترن و کاریکیان کردووە کە تەنانەت خواش دەبێ لە دەس ئەوان خۆی بشارێتەوە. لێرەدا خوا و شەیتان لە بەرانبەر یەکدا ڕاوەستاون، خوا چاک و شەیتان خراپ، دوو بەرەی ناسراوی ئایینی. لەم شیعرەدا بەرەی خوا دڵنەوازی لێدەکرێ. خوا دەبێتە زۆلم لێکراو و ماف خوراو و شەیتان دەبێتە ئالای شەڕ و نەکبەت و زۆرداری. چاک و خراپ لێرەدا جیگەیان نەگۆڕاوە و بە چاویلکەی ئایین و بە زمانی ئایینەوە کێشە کۆمەڵایەتیەکە بەرئاوەرد کراوە.

لە میهرەباني بێدریغی گیانی تۆ
مەسیح ی دایک، ئەی خۆرە تاو!

(ئەحمەد شاملو، شیعری "غەزەلی نەتوانین"، هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٦٧)

بە هەموو چاوەوە لە تۆ دەگەڕێم
بە هەموو شەوقەوە تۆ دەخوازم
لە ژێر لێوەوە دووبارە دەڵێمەوە
دایم ناوت بە ئەسپایی

ئەی مەسیحا!
ئێستە!

مـردووێـک لـە دڵـێ تـابـووتـا
دەجووڵێتەوە ئارام ئارام....

(ئەحمەد شاملو، شیعری "شەوانە"، کۆمەڵە شیعری "هەوای تازە"، انتشارات نگاه-انتشارات زمانە، چاپی هەشتوم، ساڵی ١٣٧٢، لاپەرەی ١٤٦)

عیسای پێغەمبەر، بە پێی بۆچوونی عیساییەکان کوڕی خوایە و خوا بە فووی مبارەک، مریەمی پیرۆز، دایکی عیسا دوو زگ دەکا. عیسا هیزی تایبەتی هەیە، بە سەر ئاودا دەڕوا، مردوو زیندوو دەکاتەوە و بە تاقە نانێک هەزاران برسی تێر دەکا. شاملو لێرەدا خۆشەویستەکەی کە هەر وەکوو عیسا لە ژێر هەرەشەی زۆردار دایە و هەر بەم هۆیەوە دەبێ بە ئەسپایی ناوی بێنێ، دەکا بە عیسا. خۆشەویستەکەی شاعیر شوڕشگێرە و دەیهەوێ گیان بخاتەوە بەر مردووەکان بۆ ڕزگاربوون لە دەست دەسەڵاتداری سەرکوتگەر. عیسا سیمبۆلی دووبارە ژیانەوەیە. بەڵام شاعیر بیر لەوە ناکاتەوە کە بە کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلە، کۆمەک دەکا بە دووبارە ژیانەوەی سیمبۆلەکە و ژیان دەبەخشێ بە ئایین.

هێمن نەچی بۆ هۆبە
دەنا دەشکێنی تۆبە

(هێمن، شیعری "بەهاری کوردستان"، کۆمەڵە شیعری "تاریک و روون"، چاپی ١٣٥٣، ل ١١١ )

هێمن یەکێک لەو شاعیرانەیە کە زۆر بە کەمی وشە و سیمبۆلی ئایینی لە شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێ. لە دیوانی "تاریک و روون" دا لە یەک دوو جێگادا نەبێ، جێ پێی ئایین هەست پێناکرێ. تۆبە شکاندن وشەیەکی ئایینییە کە خۆی بە سەر زمانی ئەمرۆشدا سەپاندووە. بۆ شاعیر شکاندنی پەیمان و بەڵێنی دەکا بە تۆبە شکاندن؟ هیمن شاعیرێکی ئایینی نەبوو و دیارەهیچ بە خەمی ئەوەوە نەبووە کە نەکا لە دین دەرچووبێت و تۆبەی شکابێت. ئەو تەنیا مەبەستی شکاندنی قەول و پەیمانێکە کە بۆ شکاندن نابێ. ئەو دەزانێ کە جوانی کەنیشکەکانی نێو هۆبە ئەوەندە بە هێزە کە راگرتنی قەولەکە بە تەواوی دەخاتە مەترسییەوە و سنوورەکان دەشکێنێ. بۆیە داوا دەکا کە بۆ بەردەوام مانەوەی بەڵێنی و پەیمانەکەی باشتر وایە نەچێ بۆ هۆبە. نەشکاندنی تۆبە لێرەدا ئێشارەیە بە خۆشەویستی و پەیوەندی ژن و پیاو، کە نابێ تا دوای مارە کران و زەماوەند تەنانەت دەستیشیان وە دەستی یەک بکەوێ. دووپات کردنەوەی "تۆبە" و "تۆبە نەشکاندن" سەرەرای مەبەستی شاعیر، بەها دەدا بەو نرخە.

# بەندەیی و ئایین

ئەوا ئێستەش ئەی سۆفیای رۆح
شیرین
با پێش ئەوەی هەردوو دەستی
دوعاخوازیم هەڵبڕم
روو بکەمە ئارامگەکەی
دیمترۆف
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم،
ستوکهولم ۱۹۹۰، ل ۱۰۹)

لە کڵێسەی ئەڤینتا،
بەندییەکەم گوێڕایەڵ
بە دەم نوێژەوە دەگریم،
دەگریم، دەکروزێمەوە
(حەمە سەعید حەسەن، کۆمەڵە
شیعری"نووسین بە بێ ووشە"، چاپی ئاپێک
ساڵی ۱۹۹۹، ل ۳۵)

لە چی دەچیت؟
کاتێک جەستەت بەرماڵێکە
دەردەکانم دەنێژێت
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوینە و
سێبەر"،سالی ۱۹۹۶، ل ٤٥)

ڕێگایەکان نامبەنەوە بۆ میحرابی
پەیکەرەکانی جوانی
(رەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوینە و
سێبەر"، سالی ۱۹۹۶، ل ۸٦)

لەم شیعرانەی سەرەوەدا هەر سێ شاعیر سەرەرای دووری و نزیکییان لە باری سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە، وەکوو یەک لە سیمبۆلی ئایینی کەڵک وەردەگرن. شاعیر دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوەو دەس دەکا بە دۆعا کردن و پاڕانەوە. دەس بەرزکردنەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی بێ باوەری ئینسان بە هێزی خۆی و سەلماندنی هێزێکی باڵادەست واتە خوایە. کاتیك خۆشەویستی دەخرێتە خانەی ئایینەوە، بەو کارە ئایین بەرز دەکرێتەوە. خۆشەویستی بە هۆی سروشتی بوونی خۆیەوە زۆر لە ئایین ناسراوتر و بە هێزترە. ئایین لە تەواوەتی ژیانیدا دژی خۆشەویستی سروشتی ئینسان بووە و بە هەزار جۆر هەوڵی داوە سەرکوتی بکا و سنووری بۆ دابنێ. کلێسە، کەنیسە، مزگەوت و مەعبەدەکان لەم ڕووەوە جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەڵ یەک نییە و بە یەک ئەندازە دژی ئەڤین بەینی دوو مرۆڤ بوون. ئەڤین و کلیسا بە هیچ سرێشێک بەیەکەوە ناچەسپێن مەگەر ئەوەی کە خۆشەویستییەک کە باسی لێدەکرێ لە گەڵ ئایین جیاوازی نەبێ یان هەر لە چوارچێوەی ئاییندا بگونجی. سەرەتاییترین شەرتی ئەڤین یەکسانییە بەینی دوو ئەڤیندارەکە. عاشق و معشوق دوو کەسن هاوتا، لە یەکدا دەتوێنەوە و دەبنە یەک بێ ئەوەی ئەمیان سەری ئەویان بخوات. لە خۆشەویستی دا بەندەگی نییە، نە عەبد

هەیە و نە مەعبوود.

کلیسا ماڵی خۆشەویستی نییە، ماڵی ئیتاعە و سەردانەواندنە بۆ خوا. ماڵی ترس و هەڕەشە و خورافەیە. نوێژ، بەڵگەی خۆشەویستی نییە بەڵکوو نیشانەی سەردانەواندن و قەبوولی ژێردەستە بوون و دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولای خوایە. نوێژکەر هەموو ڕۆژێ دەبێ دەستەوئەژنۆ ڕاوەستێ و لە خوا بپاڕێتەوە کە ژیانی ڕەش نەکا، تووشی دەردو بەڵای نەکا، نانی لێنەبڕێ، زەلیلی نەکا و نەیخاتە ئاگری جەهەندەمەوە. ئەم ترس و بەندەگییە چۆن دەکرێ لە خۆشەویستی بچوێندرێ و چۆن دەکرێ لەشی گەرمی یار لە بەرماڵ بچوێندرێ، بەرماڵێک کە بۆ ئیتاعەتە، مەگەر ئەوەی کە ئەڤینەکەش هەر وەکوو ئایینەکە فڕی بە ئازادی و یەکسانی ئەڤیندارەکانەوە نەبێ و خوازیاری چۆکدادان و سەردانەواندنی کوێرکوێرانە بێ. حەمە سەعید حەسەن بە جوانی وینەی کڵێسە و ئایینمان دەخاتە بەرچاو. مرۆڤی دیندار، بەندەیەکی گوێڕایەڵە و لە شەوورۆژدا لانی کەم پێنج جار دەچێتە سەر بەرماڵ و دەگری و دەکرووزێتەوە و دەپاڕێتەوە. دیارە کە بە لای دیندارەکانەوە پەیوەندی نێوان دیندار و خوا بەرزترین خۆشەویستییە. قسەی من لە سەر ڕەد کردنەوەی خۆشەویستی ئایینی بە گشتی نییە. ئەوە مافی دیندارەکانە کە هەست و سۆزی ئایینی خۆیان بە خۆشەویستی بزانن. باسەکەی من لە سەر ئەوەیە کە خۆشەویستی ئایینی شتێکە و خۆشەویستی ئینسانی شتێکیتر.

بە شیعرێکی توورەی درێژ
دەیانکەم بە پەڕۆی بێ نوێژ
(حەمە سەعید حەسەن، "بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور"، چاپی ئاپێک سالی ١٩٩٨، ل ٢٥)

لە ڕووی لێشاوی مێگەلی
چەواشەدا
سنووری نێوان شتەکان بەرماڵێکی
بێ نوێژە
*(ڕەفیق سابیر، کۆمەلە شیعری "ئاوێنە و سێبەر"، سالی ١٩٩٦، ل ٨٣)*

لە شیعری سەرەوەدا، نوێژ پیرۆزە و شکاندنی ئەم پیروزییە بە پیسکرانی بەرماڵەکە دێتە کایەوە.کاتێک بەرماڵ بێ نوێژبێ، واتە پیس بێ، نوێژ دەچێ و قەبووڵ ناکرێ. بەڵام شاعیر لێرەدا بە سیمبۆلی نوێژ و بەرماڵ ڕازی نەبووە و بە چاویلکەی ئایین سەیری ژن دەکا. بۆچی چەواشەی بەر هێرشی شاعیر دەبێتە مێگەل؟ چەواشە لە لای مرۆڤی ڕاستی پارێز، دزێوە. مێ و مێگەل لە فەرهەنگی ئایینی و فیودالیدا بێ نرخن. ژن ژێردەستەیە، بە بێ عەقل و نەفام و گێل ناو دەبرێ و پلەی کۆمەلایەتیەکەی نزمە. لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا گەورەترین

بێ حورمەتی کردن بە پیاو، بە ژن چواندنیەتی. "ژن" لە کوردیدا و لە هەموو فەرهەنگەکانی فیودالیدا جنێوە. بە پیاویك بڵێی "ژن"، خوێن بەپا دەپێ ئەگەر پیاوەکە "پیاو" بێ! شاعیریش لێرەدا بۆ هەرچی زیاتر بێ نرخ کردن و نزمتر کردنی "چەواشەکە"، دەیکا بە لێشاوی مێگەلی چەواشە. بەرماڵ بێ نوێژ دەبێ ئەگەر پیسایی وێیکەوێ. ژنیش وەک بەرماڵی بێ نوێژ، لە مانگدا لانی کەم یەک حەوتوو بێ نوێژدەبێ، واتە پیسە! ئایا کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلە کۆن و پیس و دژ بە ژنە، نیشانەی دواکەوتوویی کۆنخوازی نییە؟

ئەی عەشق
ئەی کەنیسەکانی شێتیم لەم
جەنگەڵە فیرعەونیەدا
ئەی بەردەنوێژی بەجێماو لە
جەنگاوەرە شکستەکان
ئەوەی لە ناو تۆدا دەمرێت منم
(بەختیار عەلی، شیعری "عەشق"،
وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

لە سەر خوانی مەی و بە دەم
مەستی عارەقەوە
بە رووتی سوژدەمان برد و
هاوارمانکرد:
وای گوناە چ تەلیسمێکی گەورە و
چ یاخیبوونێکی جوانە
(بەختیار عەلی، شیعری "گوناە"،
وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

عەشق لێرەدا دووبارە ڕێگای کەنیسەی پیشان دەدرێ و سەری پێدادەنوێندرێتە سەر بەردەنوێژ. ئەو عەشقەی کە وەک نوێژکەر دەبێ بە چاوی بەستراوەوە سەرلە بەردەنوێژ بسوێ، عەشق نییە، ئایینە و دژی کەرامەت و حورمەتی ئینسانە وەکوو گیان لەبەرێکی وریا و وشیار.

## خوا و پێغەمبەر

ئەی دۆزەخی خۆشەویستیم
واز لەم ئازارە مەهێنە
ئەو وەرزەی تۆی تیا نەبینم
خواش نابینم
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ل ١٦٩)

پەیامبەرێ بووی
سکاڵای گەرم و هەناسە ساردی
زۆرلێکراوانت
دەگەیاندە خوا.
(حەمە سەعید حەسەن، کۆمەڵە شیعری"نووسین بە بێ ووشە"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٩، ل ٦٥)

سەرمان بە غەیب دەسپارد و لە
بەر نووری خوداوەندا
گوناهەکانمان هەڵدەخست
(ڕەفیق سابیر، کۆمەڵە شیعری "ئاوێنە و سێبەر"، ساڵی ١٩٩٦، ل ٨١)

لە روانگەی مرۆڤی ئایینیەوە خوا دنیای خوڵقاندووە و ئاگای لە عالەم و ئادەمە. خوا ئەو هێزەیە کە دەسەڵاتی بە هەموو شتێک دەشکێ و نەبوو دەکا بە بوون و دەتوانێ هەرچی بوونە لە چاوترووکانێکدا تەفر و توونا کا. خوا نوور و ڕووناکییەو هەرچەن تاریکاییش هەر دەسکردی خۆیەتی. خوا دادپارێزە و بەدکاران سزا دەدا. خوا دەسەڵاتی موتڵەقە و لە سەرووی مرۆڤ و خواست و ویست و ئارەزۆکانی مرۆڤەوە وەستاوە. شاعیر کاتێک خوا وەکوو سیمبۆلی پاکی و دادپەروەری و ڕووناکی و خۆشەویستی لە شیعرەکەیدا دەناسێنێ، وەکوو مامۆستایەکی ئایینی خوا دەکاتە میوانی بیر و زەین و هەستی خوینەرەکەی و بە ئاگا و نابەئاگا ژیانی دووبارەی پێدەبەخشێ. کاتێ شاعیر، مرۆڤێکی شۆرشگێر لە پەیامبەرێک دەچوێنێ کە نالە و هاواری زۆرلێکراوەکان بە خوا دەگەیێنێ، بیر لەوە ناکاتەوە کە پەیامبەر، نوینەرێکی بێ ئیختیاری خوایە، خۆی قسەیەکی نییە و ئەگەر قسەیەکیشی هەبێ نەک بە هۆی ئەو قسانەوە، بەڵکوو تەنیا بە هۆی ڕاگەیاندنی قسەکانی خوا بە مرۆڤایەتییە کە خەڵک ڕووی تێدەکا. کەوابێ چۆن دەکرێ شۆرشگێرێک کە دەیهەوێ دنیا بگۆرێ و خۆی بیرەوانێکە و گیانی خۆی لە سەر

دەست داناوە بۆ رزگاری و ئازادی مرۆڤ، بکرێ بە پەیامبەر و خوا بکرێ بە ئاڵای رۆژی رووناکیەکەی؟

کڵاشەکەم دەخەمە ژێر سەرم و
دەنووم
دەنووم تا پێغەمبەرەکان
زیندوودەبنەوە و کتێبی نوێمان بۆ
دێنن
(بەختیار عەلی، شیعری "ئەی نیشتمان"، ماڵپەری نووسەر)

ئیشی ئێمە فڕینە بۆ بەرزییەکی
هێندە دوور
باڵ سوودی نەمێنێت
لەوێ بە پەنجە خوداکان دەژمێرین
لە ئاورنگی مەلەکوت دەدەین
لە ئاوی قیامەت دەخۆینەوە
(بەختیار عەلی، شیعری "هێرشی کرێکارانی رووناکی"، وەرگیراو لە ماڵپەڕی نووسەر)

ئایا پێغەمبەرەکان دەتوانن کتێبێکی نوێ بۆ مرۆڤایەتی بهێنن؟ کتێبی پێغەمبەرەکان، هەمیشە کەلامی پیرۆزبووە واتە قسەی خوا. قسەی خواش وەک دەزانین بۆ قسە لێکردن نابێ. هەر کەلامێک کە بە پیروز بکرێ، لە سەرسەری مرۆڤ دادەنیشێ و دەست دەخاتە قورگی بۆ سەرپێدانەواندنی. جا ئەو کەلامە چ قسەی کەسایەتییەکی ئایینی بێ، چ کەلامی ئایدۆلۆژیکی گرووپێکی غەیرە ئایینی بێ و چ پرۆگرامی

حزبێکی سیاسی بێت، لە گەڵ بە پیرۆزکردنیدا ئیتر مرۆڤ پارێزی و ئینسانخوازی خۆی لە دەس دەدات و دەمی ئازادی رەخنە و پرسیار و لێکولینەوە دەبەستێ.

لەم شیعرەی سەرەوە دا دلنیام کە مەبەستی شاعیر ئەوە نییە کە ئەو کتێبەی کە قەرارە بێت، کتێبێکی دواکەوتوانە و دژ بە مرۆڤ بێت. بەڵام مۆشکیلەکە لەوەدایە کە هیچ پێغەمبەرێک ناتوانێ کتێبێک بێنێ کە بە سەر خەڵکدا نەبێتە ملۆزم و نەبێتە زنجیرێک لە لاقیاندا. پێغەمبەربوون یەعنی ڕاگەیاندنی فەرمانی دەسەڵاتێکی بەرزتر لە مرۆڤ بە خەڵک. پەیامێکی ئاوەها هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە، پەیامی خالقە بە مەخلووق. لێچواندنێکی ئاوا ئەگەر زۆر خاتریشی بگیرێ، لێچواندنێکی سەقەتە.

کاتێک مەلی خەیاڵی شاعیر باڵ دەگرێ و تا نیهایەتی باڵگرتن باڵ لێدەدا، دیسان دەگاتەوە بە خوا (و خواکان) و بە ئاوی قیامەت تینوایەتی دەشکێنێ. جا ئەوەو کە خواکان بە پەنجەی دەست لە ژماردن بێن جیاوازییەکی ئەوتۆ لە مەسەلە سەرکییەکە دا بەدی ناهێنێ. خوا هەر خوایە، چ تاق و بێ هاوتا بێت و چ چەن دانە شەریکی بۆ دابنرێت. چۆنە کە شاعیر ئاوەها لە سیمبۆلەکانی ئاییینیدا گیر دەکا و ئاسۆیەکی بەری لە دەسەلاتی موتلەق و قیامەت، بەری لە فەرماندەر و فەرمانبەر نابینێ؟ بۆ دەبێ مرۆڤ هەمیشە ئاغایەکی بە سەرەوە بێ؟ ئەوە چ تێڕوانینێکە کە مرۆڤ دەخاتە ژێر رکێفی ئاغا و خوا و پەیامبەرەکانی دەسەڵات؟

## بانگ

وەرنە سەر منارەی دەنگم و
"قەڵای دم دم" ێکی تازە
بخوێیننەوە
(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم، ل ٢٠٣)

دیواری ترس و بێدەنگی درزێکی
گەورەی تێ بووە
نەک کوولەکە، ئێستە بانگ لە
کێودا ئەدرێ.
(هەمان سەرچاوە ، ل ٢٦١)

کەم کەس زانی
هەر هەمان شەو
بانگی شێوان...
(هەمان سەرچاوە ، ، ل ٢٦٩)

لە شیعری "من و هۆنراوە" (هەمان سەرچاوە، ل ٦٩) شاعیر ڕوو دەکاتە "بیلال و بانگی" وەکوو سیمبۆلێک لە شیعرەکەیدا. "بانگ"ی ئیسلامی، بانگەوازی خەڵکە بۆڕاوەستان لە خزمەت خوادا،

بۆ بەڵێنیدانی دووبارە کە غەیر ئەز "ئەڵلا" خوایەکی دیکە ناپەرستن، بۆ پارانەوە و داوای لێبووردنی سەدبارە، بۆ وەبیرخۆخستنەوەی دەسەڵاتی ترسناکی خوا و هێزی بێ پایان و تەفروتوناکەری.

ئەم "بانگە" بانگی ئازادی نییە، بانگی هەڕەشە و زۆرداری و دەسەڵاتە. ئەوەی کە ئەم "بانگە" لە سەردەمی بەر لە بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامدا لە کوولەکەدا لێدەدرا، هیچ جیاوازییەک لە پەیامی "بانگە"کە دا بەدی ناهێنێ. بانگەکە چ ئێستا و چ ئەو کات لە ئینسان دەخوازێ کە سەری بۆ دەسەڵاتێکی بان لە خۆی شۆڕکاتەوە! ئایا پەیامی سەردانەوندن شایەنی بەپیرۆزکردنە؟ سێمبۆلی سەردانەواندن چۆن دەکرێ بە سیمبۆلی شۆڕشگێری دابنرێ؟ لێرەدا ڕووی باسەکە لە مرۆڤی ئایینی نییە کە مافی خۆیەتی ئایینەکەی بە پێروز بزانێ و بە پێی ڕێ و ڕەسمی دیاریکراوی ئایینەکەی ژیانی ڕۆژانەی بەڕێوە ببا. لێرەدا قسە لە سەر سیمبۆلەکانە نەک بۆ ئایینییەکان بەڵکوو بۆ تەواوی کۆمەڵگا کە قەرار نییە ئایینی بێ و لە سەر بناغەی ئایین دابنرێ. حکوومەتی ئیسلامی، مەسیحی، یەهوودی، بوودایی... سیمبۆلەکانیان بە ئاشکرا لە ئایینەکەیانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو هونەرمەندەی کە نە باوەری ئایینی هەیە و نە خوازیاری دەسەڵاتی ئایینی بە سەر ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتیدایە بۆ دەبێ لەو سیمبۆلانە کەڵک وەرگرێ؟

## حەیوان

پیاوانی پووت
کەڵەشێرە بەزیوەکان

(دیوانی شێرکۆبێکەس، بەرگی یەکەم ، ل ٢٥٩)

لە "دارۆغا"
پێشمەرگەکان وەک ڕەوەیەک
بەوری چاوتیژ...
ئەوسا هەر بۆ
پەند و عیبرەت
کلکی چەند جاشێکیان بڕی.
(هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨٦)

سەرانی کوردستان
بەرامبەر یەکتری، ڕەشمارن،
دووپشکن
بەرامبەر داگیرکەر
قالۆنچەن، سیسرکن {.....}
دەنگ دلێر دەخوێنن
کەوئاسا بە لوتکەی چیاوە {.....}
بەرامبەر یەکتری پڵنگی
جەنگەڵن،
بەرامبەر داگیرکەر،

مەیموونی ناوباخی ئاژەڵن
سەرانی کوردستان
شێری ماڵ، ڕێوی دەر
تاژیلەی شکاری داگیرکەر
(حەمە سەعید حەسەن، "دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٨، ل ١٦)

سەرانی حزبەکانی دەسەڵاتداری کوردستانی عێراق بەرلە ساغبوونەوەیان لەر سەر چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و داراییەکانی کوردستان، دوژمنی ئاشکرای یەکتر بوون و هەزاران لاوی کورد لە شەڕی بەردەوامی ئەم دوو هێزە دژی یەک گیانیان لە دەستدا. هەزارن دایکی کورد کۆستیان کەوت و هەررۆژێک سێبەری مەرگ بە سەر دڵی هەزاران کیژ و کوڕدا ترسی دەناشت. لە گەندەڵ بوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو حزبە هەرچی بگوترێ هەر کەمە. ئەو دەرد و بێزاری و نەفرەتەی کە شاعیر لە شیعرەکەی سەرەوەدا دەیدرکێنێ بە تەواوی بەرحەق و رەوایە. ئەو کارەساتانەی کە رابەرانی ئەم دوو حزبە تەنانەت بەر لە ڕووخانی سەددامیش خوڵقاندیان ئەوەندە دڵتەزێنن کە بە گەردوونێک لە ڕق و نەفرەتیش دانامرکێنەوە.

بەڵام حەشەرە و حەیوان چ گوناحێکیان کردووە کە بە ئاگری بەدکاری و مرۆڤکوژی ئەم دوو حزبە بسووتێن؟ بۆچی دەبێ ڕەشمار کە تا ئەوکاتەی ئێمەی مرۆڤ نەچینە سەرریگەی و گیانی خۆی لە خەتەردا نەبینێ هێرش ناکا، تاوانی ئەم دوو حزبە بدا؟ دووپشک کەی بە کەسەوە دەدا تا بە زۆرخۆت بە سەر ماڵیدا نەکێشابێ؟ شێر کەی لە ماڵی خۆیدا لە گەڵ منال و کەس و کاری خۆی ئەو مامەڵەیە دەکا کە هەندێک مرۆڤ تەنانەت لە گەڵ کەس و کاری خۆیان دەیکەن؟ مەیموونی ناو باخی ئاژەڵ چ بەدکارییەک دەکا کە بتوانی بە مرۆڤکوژی و خۆفرۆشی ئەم حزبانەوە بیچوێنێ؟ مەیموون چی لە سیاسەت و بیر وبۆچوون و پلانی ئەم حزبانە دەچێ کە شاعیر ئاوا بەدناوی دەکا؟ رێوی مەگەر دەتوانێ بە جۆرێکی تر لەوەی کە هەیە، رەفتار بکا کە وا سووک دەکرێ؟ بەردی خۆڕانەگری و خۆدۆڕاندنی ئەم دوو حزبە لە مەیدانی خەباتدا بۆچی دەبێ بە رێوی بێچارە دابدرێ کە لە رووی ئەقڵیکی زاتییەوە خۆی لە دوژمنێک نادا کە هێزی پێ نەشکێ؟ کەو چ بکا کە لە قەفەسیان کردووە و بە تەنیا بە خاتری کەوبوونی واتە خوێندنی ئاسایی خۆی گیانی هاوڕەگەزەکانی پێ رەش دەکرێ؟ بۆ نەفرەتی راوچی ناکرێ کە کەوەکەی کردووەتە قەفەس؟ تازە کەوی بێچارەی ناو قەفەس زیندوو مانەوەی خۆی لە گرەوەی خوێندنی دایە. ئەو رۆژەی کە ئیتر لە قاسپە قاسپ بکەوێ هیچ زەمانەتێك بۆ گیانی

خۆێشی نییە.

ئەگەر قالۆنچە نەبووایەن گوو تەواوی دنیای دادەگرت. قالۆنچە وەک ئاوڕوونکەرەوە، بەشێکن لەو گیانلەبەرانەی کە پیسی و پۆخڵەی ناو سروشت دەهاڕن و پاکی دێننە جێگای. بە بڕوای من ئەوە گوناهێکی گەورەیە کە قالۆنچە بەوجۆرە بشەمزێنرێ و سیسرک بە دەنگی تاریکەسەلات دڕی لە داری تاوانی مرۆڤکوژان بدرێ!

# زۆڵ و بیژوو

تۆ باوەڕێکی ڕاڕایت
زێوانی مێژوویەکی بیژوویت
(ڕەفیق سابیر، کۆمەڵە شیعری "ئاوێنە و سێبەر"، ل ٤٨)

بارزانی وەجاخی کوێرە
تا ئەو مابوو پێ میم نموونەی باڵا بوو
ئێستا جیاوازی نێوانی پێ میم و جاش
وەک جیاوازی نێوان شمشاڵ و بلوێرە
بارزانی وەجاخی کوێرە!
(حەمە سەعید حەسەن، "شمشاڵ و بلوێر"، کۆمەڵە شیعری "دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم"، چاپی ئاپێک ساڵی ١٩٩٨)

بۆ دۆزینەوەی مۆری ئایین و کاردانەوەی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا، باشترین شوێن بێ مافی ژن و بێحورمەت کردنی ژن لە کۆمەڵگادایە. ژن ئاشکراترین بەڵگەی نائینسانی بوونی کۆمەڵگای پیاوساڵارە. ئایین و پیاوساڵاری وەها تێکەڵاون کە لە یەک جیاناکرێنەوە. دیارە ئایین بەر لە بە دەسەلات گەیشتنی پیاوسالاری وەکوو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیش هەر هەبوو. بەلام ئایین لە سەردەمی بەر لە پیاوساڵاری لە گەڵ ئایین دوای سەقامگیربوونی پیاوسالاری جیاوازی گرینگیان هەیە. ئایین لە سەردەمی پیاوسالاریدا وردە وردە لە سروشت و خواکانی سروشتی دووردەکەوێتەوە و ڕوو لە خوای تاک دەکات. خواکان دەبن بە خوایەکی تاک و بێ شەریک و نوێنەرەکەشیان لە سەر زەوی دەبێتە پیاو. پیاویش هەر بێ شەریک دەکرێ و دەبێتە ئاغای ماڵ و حاڵ. ئەوە دەسەڵاتی پیاوسالارییە کە ژن لە ماڵ دەپەستێوێ و وەکوو باقی دارایییەکانی پیاو مامەڵەی لە گەڵ دەکات. مەسەلەی میرات و ڕاگرتنی دارایی بنەماڵە لە چوارچێوەی "بنەماڵە" دا، ژن دەکاتە بوونەوەرێکی جێگەی مەترسی کە بۆ متمانە پێکردن نابێ. خوای ماڵ بە هەموو هێز و دەسەڵاتییەوە ناتوانێ لەوە دڵنیابێ کە ئەو باوکی منالەکانە. ئەوە تەنیا دایکە کە لە دایکبوونیدا هیچ شکێک نیە و

تەنیا هەر ئەوە کە بە دلنیایی دەزانێ کێ باوکی منالەکانە. تەنیا ڕێگا بۆ دڵنیایی پیاوسالاری لە بەرە و نەوەی پیاوەکان، بەندکردن و یەخسیرکردنی ژنان، هەم لە چوارچێوەی ماڵ و هەم لە چوارچێوەی جنسیدایە.

ئایین دەبێتە پاسەوانی ئەم زیندانە بە هەرەشەی مەرگ و ئازار لە هەردوو دنیادا، ئەگەر بێت و ژن بە هەڵە بچێت و گوێ بداتە دڵی خۆی و خواستی سروشتی جنسی خۆی. ئایین پارێزەری مافی پیاوە بە سەرژندا، بە سەر سێکسی ژندا، بە سەر ئەدەب و مندالدان و سک و ڕووح و ڕەوانی ژندا. تەنیا ئەو منالانە مافی ژیانیان هەیە کە ئاغای ماڵ لە مندالدانی ژندا چاندوونی! ئایین زۆر بە ئاشکرا چوارچێوەی سیکس بۆ ژن و پیاو دیاری دەکا. پیاو بۆی هەیە هاوکات تا چوار ژنیشی هەبێ. لە بیرمان بێ کە پیاو "ژن دەهێنێ" واتە خاوەنی ژنەکەیە. بەپێچەوانەکەی دروست نییە و ناکرێ. ژن بە شوو دەدرێ بەلام پیاو بە ژن نادرێ. ژن دارایی پیاوە، "ماڵ"ی پیاوە و دیارە کە تەنیا و تەنیا بۆی هەیە بەری شووەکەی بێنێتە دنیا. هەر بەرێکی تر، بە نابەر حیساب دەکرێ و دەبێ لە بار ببردرێ دەنا ژن خۆی سەری تێدا دەچێ.

مندالێک کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایین و باوکسالاری بێتە دنیا، پێی دەگوترێ "زۆڵ"، "بێژوو"، "حەرامزادە". ئەم ناوانە مۆری مەرگی هەمە ڕۆژەن بۆ ئەو منالەی کە هیچ دەسەڵاتێکی نە بە سەر هاتنە دنیای خۆی دا هەیە و نە مافێکی بە سەر چوارچێوە ئایینی و باوکسالارانەکەوە هەیە. منالەکە سەرکوت دەکرێ بۆ شتێك کە مافی بە ئەوەوە نیە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوە دایە.

کاتێک شاعیر لە "بیژوو" وەکوو سیمبۆل بۆ نیشاندانی بەرهەمێکی نارەسەن کەڵک وەردەگرێ، بیهەوێ و نەیهەوێ تەف دەکاتە چاوی منالانی بە ناو "نارەسەن"، منالانێک کە مافی ژیانیان لێ دەستێندرێتەوە چونکە "حەرامزادەن"، چوونکە بە مەیلی خاوەنی ژنەکە نەبوون، چوونکە هەست و ویست و مەیلی ژن مافی هەبوونی نییە. بەکارهێنانی "زۆڵ" و "بیژوو" لە ڕاستیدا تف کردنە لە کەرامەتی ژن وەکوو مرۆڤێکی سەربەخۆ و ئازاد. "بیژوو" یەعنی ژێرپێنانی هەست و خۆشەویستی ژن و سەلماندن و قەبووڵکردنی ئاغایەتی و دەسەڵاتی پیاو بە سەر ژن، بە سەر "خۆشەویستی"، بە سەر سیکس و بە سەر ژیان و ژیاندن دا.

دیارە مێژوو دەتوانێ ساختە و ناراست بێت و شاعیریش بە دلنیاییەوە هەر ئەمەی مەبەستە. بەڵام بە "بیژوو" کردنی مێژوو، بەردێکیش بە جەستەی شەتاڵی خوێنی منالانی خۆشەویستی نەدیتووی زادەی خۆشەویستی دادرێ! بەردێکیش

دەخرێتە سەر دیواری سەر بە ئاسمان کێشاوی ژنکوژی و رەنجەرۆیی ژن.

لە سیستەمی پیاوسالارانە و باوکسالاریدا، تەنیا کوڕە کە دڵخوازە. ئەوە تەنیا کوڕە کە دەتوانێ بەر لە کوژانەوەی مەشخەڵی نەوەی باوک بگرێ. ئەوە کوڕە کە ئاڵای باوکسالاری لە باوکەوە بە میرات پێدەگات. ماڵی بێ کوڕ، ماڵی بێ ئاڵا و بێ مەشخەڵە. ماڵێکی تاریکە و لە سەرەولێژی مەرگدایە. ماڵ و خانەدانی بێ کوڕ، بێ وەجاخە، بێ ئاگرە! لە خۆڕانییە کە خەڵک بە خێرخوازییەوە بە ژنی مێردکردوو دەڵێن:"بە دایکی کوڕان بی" یان بە پیاو دەڵێن: "بە باوکی کوڕان بی". لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا، لە هیچ شوێنێکی دنیادا، نابیستی بڵێن: "بە دایکی کچان بی"، یان بڵێن: "خوا کچت لێ نەستێنێ"! ژن وکچ لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا نە نرخیان هەیە و نە شایانی ئەوەن جەرگیان بۆ بسووتێنی. ئەگەر بێت و خوا بیانباتەوە، زەرەدێکی گەورە نییە! ئەوەی جێگەی پڕناکرێتەوە، کوڕە. کوڕ ئاگری بنەماڵەیە. کوڕ تەنیا زامنی بەردەوامبوونی نەوەی پیاوە! هەربۆیەش دەڵێن بنەماڵەی بێ کوڕ "وەجاخی کوێرە"، واتە ئاگردانەکەی کوژاوەیە!

هەر کەسێک مافی خۆیەتی هەزار رەخنەی لە بارزانی، تاڵەبانی، بووش، و هەر مرۆڤێکی باش و ناباش، هەبێ. بەڵام ئەو رەخنەیەی کە بە نێوی "وەجاخ کوێرییەوە" دەخرێتە پاڵ بارزانی، بەردەکەی بەر لە بارزانی و کورەکانی بارزانی، ژن دەئەنگێوێ. "بارزانی وەجاخی کوێرە" یەعنی کوڕەکانی بارزانی، کوڕ نین! واتە ژنن! وەجاخی کوێر و ئاگردانی کوژاوە لە کۆتاییدا دەبێ بە ژن. بارزانی بە وتەی شاعیر کوڕەکانی ژنن. ژنیش لە فەرهەنگی پیاوسالارانەدا وەکوو دەزانین هیچ و پووچ و بێ قیمەت و بێحورمەتە. مەبەستی شاعیر لە شیعرەکەیدا جنێودانی راستەوخۆ بە ژن نییە بەڵکوو بەدناوکردنی کوڕەکانی بارزانییە. موشکیلەکە لەوەدایە کە "ژن" خودی جنێوەکەیە و تف لە ژن دەکرێ!

## زەوتکردن

وڵات منداڵێکی برسییە
لە پێکەنین و گڕو گاڵ کەوتووە...
بێوە ژنێکە
پیاوێک و شاعیرێکی دەربار
پێکەوە زەوتی دەکەن
(رەفیق سابیر، کۆمەڵە شیعری ئاوێنە و سێبەر، ل ٦٨)

لە روانگەی پیاوسالارییەوە ژنی بەرێز و بە حورمەت ئەو ژنەیە کە

خاوەنی هەیە. ژنی بێ شوو قەدر و قیمەتی دەشکێ و نرخی کۆمەڵایەتی دەسبەجێ دادەبەزێ. "بێوەژن" لەو فەرهەنگەدا مڵکی بێ ساحەبە، زەوی بێ پەرژینە و هەرکەسێ بیهەوێ دەتوانێ خۆی بە سەردا بکێشێ و لەززەتی لێ ببات. لەو فەرهەنگەدا ئەوە تەنیا ماڵ و مڵک و داراییە کە زەوت دەکرێ. لە روانگەیەکی ئینسانییەوە زەوت کردن هەر زەوت کردنە سەرەڕای جنسیەتی خاوەنەکەی. بەڵام لە کولتوری پیاوساڵاریدا زەوتکردنی پیاو هەبوونی نییە. نەک بەهۆی ئەوەی کە هیچ پیاوێک لە مێژووی ئەو فەرهەنگەدا زەوت نەکرابێ بەڵکوو بە هۆی ئەوەی کە پیاو بۆ زەوتکردن نابێ! پیاو سیمبۆڵی دەسەڵات و هێزە. دەسەڵات نابێ لە زەوتکردن بێ دەنا ئیتر دەسەڵات نییە. هەربۆیەش گەورەترین بێ حورمەتی لەو فەرهەنگەدا زەوتکردنی "ژن"ی کەسێکە. بێ حورمەتییەکەش کەمتر دەگەڕێتەوە سەر سووکایەتی بە گیان و لەش و رووحی "ژنە"کە خۆی، بەڵکوو دەست درێژی کردنە بۆ "ماڵ"ی پیاوێک. دەستدرێژی کردنەکە بە مانای هیچ و پووچ بوونی پیاوەکەیە کە نەیتوانیوە، "ماڵەکەی" بپارێزێ!

ئەو شاعیرەی کە وڵات دەکا بە بێوەژن و بە پیاوێکی دەربار بە زەوتکردنی دەدات، خۆی چرای سەوزی زەوتکردن و بێ قیمەت کردنی ژن دادەگیرسێنێ. "ژن" لەو شیعرەدا، مرۆڤێکی پلە نزمە، چون بە پێوانەی پیاوسالاری هەڵدەسەنگیندرێ. ژنی بێوە، ژنی بێ ساحەب، واتە ژنی لە ژن کەمتر! هەر وەک لە پێشتردا وترا، لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا "ژن" خۆی جنێوە، چونکە نرخی کۆمەلایەتییەکەی لە نزمترین ئاست دایە. کاتێک شیعرەکەی سەروە بە زمانی سیمبۆلەکانی پیاوسالاری و ئایینەوە دێتە قسە کردن، کەمترین کارێك کە دەیکات گیانبەخشینی دووبارەیە بە فەرهەنگی دژ بە ژن.

هەروەک وترا، فەرهەنگی پیاوسالار و ئایینی، زمان و سیمبۆلی تایبەت بە خۆی هەیە. بەکارهێنانی سێمبۆلەکانی فەرهەنگی دژ بە ئینسان بە گشتی و دژ بە ژن بە تایبەتی، شیاوی ئینسانی ئەمرۆ نییە. کەڵک وەرگرتن لەو سیمبۆلانە بیحورمەتی کردنە بە مرۆڤ و دەبێتە هۆی درێژەپێدان بە تەمەنی ئەو سیمبۆلانە و نرخە نامرۆڤانەکان. پاڵاوتنی زمان لە ووشە و سیمبۆلی کونەپەرستانە یەکێک لە ئەرکەکانی نووسەران و هونەرمەندانی پێشرەوە. دیارە ئەو ئەرکە لە پلەی یەکەمدا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی سیاسی. بەڵام ئەوە لە بەرپرسبوونی پێشرەوانی کۆمەڵگا بە گشتی و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند بە تایبەتی کەم ناکاتەوە.

❁

# دەستەمۆی دەستەمۆکردن

*باسێک لە سەر*
*ڕۆڵ و دۆخی پیاو لە کولتووری شەرەف - و ناموسخوازیدا*

**دێڤین ڕێکسوید**

## پوختەی باس

*ئەمڕۆ لە ئاستی جیهاندا پرسی زەبروزەنگ و کوشتن بە پاساوی پاراستنی ناموس لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێ. سەرنجی سەرەکی ئەم توێژینەوەش دۆخی قوربانیانی ژنی زەبروزەنگی ناموسی بووە. ئەو ڕاستییە کە پیاویش گیرۆدەی هاوسەرگیری زۆرەملی دەبن یا لە لایەن کەسوکاری ئەو ئافرەتەی پەیوەندی بەر یا بەدەر لە ژیانی هاوبەشیان هەیە، دەکەونە بەر هەڕشە و ئازار و کوشتن یا ناچار دەکرێن کەسوکاری مێینەی خۆیان سزا بدەن، لێکۆڵینەوەی کەمی لە سەر کراوە. بە تایبەت ڕۆڵی دەبڵی پیاو وەک قوربانی و تاوانکاری کولتووری ناموسی پێویستە بخرێتە بەر ڕەخنە و شیکردنەوەی تیۆریک. بەو مەبەستە ئەم وتارە چەمکەکانی پیاوەتی، ناموس و شەرم لە کولتووری ناموسیدا دەداتە بەر باس و شیکردنەوە. پاشان دواباسێک دەکرێ لە سەر چەند وەرچەرخانێکی مێژوویی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا کە کاریگەرییان دانا لە سەر گۆڕینی ڕۆڵی پیاو لە خێزان و کۆمەڵگادا و دەوریان بوو لە دابڕینی پیاوەتی و شەرەف لە لەش و جنسییەتی کەسوکاری مێینەی پیاو. وتارە کە بە هەڵوێستەیەک لە سەر ڕۆڵی دایک و سیستەمی پەروەردە لە ڕیفورمیزە کردنی پیاوەتی لە کولتووری ناموسیدا کۆتایی پێدێت.*

## دەستپێک

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان لێکۆڵینەوە لەسەر زەبروزەنگ و کوشتن بە پاساوی ناموس دەکرێت بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ئەم دیاردانە و دۆخی قوربانییەکان، هەروەها بۆ پەیبردن بە چۆنێتی

گۆڕینی دابونەریت و بیروڕای ئەو کەسانەی تاوانی نامووسیی دەکەن ( Bredal, 2011; Cindoglu, 1987; Erdreich, 2006; Khan, 2006; Mitra, 2013; Parla, 2001; Rexvid & Schlytter, 2012; Schlytter & Rexvid, 2013; Sen, 2005; van Eck, 2003; Vincent, 2006; Wikan, 2003; Xiao, 1989 ). لە دە-پازدە ساڵی ڕابردوودا پاش چەندین کوشتنی نامووسیی سەرنجپێدراو، لێکۆڵینەوە لەسەر شەرەف و نامووس بوون بە یەکێک لە داغترین باسە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا. لە سوید دوای کوژرانی چەند کچێکی پەنابەر لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای ٢٠٠٠دا ، کە لەوانە لایەنی کەم دووانیان کورد بوون (فادیمە شاهیندال و پێلا ئەترووشی)، تا چەند ساڵێک تەوەرەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان هەلومەرجی ژیانی پڕ لە سەرکوتکردن، توندوتیژی و ستەمی جنسی کچانی ڕەبەنی * پەنابەر بوو.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا کوژرانی کوڕێکی گەنجی ئەفغان لەلایەن بنەماڵەی دەزگیرانەکەیەوە، کە ئەوانیش هەر ئەفغان بوون، وردە وردە بوو بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاخافتن و توێژینەوەی ئاکادیمی لەسەر هەلومەرجی کوڕ و پیاو لە کولتووری نامووسیدا. دواتر کوژرانی ژنێکی گەنجی کورد بە ناوی ژیان سوبحی عوسمان لە ساڵی ٢٠١١دا ، سەرنجی کۆمەڵگای سویدی بۆ دۆخ و ژێردەستەیی ژنی هاوسەردار لە کولتووری نامووسیدا ڕاکێشا. جیا لە باس و مشتومڕ لەسەر دۆخی کچ، ژن و پیاو، ئێستە شاهیدی وردبوونەوەیەکی ڕوو لە گەشەین لە دۆخی منداڵانیشدا بەگشتی و بەتایبەت شکڵ و شێوەی بارهاتن و بەکۆمەڵایەتیبوونیان لە کولتووری نامووسیدا. ( Schlytter & Rexvid, 2013)



هەروەها ئەمڕۆ لە ئەنجامی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر چەمکی شەرەف، ڕادەی زانیاری لەسەر شێوازە جیاوازەکانی زەبروزەنگی نامووسی بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە. ئەمڕۆ دەزانین کە پاراستنی کولتووری نامووسی لە ڕێگەی ”بە مێرددانی منداڵ“، هاوسەرگیریی زۆرەملێ، ناچارکردنی

* ڕەبەن: - وشەی ڕەبەن و سەڵت لە کوردیدا بۆ پیاوی بێ هاوسەر بە کاردێن. بێ هاوسەری مرۆڤی مێینە بە کچ یا بێوەژن ناوی لێ دەبردرێ. لەم نووسراوەیەدا ڕەبەن بۆ مێینەی بێ هاوسەریش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

نیشاندانی کچێنی، (باکیرەبوون) لە کاتی هاوسەرگیرییدا، تێستی داوێنی ژن بۆ سەلماندنی "باکیرە نەبوونی"، دروونەوەی نەشتەرگەرییانەی کچێنی (پەردەی بەکارەت)، خەتەنە و هەڵاواردنی فیزیکی و کۆمەڵایەتی ژن و پیاو لە ڕووبەری تایبەتی و گشتیدا، ئەنجام دەدرێت. شایانی جەخت لەسەر کردنە کە تەوەرەی توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر شەرەف زیاتر دۆخ و گیرۆدەیی کچ و ژن بووە. لایەنێکی زەبروزەنگی نامووسی کە کەمتر مشتومڕ و توێژینەوەی لەسەر کراوە، دەور و نەخش و گیرۆدەیی کوڕ و پیاوە لە کولتووری نامووسیدا ( Rexvid & Schlytter, 2012; Schlytter & Rexvid, 2013). بۆیە ئەم وتارە سەرنجی سەرەکی لەسەر دۆخ و ڕۆڵی پیاوە لە کولتووری نامووسخوازدا چونکە تێگەیشتن لە هەلومەرجی پیاو، دەتوانێ تێگەیشتن لەو سیستەمە بەهایی و ئەرزشییە کە کولتووری نامووسی لەسەر دامەزراوە، قووڵتر و هەمەلایەنەتر بکاتەوە.

## مەبەست

مەبەستی سەرەکی ئەم وتارە باسکردنی ناوەڕۆکی چەمکەکانی پیاوەتی، شەرەف و شەرم/ سووکایەتییە. ئەمەش پێویستی بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا هەیە لە مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەکانی پیاوەتی و شەرەف. مەبەستی دووهەمی وتارەکە بریتییە لە هەڵویستەیەک لەسەر ئەگەر و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕ بەسەرداهێنانی پیاوەتی لە کولتووری نامووسخوازدا لەژێر تیشکی ئەو گۆڕانکارییانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەر دیاردەی پیاوەتیدا هاتوون.

## ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی توێژینەوە لەسەر پیاوەتی و شەرەف

مێژووی توێژینەوە لەسەر چەمکی پیاوەتی، بەپێی پێداچوونەوەی توماس یوهانسون و یاری کوسمانێن، Johansson & Kousmanen 2003 دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوە فێمینیستییەکانی شەستەکان و حەفتاکان کە دیاردەی پیاوەتی و پەیوەندی نێوان ژن و پیاویان دایە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە.تەوەرەی سەرەکیی باسەکان لەو سەردەمەدا بریتیبوو لە باڵادەستیی پیاو و ژێردەستەیی ژن و هەروەها زەبروزۆری پیاوانە لە قالبی شەڕ، تاوانکاری، ژن ئازاری، دەستدرێژی سێکسی و کڕینی سێکس لە ژنی لەشفرۆش. لە هەمان کاتدا شێوەی ژیانی پڕ زەڕی پیاوان بۆ خۆشیان خرایە بەر باس؛ بۆ نموونە ئەوەی کە پیاوان لە ئەورووپا

تەمەنیان لە ژنان کورتتر، ڕێژەی خۆکوشتن و بەکارهێنانی ئەلکوهۆل و دەرمانە هۆشبەرەکان لە ناویاندا بەرزتر بوو. هەتا هەشتاکان تیۆری ڕۆڵەکان role theory باوترین و زاڵترین چوارچێوەی تیۆریک بوو بۆ مشتومڕکردن لەسەر پیاوەتی، ژنایەتی و زایەند و جێندەر gender/sex.

جۆزێف پلێکی Joseph Pleck دەروونناس یەکێکە لە ڕێچکە شکێنەکانی توێژینەوە لەسەر پیاوەتی. ئەو کەموکورییەکانی تیۆری ڕۆڵەکان، بەتایبەت تێگەیشتنی یەکلایەنانە و پێوانەیی/ میعیاری normative ئەم تیۆرییەی بۆ جێندەر و پیاوەتی، دایە بەر ڕەخنە و بناغەی پرۆگرامێکی ئەڵتەرناتیڤی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر پیاوەتی داڕشت. ئەم پرۆگرامە سەرنجی سەرەکی لەسەر چۆنێتی شکڵگرتنی پیاوەتی بوو. لە هەشتاکاندا جەخت لەسەر ئەوە کرا کە پیاوەتی بخرێتە ناو چوارچێوەی بیرۆکەیەکی مێژوویەوە بۆ خەوشاندنی وێنەی نەگۆڕ static نامێژوویی دیاردەی پیاوبوون. لێکۆڵینەوە لەسەر پیاوبوون لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا ڕووی کردە توێژینەوەی بێمەرج لەسەر پیاو وەک بوونەوەرێکی جنسی. نووسراوەکانی Carrigan, Connell & Lee 1995 Kimmel 2012, دەکەونە زومرەی هەوڵە سەرەتاییەکانی بە مێژوویکردنی چەمکی پیاو و پیاوبوونەوە.

مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەر شەرەف و ناموس تا ڕادەیەکی زۆر نادیارە. زۆربەی زۆری ئەو کارە ئەکادیمییانەی کە لەسەر دیاردەی شەرەف لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست تا سەدەی هەژدە کراون، لە دەوری دیاردەی دوئێل duel لەناو توێژی ئەریستۆکراتی ئەورووپا پەنگیان خواردۆتەوە. مێژووی توێژینەوە لەسەر شەرەف لە ئەورووپای مۆدێرن، وڵاتانی دەوروبەری دەریای مەدیتەرانە، بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی باکوور و شاخی ئەفریقادا، دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکان. زۆرێک لە سەرچاوە کلاسیکەکان لەو بوارەدا بە قەڵەمی سۆشیال ئانترۆپۆلۆژەکان نوسراون. بەرهەمەکانی Block, 2001; Campbell, 1964; Delaney, 1982; Giant, 1979; Gilmore, 1987; Peristiany & Pitt-Rivers, 1992; Safilios-Rothchild, 1969; Stewart, 1994; Wikan,2003 لە ڕیزی کاری ئەکادیمی کلاسیکدان.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەی پیاوەتی لەلایەکەوە جگە لە پرسی دوئێل زۆر بەدەگمەن وردبۆتەوە لە چەمکی شەرەف و پەیوەندی ئەو لەگەڵ پیاوەتیدا. لە لایەکی تریشەوە توێژینەوە لەسەر چەمکی شەرەف زۆر بەکەمی و لە باشترین حاڵەتدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئاوڕی لە

دیاردەی پیاوەتی داوەتەوە Rexvid, 2007.

## چەمکی پیاوەتی

دوای ئەم کورتە ئاوڕە لە مێژووی توێژینەوە لەسەر دیاردەی پیاوەتی و شەرەف، کاتی ئەوەیە کە بەکورتی و بەگشتی مانای چەمکەکانی پیاوەتی و شەرەف شیبکرێنەوە. پیاوەتی لە ئایدیاڵی کۆمەڵگای هەرەوەزی "کچی باکیرەیە" وەک بنەمای پیاوەتی لە کاتێکدا پیاوەتی لە کۆمەڵگەی تاکگەرادا لە بەکارەت ترازاوە یا دابڕاوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی هەرەوەزییەوە، کۆنترۆڵ یا دەسبەسەرداگرتنی کەسوکاری مێینە شەرەف و پلەی کۆمەڵایەتی پیاو بەهێزدەکا لە حاڵێکدا کردەوەیەکی لەو چەشنە مایەی شەرمەزارییە بۆ پیاو و



وێنە: 3mil.org

پلەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای تاکگەرادا دادەبەزێنێ Ekenstam,1998 ; Appiah, 2010.

ئەگەر لە کۆمەڵگای هەرەوەزیدا خۆبەختکردن بۆ کەسوکار و هۆز لەپێش بە دیهێنانی حەز، ئاوات و پڕۆژەکانی ژیانی تاکەپیاوە، لە کۆمەڵگای هەرەوەزی و تاکگەرادا individualist مانای جیاوازی هەیە. لە کۆمەڵگای هەرەوەزیدا جەخت لەسەر وابەستەیی تاکەپیاو بە کەس وکارییەوە دەکات لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگای تاکگەرادا جەخت لەسەر سەربەخۆیی تاکەپیاو دەکات. هەروەها

کۆمەڵگای تاکگەرادا بەدیهێنانی ئاوات و پرۆژەکانی تاکەپیاو بنەڕەتییە نەک خۆبەختکردن بۆ کەسوکار و هۆز. جیاوازییەکی تر لەنێوان تێگەیشتنی ئەو دوو کۆمەڵگایە بۆ پیاوەتی ئەوەیە کە تاکەپیاو لە کۆمەڵگای هەرەوەزیدا مافی خۆی نییە بەڵکوو جێگەی تایبەتی خۆی هەیە لە بنەماڵە و هۆزدا. گوێڕایەڵی، ملکەچی ئۆتۆریتە بوون و وەفاداری و پاکی بەرلە مافی تایبەتی تاکەپیاون. بەڵام لە کۆمەڵگای تاکگەرادا بەپێچەوانە مافەکانی تاکەپیاو لەبەرتر و قوورسترن لە ئەرک و ئەمەکناسی کوێرانە بۆ دەورووبەر. وەک دوایین جیاوازی دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە کۆمەڵگەی هەرەوەزیدا هەست بە شوورەیی کردن و سووکایەتی، هاوکات لە گەڵ ڕا و بۆچوونی دەوروبەر، دەبنە ڕێپیشاندەری ئەخلاقی تاکەپیاو. بەڵام لە کۆمەڵگەی تاکگەرادا ئەوە هەستی بەرپرسیارییەتی تاکە پیاو خۆیەتی کە دەبێتە ڕێپیشاندەری ئەخلاقیی تاکە پیاوەکە.

لێرەدا پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە ئەم وتارە نە کورتەیەک لە پێناسە جیاوازەکان دەخاتەڕوو نە قامک دەخاتە سەر خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئەو پێناسانە. ئەوەی کە بۆ مەبەستی ئەم وتارە گرنگە پێناسەیەکی مینیماڵی minimal تەکنیکییە کە Connell، 1995 لە چەمکی پیاوەتی دەیکا.

بەبڕوای Connell پیاوەتی پەیوەستە بە کۆمەڵێک چاوەڕوانی کۆمەڵگاوە لە تاکەپیاو و پیاوان بەگشتی. ئەو پیاوانەی کە ئەم چاوەڕوانییە تایبەتانەی دەوروبەر بەجێدێنن و پەیڕەویان دەکەن لەلایەن کۆمەڵگاوە وەک پیاو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ڕێزی تایبەت بە پیاویان لێدەگیرێت. بەپێچەوانەوە، ئەو پیاوانەی کە لە چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا لادەدەن یان دەیانخەنە ژێرپێ، وەک ژن، ناپیاو یا هۆمۆسێکسوال سەیریان دەکرێت و ڕێزی تایبەت بە پیاویان لێناگیرێت Connell, 1995, Kimmel & Aronson, 2008. پێویست بە وتنە کە ئەم چاوەڕوانیانە نە نەگۆڕ و تاهەتایین، بەڵکوو بەپێی کەلتوور و قۆناغی مێژوویی جیاواز دەگۆڕدرێن. بۆ وێنە ئەو تایبەتمەندی، ڕۆڵ و چاوەڕوانییانەی کە لە سەدەی حەڤدەدا لە سوید بەردی بناغەی پیاوەتییان پێکدێنا زۆر جیاوازن لە چاوەڕوانی سویدی هاوچەرخ لە پیاو و پیاوەتی. هەروەها جیاوازی دەبینین لە نێوان تێڕوانینی وڵاتە سکاندیناڤییەکان و وڵاتانی باشووری ئەورووپا، وەک ئیتاڵیا و ئیسپانیا، سەبارەت بە پیاوەتی و شەرەف. هەر بەو شێوەیە دیدی کۆمەڵگا بۆ پیاوەتی و شەرەف دەگۆڕدرێ، بەستە بەوەی کە کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی ئیندیڤیدوالیزم دامەزرابێ یا کۆلێکتیڤیزم.هەموو

باروودۆخێکی تایبەتی مێژوویی و کولتووری دیدێکی زاڵ بۆ پیاوەتی یا بە وتەی Connellپیاوەتی زاڵ یا باڵادەست Hegemonic masculinity بەدەستەوە دەدات و مەشرووعییەتی پێدەدات. پیاوەتی زاڵ ئاماژە بە پێکهاتەیەک لە کرداری جنسی Connell, 1995 دەکا کە وەڵامی پەسەندکراو بە پرسی مەشرووعییەتی پیاوسالاری دەدات و بەو شێوەیە باڵادەستی پیاو و ژێردەستەیی ژن مسۆگەردەکات. لە کاتێکدا پیاوەتی زاڵ لە کۆنتێکستی context مۆدێرندا لە بەکارەت ترازاوە Khan, 2006، چاوەڕوانی پیاو کە دەبێ هاوسەری داهاتووی و کەسوکاری مێینەی باکیرە و "بوخچە ی نەکراوە بن"، بەردی بناخەی پیاوەتی زاڵە لە کولتووری نامووسیدا Khan, 2006; Schlytter, Högdin, Ghadimi, Backlund & Rexvid, 2009a; Schlytter, Högdin, Rexvid, 2009b.

## چەمکی شەرەف

دوای ئەم پێناسە مینیماڵیستییەی دیاردەی پیاوەتی جێی خۆیەتی کە بە هەمان شێوە پێناسەیەکی کورتیش بۆ چەمکی شەرەف بکرێت. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، کاری ئەکادیمی تیۆری و مەیدانیی empiric لەسەر دیاردەی شەرەف ژمارەیان فراوانە.

لێرەدا ئەوەی کە بەبڕوای من کاکڵی ئەو توێژینەوانەیە بەکورتی باس لێدەکەم. بەڵام سەرەتا پێویستە چەند جیاوازییەک لە نێوان دیدی کۆمەڵگەی هەرەوەزی و تاکگەرادا بۆ دیاردەی شەرەف زەق بکرێنەوە.

لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە زەبروزەنگی نامووسی یا تیژینواندن بە پاساوی پاراستنی شەرەف، لە لایەنی ئەخلاقییەوە شێوازێکی چەوت و هەڵەی پراتیزەکردنی شەرەفە Appiah, 2010; Schlytter & Rexvid, 2013. لە کۆمەڵگەی هەرەوەزیدا تەنیا پیاو خاوەن شەرەفە. تەنیا کاریگەرییەکی چالاک کە ژن دەتوانێ لەسەر شەرەفی دانێ ئەوەیە کە خەوشداری کا بۆ کەسوکاری نێرینەی. لە کۆمەڵگەی تاکگەرادا ژنیش وەک پیاو بە خاوەن شەرەف دەزانرێت و بەو جۆرەش حیساب بۆ خۆی دەکات. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە شەرەف لە کۆمەڵگەی تاکگەرادا بە مانای ناوبانگی باش دێت لەسەر بنەمای کەسایەتی باشی سەلمێندراو ibid.

لە کۆمەڵگای تاکگەرادا لە سەدەی شازدە بەملاوە جەخت لەسەر شەرەف و ناوبانگی تاکەکەس کراوەتەوە بەو مانایەی کە هەستی بەشەرەفبوونی خودی تاکەکەس لای خۆی گرنگتر بووە لە بەرپرسیارێتی ئەو بەرامبەر بە شەرەف و ئابڕووی بنەماڵە و هۆزەکەی. لە دەوڵەتە یاسایییە

تاکگەراکاندا بێڕێزکردن یا تۆمەتی شەرەف-شکاندنی کەسێک لە یاسادا ڕێکخراوە. لە کۆمەڵگای هەرەوەزی نامووسخوازدا کە دەوڵەت لەسەر بنچینەی یاسامەندبوون دانەمزراوە و لاوازە، ئەوە دەوڵەت و دادگا نین کە کەیسی شەرەف-شکاندن و تۆمەتلێدان ڕادەپەڕینن و لێیدەکۆڵنەوە، بەڵکوو ئەو کەسە یا کەسانەی سووکایەتییان پێکراوە یاسای تۆڵەسەندنەوە پەیڕەودەکەن و زۆرجاریش لەبەر چاوی پۆلیس و دادگادا. شەرەف وەک دانپێدانانی کۆمەڵگا بە مافی پیاودا کە ئەو وەک پیاوێکی بەشەرەف، یانی پیاوێک کە کەسوکاری مێینەی کۆنترۆڵ دەکا، شایانی ڕێزلێگرتنە لە کۆڕی پیاواندا، هاوکات بە مانای پێشێلکردنی ئازادی، سەربەخۆیی، سەروەری، کەرامەت و بوونی existence کەسوکاری مێینەی پیاوە. لەو ڕووەوە ئەوەی کە لە کۆمەڵگای نامووسخوازدا وەک مافی پیاو دەسەلمێندرێ، لە کۆمەڵگای یاسامەنددا وەک تاوان یا کردەوەیەکی دژبە یاسا سەیردەکرێت Appiah, 2010; Ekenstam, 1998 .

شەرەف وشەیەکی عەرەبییە بۆ وەسفی خەسڵەتی پیاوانە کاتێک پیاو ئازایەتی، ڕاستگۆیی، بڕواپێکراوی، دڵفراوانی و تایبەتمەندی تری باشی لەم چەشنە نیشاندەدات بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکا یا بیپارێزێ Abu Zeid, 1965; Peristiany & Pitt-Rivers, 1992; Rabia, 2011; Wikan, 2003. زمانی عەرەبی شەرەف جیادەکاتەوە لە عەرد. لە کاتێکدا کە شەرەف خەسڵەتی پیاوانەی وەک غیرەت، بڕواپێکراوی، ڕووڕاستی و توانای پیاو بۆ پاراستنی سامان و موڵکوماڵی لەخۆ دەگرێ، عەرد هێمایەکە بۆ کەسوکاری مێینەی پیاو کە دەستیان لێنەدرابێ و ئەزموونی جنسی بەر یا بەدەر لە هاوسەرگیرییان نەبێت. بە وتەی ڤان ئێک van Eck, 2003 تورک و کورد و فارس بە شێوەیەکی هاوچەشن شەرەف و نامووس لێکهەڵداوێرن. نامووس لای کورد و تورک و فارس بە مانای بەکارەت، دوورەپەرێزیی و پاکی جنسی بەکاردێت لە حاڵێکدا شەرەف هەر بەو مانایە کە پێشتر هێمای پێکرا، کەڵکی لێوەردەگیرێت. شەرەف وەکوو پرس، پەرۆش، بەرژەوەندی، گرفت، ژانەسەر و کێشەیەکی پیاوانە لەم وتارەدا بە واتای سیستەمێکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێک پێوانە norm و بەها value بەکاردێت، سیستەمێک کە بەردی بناغەی بریتییە لە کۆنترۆڵی پیاو بەسەر جنسییەت، جەستە و ڕەفتاری سێکسی، کۆمەڵایەتی و سیمبۆلیکی ژندا Cindoglu, 1997; Commaraswamy, 2005; Gilligan, 1997; Khan, 2006; Parla, 2001; Safilios-Rothcild, 1994; Sen, 2005 .

شەرەف باسی هەستارییەکی بێسنووری پیاوە کاتێک هەست بەوە دەکا کە شەرمەزارکراوە یا

سووکایەتی پێکراوە. ئەم هەستیارییە بەهێزەیە کە زۆرجار دەبێتە هۆ و هاندەری پیاو کە ئەو کەسانەی شەرمەزاریان کردوە یا سووکایەتیان پێکردوە، شەرمەزار بکات یا سووکایەتییان پێبکات. هەروەها شەرەف خەڵاتێکە کە لە کۆمەڵگای ناموسخوازدا دەبەخشرێ بە پیاوی لێهاتوو لە بواری هێزنواندن، ویست داسەپاندن و دەستەمۆکردنی ئافرەتانی بنەماڵە و دوور ڕاگرتنی ئەو پیاوانەی دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ ژنانی بنەماڵەوە سووکایەتی و بێئابڕوویی بەباربێنن Blok, 2001; Safilios-Rothchild, 1969; van Eck, 2003.

شەرەف بکەر یا سوبژەبوونی subjectivity پیاو بەهێزدەکا بەو مانایە کە پیاو هەر لە تەمەنی منداڵییەوە هاندەدرێت کە خۆی بڕیاردەری ژیانی بێت و لەباری ئە خلاقییەوە بەرپرسی ئاکامی چاک و خراپیی کردارەکانی خۆی بێت. ئەوەی کە کوڕ و پیاوی گەنج بەهۆی بوونی باڵابەندی hierarchy تەمەنەوە فەرمانبەر و گوێڕایەڵی پیاوی دەمڕاست و ڕیشسپی بنەماڵە و هۆزن، ئەم ڕاستییەی هەستپێکردنی پیاو بە سوبژەبوون subject کاڵناکاتەوە. بەپێچەوانەی دۆخی پیاوەوە، شەرەف هەستی سوبژەبوونی ژن نەک تەنیا لاواز بەڵکوو کاولدەکات لەو ڕووەوە کە ژن لە کولتووری خێڵەکی و ناموسیدا وەک

بوونەوەرێکی ئەخلاقی سەربەخۆ کە توانای هەڵاواردنی چاک و خراپی بێت، سەیرناکرێت و سوبژەبوونی ئەو ناسەلمێندرێت. ئەم تێڕوانینە بە ژن وەک بوونەوەرێکی نەبەگە و/ یا ناکامڵ، یەکێک لەو پاساوانەیە کە پیاو لە کۆمەڵگای ناموسخوازدا کەڵکی لێوەردەگرن بۆ بەڕەواکردنی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ژندا van Eck, 2003; Wikan, 2003.

هەندێک توێژەری تر وشەی کۆدێکسی شەرەف honour codex بەکاردێنن بۆ ڕوونکردنەوەی بڕبڕەی پشتی کولتووری ناموسی و کۆمەڵگای شەرەفخواز Stewart, 1994; Wikan, 2003. کۆدێکسی شەرەف لە ژمارەیەک یاسا و ڕێبازی ڕێنمایانەی ڕەوشتی پێکهاتووە. کۆدێکسی شەرەف لەسەر بنەمای چاوەڕوانییەک دامەزراوە کە لەلایەکەوە ڕێگە بە پیاو دەدا یا باشتر وایە بڵێین بە مافی پیاوی دەزانێ کە داوای سێکس بکا لە ژن و لە لایەکی ترەوە ژن ناچار دەکات کە ئەم داوایەی پیاو ڕەتبکاتەوە. گرنگی چەمکی کۆدێکس لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات باشتر تێبگەین لەوە کە بۆچی زیاتر کچ یا ژن دەبنە قوربانی تیژی و گرژی ناموسیی. کۆدێکسی شەرەف ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات کە چاوەڕوانی ناڕەوای کولتووری ناموسی لە ژن لە ڕوانینی سێکسیستی کۆمەڵگەوە بە ژن

سەرچاوە دەگرێت. لەو کەلتوورەدا ژن ئامرازێکە بۆ بەراوردی نیازە ماددی، ڕۆحی و سێکسیەکانی پیاو و وەجاخڕوون ڕاگرتنی ئەو. بە واتایەکی تر ژن چاوەڕوانی ئەوەی لەسەرە کە بێمەرج سێکس بکات لەگەڵ هاوسەرەکەی، منداڵی بۆ درووستبکات و گەورەی بکات، خواردنی بۆ ئامادە بکات، جلوبەرگ و ناوماڵی بۆ بشوات. کۆدێکسی شەرەف نیشانیدەدات کە تەنانەت ئەو ژنانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر و ڕۆڵی چالاکیان نەبووە لە شکاندنی شەرەف و تکاندنی حەیای پیاوانی بنەماڵەیاندا، دەکەونە بەر ڕق و تۆڵەی کەسوکاری نێرینەیان چونکە ئەرکی هەمیشەیی ئەوانە کە ویست، حەز و داوای پیاو بۆ نزیکبوونەوە و سێکس ڕەتبکەنەوە. ibid.

بە کورتی شەرەف و پیاوەتی هەردووکیان چەمکی پەیوەستن بەو مانایە کە ئێمە ناتوانین دەرکیان بکەین هەتا ئەوان گرێنەدەین بە دژانبەرەکانیان .دژانبەری شەرەف بێشەرەفی، بێناموسی، بێچاوڕوویی یا بێئابڕووییە نەک بێشەرمی یان بیحەیایی وەک هەندێک توێژەر جەختی لەسەر دەکەنەوە Wikan, 2003. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر پیاوەتی، دژانبەرەکانی بە درێژایی مێژوو ژنایەتی و هاورەگەزگەرایی homosexuality بوون Connell, 1995, Kimmel & Aronsson, 2008.

## ڕۆڵی دوولایەنانەی پیاو لە کولتووری نامووسیدا

لە ئەدەبیاتی تیۆری چەمکی شەرەفدا دی بێللا di Bella, 1992/2005دوو لایەنی ئەو چەمکە دەخاتەڕوو. یەکەم لایەنیان پەیوەندیدارە بە پاکی جنسی ژن و لایەنی دووهەمیان گرێیخواردوە بە ناوبانگی بنەماڵە و هۆزەوە. (*) ئافرەت بە هۆی ئەوەی کە بەرپرسە لە وەبەرهەمهێنانەوەی گرووپە قەومی، ئایینی و کولتوورەکەی خۆی، هەم لە بواری فیزیکی و هەم لە باری سیمبۆلیکەوە، چاوەڕوانی لێدەکرێ کە خوێنی ئەم گرووپانە پیس نەکات لە ڕێگەی پەیوەندی خۆشەویستی، جنسی، کۆمەڵایەتی و سیمبۆلیکی پەسەنندنەکراو یا قەدەغەکراو لەلایەن کەسوکاری نێرینەیەوە .کوڕ و پیاو بە پێچەوانەی کچ و ژن، شەرەف بە میرات دەبەن بەو مانایە کە ئەوان ئەرکی سەرشانیانە کە نەهێڵن ناوبانگی باشی بنەماڵە بزڕێ تا لەو

(*) زمانی کوردی وەکوو باقی کەلتوورە کۆلێکتیڤیستی و نامووسییەکان فرەوشەیە بۆ بەیانی لایەنەکانی جۆراوجۆری شەرەف و نامووس. زمانە ئەورووپیەکان فەقیرترن لەم بارەوە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی دوو دژانبەری سەرەکی هەیە بۆ شەرەف کە بریتین لە:
disgrace and dishonor (Peristiany & Pitt-Rivers, 1992)

ڕێگەوە بەردەوامی بنەماڵە و تایفە مسوەگەرکەن .کوڕ و پیاوی گەنج دەبێ غیرەت و توانایی خۆیان بۆ داکۆکیکردن لە شەرەفی بنەماڵە بۆ دەوروبەر بسەلمێنن بۆئەوەی نیشانبدەن کە ئەوان شیاوی ناو و ناوبانگی بنەماڵە و عەشرەتیانن . سەرکەوتنیان لەم بوارەدا ئامادەیان دەکا بۆ ڕێبەریکردن و دەمڕاست و پیاوماقووڵ بوون، ئەرکێک کە لە کاتی بەساڵاچووندا دەکەوێتە سەر شانیان .

کوڕ و پیاو ڕۆڵی تایبەتیان هەیە لە کولتووری ناموسیدا بەهۆی ئەوەی کە ئەوان بەپێچەوانەی کچ و ژنەوە کە زیاتر دەستڕەسییان بە ڕووبەری تایبەت private sphere هەیە، ئەوان پێیەکیان لە ڕووبەری تایبەت، کە قەڵەمڕەوی مێینەیە و پێیەکەی تریان لە ڕووبەری گشتیدایە public sphere کە پیاو تێیدا زاڵە، di Bella, 1992/2005; نێرینەکانی Tillion, 2007). هەر هۆزێک فێردەکرێن کە خوشک و دایک و خزمی مێینەیان کۆنتڕۆڵبکەن بە مەبەستی پاراستنی پلە و ناوبانگی باب و باپیرانیان . شەرەف بەم مانایە بناغەی بوون و مانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بنەماڵەیە . Tillion, 2007ئاکامی ئەم کورتە باسە لەسەر جێگا و شوێن و ئەرکی تایبەت و جیاوازی ژن و پیاو بۆ ڕاگرتنی ناوبانگ و شەرەفی بنەماڵە و هۆز ئەوەیە کە پیاو لە کولتووری ناموسیدا ئەرکی دەبڵی هەیە .دوولایەنەبوونی ئەرکی پیاو لەوەدایە کە ئەو بەرپرسیاری پاراستنی ناو و ناوبانگی بنەماڵە و خێڵە، هاوکات کە ئەرکی کۆنتڕۆڵی خزمی مێینەشی لەسەرشانە بۆئەوەی ئەوانیش خوێنی پاکی بنەماڵە پۆخڵ نەکەن Schlytter & Rexvid, 2013. دوو لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە سوید نیشاندەدەن کە کوڕ و پیاوی گەنج ڕۆڵی دەبڵیان هەیە لە کولتووری ناموسیدا Schlytter et al. 2009a; Schlytter, Högdin, Rexvid, 2009b.

ڕۆڵی دوولایەنە هێمایە بۆ ئەوەی کە ئەوان هەم وەک قوربانی و هەم وەک تاوانکاری چاوەڕوانکراو سەیریان دەکرێت . .ibidلە دەوڵەتی یاسامەنددا ئەم ڕۆڵە دوولایەنیانە دەتوانێ ببێتە هۆی قوربانیبوونی دەبڵی کوڕ و پیاویش بەو مانایە کە ئەگەر ئەوان بەپێی نۆرمەکانی کولتووری ناموسی ئەو کەسانە سزابدەن کە سنوورەکانی ئەو کەلتوورەیان بەزاندوە، خۆیان لەلایەن دەوڵەتەوە بە تۆمەتی توندوتیژی و تاوانی ناموسی سزادەدرێن. لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئەوان بۆ پاراستنی شەرەفی بنەماڵە ئەندامە سنووربەزێنەکانی بنەماڵە یا کەسێکی دەرەکی کە سووکایەتی بەسەر بنەماڵە هێناوە، سزانەدەن، خۆیان لەلایەن کەسوکارەوە سزادەدرێن. سزایەکەش دەتوانێ شکڵی جۆراوجۆری وەک

بێبەریکردن، دەرکردن لە ماڵ، تەریککردنەوە و سووکایەتی و بگرە هەڕەشە و لێدانیش بە خۆیەوە بگرێت.

پیاوەتی لە کولتووری نامووسیدا بە وتەی فاتیمە مەرنیسی Mernissi, 1982 شیزوفرێنە schizophrenic چونکە پیاو لەلایەکەوە هەوڵدەدا "بەکارەت"، "ڕووسووری" و پاکی کەسوکاری مێینەی خۆی بپارێزێ و لەلایەکی تریشەوە لەناو کۆڕی پیاواندا بە شانازییەوە باس لە سێکسکردن، لابردنی"بەکارەت"، "سووک کردن" و ناپاککردنی کەسوکاری مێینەی پیاوی تر، واتە "ڕووڕەش"کردنی پیاوی تر دەکات. هەروەها لە یەکەم نیگادا پیاوەتی لە کولتووری نامووسیدا، زۆر تۆڕە و تۆسن و متمانە بەخۆ دێتەبەرچاو بەڵام کە بڕێک لێی وردبینەوە، پیاوەتییەکی زۆر لەرزۆک، ناسەربەخۆ، دووڕوو و ناتەبا دەردەکەوێ کە بەردی بناغەی ترس و دڵەڕاوکێیە. ئەم ترسەش گرێی خواردوە بە هەڵوێستی پیاوەوە کە هەمیشە هەوڵدەدات کەسوکاری مێینەی خۆی بپارێزی لەدەست پیاوی تر، هاوکات کە خۆی خۆدەکوتێ بۆ دەستبەسەرداگرتن یا زەوتکردنی کەسوکاری مێینە ی پیاوانی تر. ئەو ترسەی کە بنچینەی پیاوەتی لە کولتووری نامووسیدا پێکدێنێ بەو شێوازە جیاوازانەی خوارەوە دەتوانێ خۆی بنوێنێ: Lien, 2002

پیاو لە کولتووری نامووسیدا سام لە ترسی خۆی دەکات یا لە هەست بە ترس کردن دەسڵەمێتەوە.

پیاو ترسی ئەوەی لە دڵدایە کە پیاوانی تر ئەو ترسەی ئەم بخوێننەوە.

پیاو ترسی ئەوەی هەیە کە نەتوانێت کەسانی تر، یانی کەسوکاری مێینەی و ئەو پیاوانەی کە نیازی نزیکبوونەوە لەوانیان هەیە، کۆنترۆڵ بکات.

پیاو ترسی ئەوەی هەیە کە نەتوانێت خۆی و کەسوکاری مێینەی بپارێزێ بەرامبەر بە هەوڵی کۆنترۆڵی پیاوانی تر. پیاو ترسی ئەوەی هەیە کە نەتوانێت ئەڵقەی کۆنترۆڵی پیاوانی تر بێ خەساری گیانی یا ماڵی ببەزێنێ بۆئەوەی خۆ لە کەسوکاری مێینەی ئەوان نزیککاتەوە.

## ناوەرۆکی دووتوێیی شەرەف

ناوەرۆکی شەرەف دوو توێیە و وەکوو خەنجەری دوودەم وایە. شەرەف لەلایەکەوە و لە بنەڕەتدا بریتییە لە کۆنترۆڵی پیاو بەسەر لەش و ڕەفتاری جنسی و کۆمەڵایەتی ژندا. ئەم لایەنەی شەرەف دەگەڕێتەوە بۆ سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ژن لەلایە ن پیاو، بنەماڵە و کۆمەڵگای شەرەفخوازەوە Schlytter & Rexvid, 2013; Wikan, 2003. لە لایەکی ترەوە شەرەف بریتییە لە کۆنترۆڵی

کۆلێکتیڤ بەسەر کۆنترۆڵی پیاو بەسەر جەستەی ژن و ڕەفتاری جنسی و کۆمەڵایەتی ئەودا. ئەم لایەنەی شەرەف بەمانای چەوسانەوە و سەرکوتی پیاوە لەلایەن پیاوانی تری سەر بە بنەماڵە و هۆز و کۆمەڵگای شەرەفپارێزەوە بە گشتی. خاڵی دەرچوونی ئەم پێناسە دوو توێیە ئەوەیە کە کولتووری ناموسی کەلتوورێکی چەوسێنەرە و لە کەلتوورێکی ئاوادا نە چەوساوە نە چەوسێنەر ئازاد نین. ئەمە بەو مانایە نییە کە دۆخ و دەرفەتەکانی چەوساوە و چەوسێنەر بەتەواوی لەیەک دەچن. ئاشکرایە کە سەرکوتکردن و تیژی ناموسی زۆربەی قوربانییەکانی ژنن و هێز بەکارهێنان بەرامبەر ژنان بە پاساوی شەرەف و ناموس لەچاو پیاواندا شێوازی زۆر بێبەزەییانە، پڕمەترسی و کوشندەتر لە خۆی دەگرێ. بەڵام ئەم ڕاستییە بەو مانایە نییە کە پیاو قوربانی کەلتووی ناموسی نین. پیاو هەر لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە فێردەکرێن و تاڕادەیەک مێشکیان دەشۆردرێتەوە کە لەجیاتی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی پەیوەندی پڕ لە هەست، سۆز و خۆشەویستی لەسەر بنەمای یەکسانی، ژیانی کەسوکاری مێیینەیان بەرتەسک بکەنەوە و بەزاندنی پەرژینی شەرەف و ناموس لەلایەن ئافرەتانی بنەماڵەوە بە کوشتن و بڕین وەڵامبدەنەوە. دیارە مەبەست لە هاندان بۆ ئەم چەشنە کردەوانەش ڕاگرتنی"پەردەی کچێنی" کەسوکاری مێیینەی ڕەبەن و ڕاگرتنی ناوبانگی پاکی کەسوکاری مێینەی "مێرد و ماڵدارە". بارهێنانی مێرمنداڵی کوڕ بۆ ڕۆڵێکی ئاوا دەتوانرێ وەکوو چەشنێک لە سەرکوتکردن و زەبری ناموسی بەرامبەر بە کوڕ و پیاو سەیربکرێت Schlytter & Rexvid, 2013 .

جگە لە دووتوێیی بوونی شەرەف هەندێک توێژەر لایەنی ناوەکی subjective و دەرەکی objective شەرەف لێکهەڵداوێرن. ئەوەی یەکەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تاکەپیاو چۆن دەرکی شەرەف و پیاوەتی خۆی دەکات، واتە وەک پیاوێکی بەشەرەف، "کەڵ"،"گۆڵ"، "نێر"و"گوندار" کە توانای ڕاگرتن و پاراستنی ئابڕووی بنەماڵەی هەیە یا وەک پیاوێکی لاوازی، "دێڵی"، بێ جەربەزەی کلۆڵی،"ملحیز" و "سەرشۆڕ" کە دەسەڵاتی ڕاگرتن و بەرگریکردن لە شەرەفی خۆی و بنەماڵەی نییە. لایەنی دەرەکی چەمکی شەرەف پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی پیاوەتی و شەرەفی پیاووەوە لەلایەن کۆمەڵگاوە هەیە. پیاوێک کە بە پێی پێویست سوور نەبێ لەسەر پاراستنی شەرەف و پیاوەتی خۆی مافی ڕێزلێنانی وەک پیاوی ناو پیاوان یا سەرێکی ناو سەران لەناو کۆمەڵگەدا لێوەردەگیرێتەوە. ئاشکرایە کە توێی

دەرەکی دیاردەی شەرەف کارتێکردنی کاریگەری هەیە لەسەر لایەنە ناوەکییەکەی. با پیاو هەر لە دنیای دەروونی خۆیدا ”شا بە سەپان نەزانێ“ و پێی وابێ کە شەرەف و پیاوەتی کەس ناگاتە ئاقاری ئەو، مادام دەورووبەر دان بە پیاوەتی و بە شەرەفبوونی ئەودا نەهێنن، دەرک و هەستی دەروونی ئەو پلە و پایەی کۆمەڵایەتی دابەزیوی بەرز ناکەنەوە Stewart, 1994; Wikan, 2003.

هەندێک لێکۆڵەری دیکە پێیان وایە کە شەرەف دوو جەمسەرە و جەمسەری ئاشتیخوازانەی شەرەف لە جەمسەری توندوتیژی ئەو جیادەکەنەوە. لە حاڵێکدا جەمسەری یەکەم ئاماژەدەکات بە تایبەتمەندی باشی وەک ڕووڕاستی، جێی متمانە بوون، دڵگەورەیی، بەڕێزبوون، ڕێزی خەڵک ڕاگرتن و میواننەوازی، جەمسەری دووهەم ئیشارەت دەکات بەو پێناسە دوو توێیەی کە پێشتر باسکرا Blok, 2001. توێژینەوەیەکی مەیدانی سویدی لەسەر ڕادەی ڕاگۆڕینی گەنجانی نێرینەی بیانی کە لە پرۆژەیەکی ئاکار و ڕاگۆڕیندا بە شدداریان کردووە، نیشانیدەدات کە تەنیا پێداگرتن لەسەر لایەنی ئاشتیخوازانەی شەرەف بەس نییە بۆ دابڕان لە کولتووری نامووسی و زەبروزەنگی گرێخواردوو بەم کەلتوورەوە. لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کە دابڕانی جیددی لە کولتووری نامووسی کاتێک ڕوودەدات کە لایەنە کاولکەرەکانی ئەو کەلتوورە بدرێتە بەر ڕەخنەی بێبەزەییانە کە پەیوەندی بە سۆزی نێوان ژن و پیاوی هاوخوێن، واتە خوشک و برا، دایک و کوڕ، باب و کچ، دەگۆڕێ بۆ پەیوەندی نێوان قوربانی و تاوانبار Rexvid & Schlytter, 2012.

لە کولتووری نامووسیدا پیاو هەرچەندەش ڕاستگۆ، یارمەتیدەر، دڵفراوان، بە ماڵومیوان بێ و ڕێزی خەڵک ڕاگرێ، پلەوپایە و ڕێزی خۆی دەچێتە ژێر پرسیار و دادەبەزێ کاتێک نەتوانێت بۆ دەورووبەری بسەلمێنێت کە توانای ڕاگرتن و پاراستنی شەرەف و ئابڕووی بنەماڵە و هۆزی هەیە. ئەم کاریگەرییەی جەمسەری توندوتیژی شەرەف لەسەر جەمسەرە ئاشتیخوازانەکەی گرێدراوە بەو ڕاستییەوە کە شەرەف باس و پرسی مان و نەمانە، هەم لە باری فیزیکی، هەم لە باری کۆمەڵایەتییەوە. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا یەکێک لە پرینسیپەکانی کولتووری نامووسی ئەوەیە کە پیاو باشترە بە شەرەف و سەربەرزی بمرێ تا بەسەرشۆڕی و ئابڕووتکاوی بژی Rexvid & Schlytter, 2010; Schlytter & Rexvid, 2013; Stewart, 1994.

بە واتایەکی تر جەمسەری توندوتیژی شەرەف بریتییە لە ئایدیاڵێکی ئاوساوی زەبربەکارهێنان بۆ بەرگریکردن، پاراستن، داکۆکیکردن و قەرەبووکردنەوەی

شەرەفی شکاو یا ئابڕووی تکاو. مەشرووعییەت پێدان بە جەمسەری توندوتیژی شەرەف لە ڕێگەی ڕێوڕەسمدارکردنی کوشتن و بڕینەوە مەیسەر دەبێت Blok, 2001; van Eck, 2003. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو توندوتیژی خۆی ڕێوڕەسمدار کردوە . قوربانیکردنی ئینسان و حەیوان، ڕاو، قەسابی، ئیعدامکردن، شەڕ، تۆڵە، ئەشکەنجە و تیرۆر چەند نموونەیەکن لە بەبۆنەکردنی تیژی نواندندا. مەبەستی ئەم بەبۆنەکردنە دوو توێیە. لە لایەکەوە ئەو کەسە یا لایەنانەی کە زەبر بەکاردێنن دەیانەوێت لەژێر بار و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی کوشتنی مرۆڤێکی تر دەرچن. لە لایەکی ترەوە ڕێوڕەسمدارکردنی توندوتیژی، قوربانییەکە لە ئینسانبوون دەشوا و لە هاوبەشی ئەخلاقی دەردەهاوێژێ. قوربانیەکە لەقەبی خراپی پێوە دەلکێ و بە جروجانەوەر و دەعبا دەچوێندرێ. ”قەحبە“،”گاندەر“، سەگی گلاو /پیس، دێڵە سەگ، ماکەر / دێڵە کەر، مشک، قالۆنچە، مار، بەراز. ئەم ناوناتۆرانە تەنیا چەند نموونەیەکی لەو بابەتەن Blok,2001.

## پیاوەتی هاریکارانە وەکو ئاکامی دووتوێیی بوونی شەرەف

پیاو لە کۆمەڵگای نامووسیدا چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە هاوسەرێکی ”باکیرە“،” بندار“، ”پاک“،” ڕووسوور“، ناوبانگ نەزراو یا ”دەستلێنەدراو“ی هەبێت Cindoglu , 1997; Lindisfarne, 1994; Martin, 2010; Parla, 2001; Vincent, 2006; Xiao, 1989. ئەم چەشنە چاوەڕوانییانەش بە نۆبەی خۆیان ناوکی هاوسەرگیریی زۆرەملی و نابەدڵ، کە یەکێکە لە باوترین شیوازەکانی تیژی نامووسییە بەرامبەر بە پیاوان، پێکدێنن (Schlytter et al., 2009b). جگە لەو دوو چاوەڕوانیانە ئەو پیاوانەی کە نەتوانن بۆ دەورووبەری بسەلمێنن کە هەم کەسوکاری مێینەیان و هەم ئەو کچەی بە هاوسەر هەڵیدەبژێرن پاک و”دەستلێنەدراون“، دەکەونە بەر تیروتوانج و سزادانی خزم و کۆمەڵگای نامووسخواز. سزادان و ئابلووقەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەم پیاوانە شکڵی جۆراوجۆر بە خۆیانەوە دەگرن. بۆ نموونە ئەو پیاوانە دەبنە نیشانەی پەنجە بۆ ڕاکێشان و تیلەی چاوی پڕ لە توانج و سەرزەنشتکەرانەی دەورووبەر. خەڵک لە شوێنە گشتییەکاندا دەستدەکەن بە سرتە و کورکە کاتێک ئەم پیاوانە یا باشتر بڵێین ”ناپیاو“ و ”بێنامووسانە“ ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە بێنە ناو خەڵکەوە. پلەوپایەی ئەم جۆرە پیاوانە ئەوەندە دادەبەزێ کە

تەرازووی بایەخی کۆمەڵگا نایخوێنێتەوە Safilios-Rothchild, 1969. ئەم دابەزینی جێگە و شوێنی کۆمەڵایەتییە هەندێک جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو پیاوانەی کۆمەڵگە وەک ناپیاو و بێناموس یا بێشەرەف سەیریان دەکات بکەونە بەر غەزەبی ئابووری بەچەشنێک کە کەم کەس

هەن کە حازرن مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، وەک هێزی کار دایانمەزرێنن یا ئۆتۆریتەیان بسەلمێنن. ئەم چەشنە چاوەڕوانییانە دەبن بە هۆی پێکهاتن و ڕاگرتنی جۆرێکی تایبەت لە پیاوەتی کە بریتییە لە پیاوەتی هاریکارانە یا پشتگیرانە بەو مانایەی کە پیاوان نەک تەنیا بەرەوپیری چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای ناموسخواز دەچن بۆ کۆنترۆڵی کەسوکاری مێینەیان بەڵکوو خودی ئەوەی کە ئەوان چاوەڕوانییان لێدەکرێ و خۆشیان دەیانەوێت کە کچێکی باکیرە وەک هاوسەر هەڵبژێرن، ئیجاب دەکات کە پیاوی تریش کەسوکاری مێینەیان دەستەمۆبکەن و باکیرە ڕایانگرن تا کاتی هاوسەرگیریی. لەسەر بنەمای ئەم پێناسە دوو توێیەی سەرەوە دەکرێت بڵێین کە پیاو لە کولتووری ناموسیدا دەستەمۆی




وێنە: مەحموو

دەستەمۆکردنە Rexvid, 2007; Rexvid & Schlytter, 2012; Safilios-Rothchild, 1969.

## جەستەی ژن وەکوو ئاوێنەی پیاوەتی و زمانی پیاوانە

لە کولتووری ناموسیدا پەیوەندی پیاوان لەگەڵ یەکتر تاڕادەیەکی بەرچاو بەناو جەستەی ئافرەتدا دەگوزەرێ، لە ڕێگەی جەستەی ئافرەتەوە مەیسەر دەبێت و ”دایک / خوشک حیز“ بوون یا ”دایک / خوشک پارێز“ بوون بناغەییترین پێوانەی پیاوەتییە لە کۆمەڵگای شەرەفخوازدا Schlytter & Rexvid, 2013; van Eck, 2003; Wikan, 2003.

ئەوەش بە هۆی ئەوەوە کە جەستەی ژن لە کولتووری ناموسیدا هی خۆی نییە بەڵکوو موڵکی کەسوکاری نێرینەیەتی. پیاو بەپێچەوانەی ژنەوە هەم خاوەنی لەشی خۆیەتی هەم خاوەنی لەشی کەسوکاری مێینەی. کۆنترۆڵی پیاو بەسەر لەشی کەسوکاری مێینەیدا، شەرەف و ناوبانگی بەهێزدەکات و لەدەستدانی کۆنترۆڵ بەسەر جەستەی ئافرەتی بنەماڵە و هۆزدا بە پێچەوانەوە، شەرەف و ناموسی لاوازدەکات. لەشی ژن بەو جۆرە بەشێکی پەیوەست و ئاوێتەی ناسنامەی پیاوانەی پیاون. هەر بۆیە داخیلبوون یا بەزاندنی هەرێمی ژن، هەم لە ڕووی فیزیکی، کۆمەڵایەتی و سیمبۆلیکەوە، بە مانای ”کونکردن“، داخیلبوون و بەزاندنی پاوانگەی پیاوە. لەشی ژنێک کە ”شەرمەزاریی“،”سووکایەتی“ و ”بێئابڕوویی“ تووشی کەسوکاری نێرینەی کردبێ، کاریگەریی لەسەر چۆنییەتی نواندنی لەشی پیاوانی بنەماڵەکەی دادەنێ، بەتایبەت کاتێک ئەوان دەڕۆنە ناو خەڵک Joseph, 1993/1994; Schlytter & Rexvid, 2013.

پیاوێک کە کۆنترۆڵی لەشی کەسوکاری مێینەی لە دەستدا بێت، بە تەوێڵ و سەری بەرز، بە پشتی ڕاست و ”دەنگی نێر“ لە گەڵ پیاوی هاوشانی هەڵسوکەوتدەکات. بە پێچەوانەوە، پیاوێک کە کۆنترۆڵی جەستەی کەسوکاری مێینەی لە دەست ترازابێ، بە ”ملی شۆڕ- حیز“، پشتی چەماوە، دەنگی نزم - ”دێڵانە“ ،”چاوی حیز- دێڵ“ لەگەڵ دەورووبەر دەدوێ.بۆیە بۆ ئەوەی پیاو بتوانێ بەسەری بەرز و ” دەنگی نێر“ بچێتە ناو خەڵکەوە، دەبێت ئەو پەڵەی نەنگە کە جەستەی ژن بەباری هێناوە، بسڕیتەوە، یا باشتر وایە بوترێ بە خوێن بیشواتەوە. ژانی سەرشۆڕی پیاو لە کۆمەڵگەدا بەهۆی لەش و هەڵسوکەوتی ئابڕووبەرانەی کەسوکاری مێینەی، لە مافی ژیانی ژن گرنگتر و لە پێشترە بۆیە پیاوی

شەرمەزارکراو، ئابڕووتکاو و سووکایەتی پێکراو دانامێنی بۆ لەناوبردنی ئەو ئەندامە مێینانەی بنەماڵە و هۆز کە سووکایەتی دەنێنەوە Joseph, 1993/1994; Mitra, 2013; Schlytter & Rexvid, 2013.

لەشی ژن زمانێکە کە پیاو یەکتری پێدەدوێنن، بەتایبەت کە بیانەوێ پیاوێکی تر بشکێنن و یا ڕسوای بکەن Wikan, 2003. چەمک، وشە، مەسەل و بەیانی وەک "خوشک- دایک حیز"، "کوڕی قەحبە"، "دایک- خوشک قەحبە"، دەرپێ لە بەر پیاوێکی تر کردن، سمێڵ تاشین، "ئەو مووە لە "ژن" - "قەحبە"هاتبێ/ لە پیاو نەهاتبێ"، وەک ژن سەر داخستن/ مل حیزکردن، ژنی من، "وەک ژنی خۆم حیسابت ناکەم"، "ژنت/ دایکت/ خوشکت دەگێم"، تەنیا چەند نموونەیەکن لە لیستی درێژی زمانی پیاوانەی دژ بە ژن بۆ سەلماندنی پیاوەتی و باڵادەستی پیاو و شکاندنی شەرەفی پیاوانی بەرهەڵستکار و نەیار لە کێشەی شەخسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و قەومیدا. سووکایەتیکردنی مەحموود سەنگاوی بە ڕۆژنامەوانی تیرۆرکراو کاوە گەرمیانی لەڕێگەی جنێودان بە کەسوکاری مێینەی کاوە و جنێوی دایک و خوشکدانی فەرهاد پیربال بە بەرهەڵستکارانی، تەنیا دوو نموونەی تازەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە بەکارهێنانی لەشی ژن وەک زمانێکی پیاوانە بۆ ئەتک و سووککردنی پیاوی نەیار، نەبەستراوەتەوە بە توێژی نەخوێندەوار و خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردی ناموسخواز، بەڵکوو لەلایەن بەشێکی بەرچاو لە ئێلیت و نوخبەکانی ئەو کۆمەڵگایەشەوە هەروا کەڵکی لێوەردە گیرێت.

بە کورتی جەستەی ژن ئاوێنەیەکە، کە پیاوان لە کولتووری ناموسیدا پێویستیان پێیە و بە مەبەستی بینینی پیاوەتی خۆیان و نیشاندانی ناپیاوەتی و بێشەرەفی پیاوانی تر، بەکاریدێنن. کاتێک پیاوێک دەیەوێت پیاوێکی تر بشکێنێ یا سووکی بکا جنێو و قسەی نالایق و ناحەز بە پیاوە نەیارەکەی نادا Schlytter & Rexvid, 2013. لەوانەیە پیاوێک ڕواڵەتی پیاوێکی دیکە بکاتە دەستمایە بۆ شکاندنی ئەو کاتێک تایبەتمەندییەکی خراپ "درۆزنی، دزی، ڕەزیلی، ترسنۆکی" یان نوقسانییەک، "گۆج ، شەل بوون" یا ئەندامێکی جەستەی "سەر، لووت، زگی زل"امازەی پێدەکرێ بۆ تووڕەکردن و سووکایەتی پێکردنی بەڵام سووک و شەرمەزارکردنی کاریگەری پیاوی بەرهەڵستکار کاتێک ڕوودەدات کە جەستەی کەسوکاری مێینەی ئەو بکرێتە نیشانەی جنێو و هێرشی لەفزی (verbal abuse) (Blok, 2001). کاتێک پیاوێک بە پیاوێکی تر دەڵێت: "دایکت -خوشکت دەگێم"، " دایک - خوشک قەحبە" یا "کوڕی قەحبە"،

وەک ئەوە وایە کە لە شەڕدا قورسترین تەقەمەنی دژی نەیارەکەی و کوشندەترین چەکی بۆ لەناوبردنی شەرەف، ئابڕوو و ناوبانگی ئەو بەکارهێنابێ. جنێوی دایک و خوشک بە نەیار دان، ڕەنگدانەوەی ئاوەڵدوانەبوونی جەستەیە لە کولتووری ناموسیدا بەو مانایەی کە پێشتر باسی لێکرا کە پیاو نەک تەنیا خاوەنی جەستەی خۆیەتی بەڵکوو لەشی کەسوکاری مێینەشی بە موڵکی خۆی دەزانێت Joseph, 1993/1994. جنێوی وەک ’’دایک - خوشک قەحبە‘‘ یا ’’دایک - خوشک حیز‘‘ ناسنامەی پیاو گرێدەدا بە جەستەی کەسوکاری مێینەیەوە و ئەوەی کە دەبێتە ئاوێنە بۆ نواندی نا-‘‘پیاوەتی‘‘ یا بێ -‘‘شەرەفی‘‘ پیاوی بەرهەڵستکار، جەستەی خوشک و دایکی ئەوە کە وەک ’’قەحبە‘‘ یا ’’حیز‘‘ وەسفدەکرێن بۆئەوەی شوناسی ناپیاو و بێناموسی کەسوکاری نێرینەی ئەوانی پێ بنوێنن. ئەو پەیامەی کە لەڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە جەستەی ئافرەت وەک ئاوێنەی نا- ‘‘پیاوەتی‘‘ دەنێردرێ زۆر ڕۆشنە: سەیری خۆت کە، ڕووخساری خۆت ببینە بزانە کێی! تۆ برای ’’کچێکی حیزی‘‘ یا ‘‘کوڕی ژنێکی قەحبەی‘‘!

جگە لەوەی کە جەستەی ژن وەک ئاوێنەی نواندنی شەرەف و پیاوەتی پیاو یا بێبەریبوونی ئەو لەم خەسڵەتانە بەکاردێت، لەشی ژن و جنسییەتی ئەو وەک پێوانەی سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی نزمیی، بێ بەهایی و بێڕێزی کەڵکی لێوەردەگیرێت. بۆیە هەرکات پیاوێک پیاوێکی تر دەشکێنێت بە ژنی دەچوێنێت یا هەرکات دەیەوێت بوێری و پیاوەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارێکی پڕمەترسی و دژوار بسەلمێنێ خۆی بە ژن دەشوبهێنێت ئەگەر بێت و لە ئەنجامدانی کارەکەدا سەرنەکەوێت Rexvid, 2007; van Eck, 2003. هەڕەشەی وەک ’’ئەو مووە لە پیاو نەهاتبێ ئەگەر دەرپێی ژنت لەبەر نەکەم‘‘، تەنیا نموونەیەکە لە بێڕێزی و سووکیی ژن لە کولتووری ناموسیدا.

## شەرم یا سووکایەتی

دوای باس لەسەر ناوەرۆکی پیاوەتی و شەرەف، پێویستمان بە وردبوونەوەیە لە دیاردەیەکی گرنگی تری کولتووری ناموسی، واتە شەرم یا سووکایەتی یا شەرمەزاری. زمانی کوردی فرە وشەیە بۆ بەیانی لایەنی جۆراوجۆری کولتووری ناموسی. بۆ نموونە جگە لە وشەی شەرم، سووکایەتی و شەرمەزاری، چەمکی عەیب، عار، بێ چاوڕوویی، سەرشۆڕی، ملحیزی، ملشۆڕی، گەوادی و خوێڕی بوونیش بەکار دەهێندرێن بۆ بەیانی شەرم یا سووکایەتیپێکردن. بێزنگ و شەنەی

زمانەوانی ناوەرۆکی هاوبەش یا جیاوازی ئەو چەمکانە لە دەرەتانی ئەم وتارەدا نییە. هەڵبژاردنی سێ چەمکی شەرم، سووکایەتی و شەرمەزاری زیاتر پراگماتیکە تا زمانەوانی تاووتوێکراو.

توێژەران لەسەر ئەوەی کە چەمکی شەرەف دژانبەرەکەی شەرم یا بێشەرەفییە تاڕادەیەک مشتومڕیان کردوە. هەندێکیان پێیان وایە کە شەرم دژانبەری شەرەفە و تاقمێکی تریشیان بێشەرەفی یا بێناموسی وەک دژانبەری شەرەف دەستنیشاندەکەن بەStewart, 1994; Wikan, 2003. وتەی ئوننی ڤیکان Wikan, 2003 شەرم نەک دژانبەر بەڵکوو لە ڕاستیدا تەواوکەری complement چەمکی شەرەفە بەو مانایەی کە نەک هەموو جۆرە شەرمێک بەڵکوو جۆرێکی تایبەت لە شەرم واتە شەرمێک کە بە گوێ، چاو و لووتی کەسوکار، دەر وجیران، ئاشنا و ڕۆشنا و خزم و قەوم گەیشتبێ شەرەفی پیاو خەوشدار دەکات و دەیزڕێنێ. کۆڕ و کۆمەڵی نامووسپەرست زەخت دەخەنە سەر پیاوی شەرەف-شکاو Rosechild, 1969 کە مشووری پێویست بخوا بۆشۆردنەوەی پەڵەی شەرم بە داوێنی شەرەف و پیاوەتییەوە. پیاوی شەرمەزارکراو لە کولتووری نامووسیدا زۆرجار بە یەکێک لەم دوو شێوەیە وەڵامی ویستی دەورووبەر دەداتەوە. ئەو پیاوانەی کە هاوڕا و هاوبیری کۆمەڵی شەرەفخوازن، لە ڕێگەی هەڕەشە، تۆقاندن و زەبر بەکارهێنانەوە ئەو ئەندامەی بنەماڵە یا کەسێکی دەرەکی کە سووکایەتی بەسەر ئەندامێکی بنەماڵە هێنابێ، سزادەدەن. سزادانەکەش دەتوانێت ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێت. سزادانی ڕاستەوخۆ شکڵی وەک لێدان، ئەندام بڕین بە مەبەستی ئەتک و شەرمەزارکردن و لە حاڵەتی توندڕەویدا کوشتن، بە خۆیەوە دەگرێت. سزادانی ناڕاستەوخۆ لە قاڵبی داسەپاندنی خۆکوژی، بە دزی لەناوبردن و هاوسەرگیریی زۆرەملیدا ڕوودەدا. لە لایەکی ترەوە ئەو پیاوانەی کە دەرک و تێگەیشتنیان بۆ پیاوەتی، شەرەف و سووکایەتی جیاوازە لەگەڵ هی دەورووبەر، خۆیان بۆ فشار و ویستی کۆمەڵگای نامووسخواز شلناکەن و ئەو ئەندامەی بنەماڵە یا ئەو کەسە دەرەکییە کە بەپێی بۆچوونی دەورووبەر سنوورەکانی کولتووری نامووسیان بەزاندوە و سووکایەتییان بەبارهێناوە، سزانادەن. ئەم جۆرە پیاوانە کە بەرەوپیری ویستی کۆمەڵگای نامووسخوازەوە ناچن، وەک بێشەرەف و"حیز" مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت-Safilios Rothchild, 1969.

ئەزموونی جنسی ژن بەر لە یا بەدەر لە ژیانی هاوسەری لە کولتووری نامووسیدا بریتییە لە هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ لە

کەرامەت و سەروەری کەسوکاری نێرینەی ئەوان و نەهێکردنی ناسنامەی شوناسی identity پیاوانەی ئەوانە Blok, 2001. ئەم چەشنە نەهێکردنە وەکوو"کونکردن" یا "تێخستن"ێکی penetration سیمبۆلیک وایە لە کاتی دەسدرێژی جنسیدا. شەرم و حەیا بەخۆبوونی ژن لە کولتووری ناموسخوازدا نیشانەی پاکی ئەوە بەهۆی دوورەپەرێزی لە ئەزموونی جنسی و لە بەراوردکردنی نیازە جنسییەکانی. ژنی "بێشەرم"، "بێحەیا"، "بێدەرپێ" یا "ڕووهەڵماڵراو" بە پێچەوانەوە، شوناسی پیاوانەی کەسوکاری نێرینەی نەفی دەکات بە چەشنێک کە ئەوان لەباری سیمبۆلیکەوە وەک خەسێندراو و لاواز لەلایەن کۆمەڵگاوە سەیریان دەکرێت و سەیری خۆیان دەکەن. بە واتایەکی تر بێشەرمی کەسوکاری مێینەی پیاو، پێناسەی پیاو لە پیاوەتییەوە دەگۆڕێ یا دادەبەزێنێ بۆ هەویەتێکی ژنانە feminine identity بە جۆرێک کە ئەو وەک "زەعیفە"، "دێڵ"، "قوندەرە"، "سەرشۆڕ" یا "حیز" هەست بە خۆی دەکات و لەلایەن دەورووبەریشەوە هەر وەک کەسێکی وا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پیاوی شەرمەزارکراو یا سووکایەتی پێکراو وەک ڕووتکراوە، تێکشکێندراو، نامۆ و بێڕێزکراو سەیردەکرێت و سەیری خۆی دەکات پیاوی ئەتککراو بە (Fayard, 2013. چاوی پڕ لە توانج و سەرزەنشتی دەورووبەر سەیری خۆی دەکات، تێڕوانینێک کە ئاکامی ویرانکەری هەیە بۆغروور و عێزەتی نەفسی پیاو (self-respect/self-esteem) (Peristiany & Pitt-Rivers, 1992; Stewart, 1994; Wikan, 2003).

جنسییەتی ژن بەو جۆرە چەشنێک دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییە بەو مانایەی کە پیاوێک کە بە ئاسانی و سەرکەوتوویی پەیوەندی جنسی یا خۆشەویستی لەگەڵ ژنێک دادەمەزرێنێ، لە چاوی خۆی، ژنەکە و کەسوکاری ژنەکەوە وەک پیاوێک سەیری دەکرێت کە زاڵە dominant بەسەر کەسوکاری نێرینەی ژنەکەدا Blok,2001; Gilmore, 1987.

سووکایەتی، شەرمەزاری، حەیا تکاوی، بێئابڕوویی دەرک و ئەزموونديتنی پیاو دوو کەرت دەکات لەو ڕووەوە کە ئەو نەک تەنیا لە دەروونی خۆیدا بەڵکوو لە ڕوانگەی نێوان-زەینیشەوە intersubjective خۆی بە بێدەسەڵات و وردکراو دەبینێت. سووکایەتی، شەرمەزاری، حەیا تکاوی، بێئابڕوویی تەنیا باسی دەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و واقعی نییە لەناو کۆمەڵگادا بەڵکوو پەیوەندییان بە چۆنێتی خۆدەرخستن و چوونەناو خەڵک لە دونیای خەیاڵی یا زەینی پیاوی سووکایەتی پێکراوایشدا هەیە Johnson & Moran, 2013. پیاوی شەرمەزارکراو بەئاگایە لەوەی کە ئەو دەبێتە بابەتی قسەوقسەڵۆک و



وێنە: مهران تورابی

هەڵسەنگاندنی دەورووبەر. سووکایەتی بە پەردە، عەبا یا ڕووپۆش دەچوێندرێ کە نیشانەی جلی لەبەرکراو نییە بەڵکوو هێمایەکە بۆ وەسفی دۆخی پیاوی ئابڕووزڕاو کە هەوڵدەدات لاوازیی خۆی بشارێتەوە. شەرم لە ئەنجامی سووکایەتی پێکراندا هەستێکی

بەخرۆشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوی بێئابڕووکراو پشت لە خەڵک بکا یا سەر داخا یا ڕووی دیتنی خەڵکی نەمێنێ .(ibid.).

بۆ کۆتایی هێنان بە باس لەسەر چەمکەکانی پیاوەتی، شەرەف و سووکایەتی، شەرمەزاری پێویستە بوترێ کە شەرەف وەک پرسێک، ژانەسەرێک یا بەرژەوەندیەکی پیاوانە چەمکێکی موتڵەق یا بێئەملاوئەولایە، بەو مانایە کە پیاو یا بەشەرەفە یا بێشەرەفە؛ حاڵەتێکی سێهەم وجوودی نییە. شەرەف تایبەتمەندییەکە کە بەدەستدێت یا لە دەستدەچێت. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا شەرەف پاداشتێکە کە لە قاڵبی ڕێز و حورمەت لەلایەن کۆمەڵگای ناموسخوازەوە دەبەخشرێ بە پیاوێک کە سەرکەوتووانە جەستە و ئاکاری کەسوکاری مێینەی کۆنترۆڵ

دەکات. سەرنەکەوتوویی یا لاوازی نواندن لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەدا و بەراوردکردنی ئەم چاوەڕوانییەی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا ڕێز و حورمەت، کە مافی پیاوی بەشەرەفن، لە پیاوێک کە نەیتوانیبێ دەست بەسەر جەستە و هەڵسوکەوتی ژنانی بنەماڵەیدا بگرێ، دریغ بکات.

بە پێچەوانەی شەرەفەوە، شەرم یا سووکایەتی، چەمکێکی ڕێژەییە و پلەی جۆراوجۆری هەیە، بەو مانایە کە ڕووداوێک، ڕەفتارێک یا دۆخێک دەتوانێت سووکایەتی زۆر یا کەم بەباربێنێ. بۆ وێنە ئەو سووکایەتییەی کە قسەکردنی ژنێک لەگەڵ پیاوێکی نائاشنا بەباری دێنێ کاڵترە لەو شەرمەزارییەی کە لە نامەی دڵدارانە یا وێنەی کچێک/ ژنێک لای پیاوێکی بێگانە دەبێتەوە. سووکایەتیکردن یا بێئابڕوویی لە هێڵی مێینەوە یا لە ڕێگای ژنانەوە تەشەنەدەکەن. بە واتایەکی تر شەرم لە دایک یا خوشکەوە بۆ کچ بە میرات بەجێدەمێنێ. ژنێک کە شەرم و حەیا لە لەشیدا بێت، شەرەف و ناوبانگی باش دەبەخشێ بە کەسوکاری نێرینەی. نەبوونی شەرم و حەیا لە جەستەی ژندا بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی بێشەرەفیی و ئابڕووتکانی پیاوی بنەماڵەکە. وەک چۆن بوونی شەرم و حەیا لە ژنەوە بە میرات جێدەمێنێ، مۆرکی بێحەیایی، بێشەرمی و"قەحبەتیش" کچ لە دایک بە میرات دەیبات و بەگشتی ئەو مۆرکە لە ڕێگەی ژنەوە تەشەنە دەکات بە نەوەی مێینە لە داهاتوودا. شەرم، حەیا و سووکایەتی دیاردەیەکی ئاشکرایە کە لەناو خەڵکدا مانا پەیدادەکات چۆن هەست بە شەرم یا بێشەرمی کردن لە دەنگی سەرزەنشت کەرانەی دەورووبەرەوە سەرچاوە دەگرێ. بەو هۆیە شەرم پێویستی بە بوونی جەماوەرە یا باشتر بڵێین پێویستی بە چاوی هەڵسەنگێنەری جەماوەرە. سەرچاوەی هەستی سووچداریی، خەتاکاری یا گوناە بەپێچەوانەوە، دەنگی سەرزەنشتکەرانەی ناو دەروونی پیاوەکە پێویستی بە چاوی هەڵسەنگێنەری جەماوەر نییە. هەستی سووچداریی تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگای هەرەوەزیی نییە بەڵکوو لە کۆمەڵگە ئیندیڤیدوالیستیەکاندا باوە (Stewart, 1994; van Eck, 2003; Wikan, 2003).

بە کورتی شەرەف و سووکایەتی دوو ئەرزش یا بایەخی ئەخلاقی دوولایەنەن. ئەو دوو چەمکە ڕەنگدانەوەی هەڵسەنگاندنی پیاو لەلایەن کۆمەڵ و حەساسییەتی ئەو سەبارەت بە ڕاو بۆچوونی ئەو کۆمەڵەن. هەروەها ئەو دوو دیاردەیە گرێیان خواردوە بە جنسییەت و پلەی کۆمەڵایەتی و پێوانە و مەرجی دەرهاویشتن exclusion یا ناوهاویشتن inclusion.

# دواباس

***ئاڵوگۆڕی ساختاریی structural لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و کاریگەری لەسەر گۆڕانی ڕۆڵی پیاو***

لە بەشەکانی پێشتری ئەم وتارەدا هێما بەوە کرا کە پیاوەتی لە کومەڵگای مۆدێرنی ئیندڤیدوالیستیدا لە ئایدیالی"بەکارەت" دابڕاوە بەو مانایەی کە پارێزگاری لە "بەکارەتی" کەسوکاری مێینە تا کاتی هاوسەرگیری و خواستنی "کچی باکیرە"، ڕەمز و پێوانەی پیاوەتی نین. نەک هەر ئەمە بەڵکوو داسەپاندنی دوورەپەرێزیی سێکسی بەسەر ژندا یا پێشگرتنی پیاو لە سێکسکردنی کەسوکاری مێینەی بەر لە هاوسەرگیریی، وەک تاوانێکی شەرمەزارکەر سەیردەکرێت Khan, 2006; Schlytter & Rexvid, 2013. لێکترازانی پیاوەتی و بەکارەت و بنکۆڵبوونی کۆنترۆڵی پیاو بەسەر جەستە و سێکسوالیتی کەسوکاری مێینە لە کۆمەڵگای تاکگەرادا، هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لێرەدا بە مەبەستی هەڵوێستەیەک لەسەر ئەگەری گۆڕینی پیاوەتی لە کولتووری ناموسیدا دوو لەو هۆکارانە دەخرێنەڕوو کە ئەوانیش سیستەمی میراتگری و مەیلی پیاوە بۆ کۆنترۆڵکردنی توانای وەبەرهەمهێنانەوەی ژن.

لە کۆمەڵگای هەرەوەزی ناموسخوازدا میرات لە باوکەوە بە منداڵ دەگات و بە شەمیراتی منداڵی مێینە کەمترە لە بەشی منداڵی نێرینە. ئەم سیستەمی میراتە کە لە ئینگلیزیدا بە پاتریلینیاڵ patrilineal ناوی دەبرێت، پێویستی بە کۆنترۆڵی پیاو بەسەر جەستە، سێکسوالیتی و توانای وەبەرهەرمهێنانەوەی ژنە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە پیاوانی بنەماڵە و خێڵ دڵنیابن کە سەروەت و سامانی تایەفە ناکەوێتە دەست منداڵی "زۆڵ" یا دەست منداڵێک کە یەکێک لە ئافرەتانی بنەماڵە لەگەڵ پیاوێکی سەر بە عەشیرەتێکی نەیار، قەومێکی باڵا یا بندەست، گروپێکی ئایینی تر، دروستی کردووە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە پێچەوانەوە، دوابەدوای بەهێز و بەرزبوونەوەی جێگا و شوێنی ژن لەناو خێزان و کۆمەڵگادا، یاسای مەدەنی لە زۆر بواردا بە قازانجی ژن ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتوە. بۆ وێنە ئەوەی کە ژن و پیاو بە یەک ڕادە میرات وەردەگرن و میرات هەم لە دایک و هەم لە باوکەوە بۆ منداڵ جێدەمێنێت، نیازی کۆنترۆڵی پیاوی بەسەر سێکسوالیتی و توانای وەبەرهەمهێنانەوەی ژندا تا ڕادەیەکی زۆر لاواز یا بنکۆڵ کردووە Tillion, 2007.

دەستبەسەرداگرتن و بە موڵککردنی جەستە و سێکسوالیتی

هەواڵنامەی کێتیر

ژن لەلایە ن پیاوەوە ڕیشەی لەوەدایە کە ژن توانای وەبەرهەمهێنانەوەی هەیە. توانای وەبەرهەمهێنانەوە، سێکسوالیتی و جەستەی ژن لە کولتووری ناموسیدا سنوورێکن کە هەرێمی پیاوەتی لە ناپیاوەتی و بە شەرەفبوون لە بێشەرەفبوون جیادەکەنەوە. پیاو لایەنی کەم لە دوای سەرهەڵدانی خاوەندارێتی تایبەتەوە، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی جەستە، سێکسوالیتی و توانای زاوزێی ژنی داوە چونکە پیاو خۆی لەم توانایە بێبەرییە و ویستووشیەتی ناو و خوێنی بنەماڵە، هۆز و قەومەکەی خۆی خاوێن و بێخەوش ڕاگرێت .کۆنترۆڵی پیاو بەسەر جەستە و سێکسوالیتی ژندا زۆر زوو دەستپێدەکات. هەر لەو کاتەوە کە کچ لە باری بایۆلۆژیکەوە دەبێ بە ژن، واتە لەگەڵ یەکەمین مانگانە خوێنی، لەگەڵ بناغەی مەمکدانانی و ئالوگۆڕی جەستەیی تری لەو چە شنە، کۆنترۆڵی کەسوکاری نێرینەی ئەویش و هەستی خاوەندارێتیان بەسەر ئەودا چڕوپڕتر دەبێت. دەستبەسەرداگرتن و بە موڵککردنی ژن لە کولتووری ناموسیدا مانایەکی سیمبۆلیک دەدا بە سێکسی ژن و پیاو لە یەکەم شەوی ژیانی هاوسەرییاندا de Beauvoir, 2002 ; Schlytter & Rexvid, 2013.

پیەر بوردیۆ Bourdieu, 1999 هێما بەوە دەکات کە ”کونکردن“، ”پەردەی کچێنی لابردن“ یا ”بێبنکردنی کچ“ لەلایەن پیاوەوە لە یەکەم شەوی پێکەوە بوونیاندا، هەست و چێژێکی تایبەت دەدا بە پیاو، هەستێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی پیاو خۆی بە خاوەنی جەستە و سێکسوالیتی ژنەکە بزانێ و خۆی وەک کەسێک هەست پێبکات کە بۆ یەکەمجار ئەو کاڵایە کە سێکسوالیتی ژنە، بەکاردێنێ. بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە خوارەوە ئیشارەیان پێدەکرێ ئەم هەستە لای پیاو لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە مافەکانی ژن، لەوانە مافی خاوەندارێتی ئەو بەسەر جەستە و سێکسوالیتیدا، مسوگەربێت Appiah, 2010; Khan, 2006.

مافی دەنگدان یەکێک بوو لە یەکەمین خاڵەکانی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لەبەردەم یاسادا. ئەم مافە دانپێدانانێکی ڕەسمی دەوڵەت بوو بە هاوشانبوونی ژن و پیاو لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. هەروەها مافی کارکردن و بژێو و داهات بەدەستهێنان، جێگا و شوێنی ژنی لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بەهێزکرد بە چەشنێک کە توانا و دەرەتانی ژنی بۆ بڕیاردان لەسەر پرس و پێداویستی گرنگ لە ژیانی خێزانیدا، بەربڵاوتر کرد. بەڵام گرنگترین خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ژنان بۆ ڕزگاری و سەربەستی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا،

دانپێدانانی دەوڵەت و یاسا بوو بە مافی ژن بۆ خاوەندارێتی و بڕیاردان لەسەر جەستە، توانای وەبەرهەمهێنانەوە و سێکسکردن بەر و بەدەر لە ژیانی هاوسەری. بەدەستەوەدانی ئامرازی پێشگیری لە سکپڕبوون بە گشتی، حەبی پێشگیری بەتایبەت و مافی منداڵ لەباربردن هەنگاوی چارەنووسساز بوون بەرەو سەربەخۆیی ژن و هاتنەدەرەوەی لەژێر سێبەر و بەندی پیاو Schlytter & Rexvid, 2013.

گۆڕانکارییەکی تر کە کەلەبەری دەسەڵاتی ژن و پیاوی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تەسکترکردەوە و هەنگاوێکی تر لە یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی خێزاندا، نزیکتر کردەوە، مافی مەرەخەسی باوکایەتی بوو بۆ منداڵداری لە یاسای هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا. کات تەرخانکردنی باوک بۆ منداڵداری، نەک تەنیا پەیوەندی و سۆزی نێوان باوک و منداڵ بەهێزدەکات بە ڵکوو دەتوانێ ڕەنگدانەوەی کاریگەری هەبێت بۆ جێگا و شوێنی باوک لە خێزاندا و گۆڕینی ڕۆڵی ئەو لە بژێودەرەوە بۆ بەخێوکەر یا چاودێریکەر.

ئەم ئاڵوگۆڕانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا لە ئاستی ساختاری و یاسادانانەدا ڕوویان دا. ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریان لەسەر گۆڕینی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو بە گشتی و بەرزکردنەوەی پلەی ژن بەتایبەتی هەبوو. هەروەها بوونە مایەی هێمنکردنەوە و ڕازیکردنی پیاو کە دان بە مافی ژندا بنێ و زیاتر هۆگر و ئاوێتەی ئیشی ناوماڵ و منداڵداری بێت Schlytter & Rexvid, 2013.

## دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەم وتارەدا پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەوە بکرێ کە گۆڕینی کەلتوور و دابونەریتی جیڕ و قیرسیچمەی ناموس ـو شەرەفخوازانە کە پێشینەیەکی درێژیان هەیە، تەنیا لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن، دژوار، بەرنامە و سیستەماتیکدا دەتوانێ مسۆگەربێت. دیارە ڕیفۆرمێکی ئاوا گرنگ پێشمەرجەکانی، توێژهاویشتنی کۆمەڵگای هەرەوەزییە بە جۆرێک کە تاکەکەس و ماف و ئازادییە بێ ئەملاوئەولاکانی دانی پێدا بهێندرێ و لەم بارەوە پاڵپشت و داڵدەی یاسایی هەبێت. هەروەها پشتسەرنانی کولتووری کۆیلانە و سەرکوتگەری ناموسخواز، پێشمەرجەکانی ئاڵوگۆڕ پێکهێنانی جیددی و بوێرانەن لە ژێرخانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، هونەری و

ئەدەبی کۆمەڵگای هەرەوەزی شەرەفخوازدا. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئاڵوگۆڕی جددی لە ژێرخانی کولتووری نامووسیدا پرۆسەیەکی درێژخایەنە، دەکرێ چەند خاڵێک و ئامانجێکی تا ڕادەیەک ڕیالیستییانە پێشنیاربکرێن. خاڵی یەکەم دەتوانێ بە گۆڕینی ڕۆڵی دایک و پەیوەندی ئەو لەگەڵ کوڕ لەناو پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی سەرەتایی primary socialization کوڕدا، بێتەدی. خاڵی دووهەم دەتوانرێ لەناو پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی پلە دووهەمی secondary socialization کوڕ لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا بێتەدی. دوایین بەشی ئەم وتارە تەرخان دەکرێت بۆ هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم دوو خاڵە.

## ڕۆڵی دایک لە بە کۆمەڵایەتیکردنی کوڕدا

لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونی سەرەتایی کوڕدا ڕۆڵی دایک و پەیوەندی ئەو لەگەڵ کوڕەکەیدا، وەک یەکێک لە فاکتەرە جۆراوجۆرەکانی ڕاگرتن و وەبەرهەمهێنانەوەی کولتووری نامووسی دەبینرێت. لێرەدا دەسبەجێ ئەم پرسیارە خۆی دەسەپێنێ کە ئایا ئەوە سیستەمی پیاوسالارییە کە دەبێ بگۆڕدرێ یا دایک کە خۆی بەرهەم، گیرۆدە و قوربانی کولتووری نامووسییە؟ بە بڕوای من ئەوە ڕاستە کە دایک بەرهەم و قوربانی سیستەمی پیاوسالاری و نۆرمەکانی ئەو سیستەمەیە بەڵام دایک تەنیا قوربانییەکی بێدەسەڵات نییە بە ڵکوو سیمۆن دو بۆڤوار - de Beauvoir, 2002 وتەنی قوربانییەکی هاودەستی سیستەمی پیاوسالارییە بەو مانایە کە ئەو پیاوانەی کە کۆڵەکەی ئەسڵی سیستەمەکە پێکدێنن لە داوێنی دایکدا پەروەردەدە بن. لەم بەشەدا هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆڵی دایک لە ڕاگرتن و وەبەرهەمهێنانەوەی کولتووری نامووسیدا دەکرێت.

لە کولتووری نامووسیدا ژنێک کە تەنیا کچی دەبن پلەی لە ژنی نەزۆک بەرزتر نییە .قەدر و ڕێزگرتن لە ژن لەو کەلتوورەدا، پابەستی توانایی ئەوە بۆ وەبەرهەمهێنانەوەی نێرینە. ”کچێنێ“، وەک ئامرازی وەبەرهەمهێنانەوەی پیاو لە ڕووی سیمبۆلیک و بەدونیاهێنانی منداڵی نێرینە لە ڕووی فیزیکییەوە گرنگیی هەیە. ئەمانە دوو بازگەن کە ژن لە کولتووری نامووسیدا دەبێ تێپەڕیان بکات بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ خۆی برەخسێنێ کە پلەی لەناو خێزان و کۆمەڵگادا بباتە سەر مێزی وتووێژ تا بەو جۆرە پێ بنێتە ناو هەرێمی بەشوەرگرتن لە دەسەڵات و ئۆتۆریتە Ghanim, 2009; Joseph, 1993/1994; Timimi, 1995; van Eck, 2003;

Wikan, 2003.

بەهۆی ئەوەی کە پلەی ژن لەناو خێزان و کۆمەڵگادا گرێدراوە بە وەبەرهەمهێنانەوەی نێرینەوە، پەیوەندییەکی وابەستەیی زۆرەملێ، لەنێوان دایک و کوڕدا پێکدێت. وابەستەبوونی کوڕ بە دایکەوە سرووشتییە لە حاڵێکدا وابەستەبوونی دایک بە کوڕەوە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و بەهای کولتووری زاڵ لە کۆمەڵگادا کە ژن وەک "زەعیفە"، بێدەسەڵات و وابەستە باردێنن و بەکۆمەڵایەتی دەکەن. دایک جگە لە وابەستەیی بە کوڕ، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خۆی، وابەستە بە یارمەتی کچیشە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ژیانی ڕۆژانەی خێزانی گەورە Ghanim, 2009; Timimi, 1995.

دایک لە کولتووری نامووسیدا کە مافی ژن ناسەلمێنێ، دەکەوێتە مەیدانی یارییەکەوە کە لەوێدا چاوەڕوانی نزیکترین، قووڵترین و بەهێزترین پەیوەندی لە کوڕەکەی دەکات بۆ هاوکێشکردنی باڵادەستی مێردەکەی. بە واتایەکی تر دایک لە کولتووری نامووسیدا کوڕ وەک نەیار یا ڕەقیبی باوک باردێنێ، هاوکات خۆشی چۆکدادەدا لەبەردەم باڵادەستی کوڕدا کە دایک خۆی ڕۆڵی چالاکی بووە لە گەشەپێدانیدا. کوڕ گرنگترین پارێزەی دایکە لە بەرامبەر نکۆڵی لێکردنی مێرددا. ڕۆڵی پارێزەبوونی کوڕ بۆ دایک دەبێتە هۆی ئەوەی کە دایک دەستی تێکەڵاوی دەستی کوڕ، کە براوەی کولتووری نامووسییە، بکات و پەیوەندی لەگەڵ کچ، واتە دۆڕاوی کولتووری نامووسی، بە شێوەیەکی تر دامەزرێنێت. دایک و کچ هەردووکیان قوربانی ڕاستەوخۆی هەمان سیستەمی کۆمەڵایەتین. ئەزموون و تامی تاڵی نەخوازراو و ناخۆشەویست بوون، کە دایک خۆی لە دەورانی منداڵی و گەنجیدا چەشتویەتی، دووپات و بەهێزتردەبن، کاتێک منداڵی مێینەی دەبێت. لەبەرئەوەیە کە پەیوەندی دایک و کچ هەستی سووچداریی، پەژارە و شکستی دایکی پێوە دیارە Ghanim, 2009; Joseph, 1993/1994; Timimi, 1995.

بەکورتی پەیوەندی نێوان دایک و کوڕ تایبەتە چونکە ئەوان بەرەیەکی هەلپەرستانە opportunistic alliance پێکدێنن بۆئەوەی دایک هەل بڕەخسێنێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی خۆی. بۆ ئەم مەبەستە دایک وەک نینۆک کەڵک لە کوڕ وەردەگرێت تا بتوانێت چنگی خۆی لە خێزان و بنەماڵەدا قایم بکات، بۆ ئەوەی ترسی ژن بەسەرهێنان کەمکاتەوە و بۆئەوەی کوڕ جۆرێک لە خۆی نزیککاتەوە کە دژ بە زۆرداریی باوک بەرامبەر بە دایک ڕاوەستێ و دایک بپارێزێ .کوڕ ئەگەرچی لە سیستەمی پیاوسالارییدا گەورەدەبێت و بەکۆمەڵایەتی دەبێت،

بەڵام بەو جۆرە کە وەک ژێردەست و بێدەسەڵات و"زەعیفە" سەیری خوشک و هاوسەر دەکات، ناڕوانێتە دایک بەهۆی ئەو بەرە ئۆپۆرتۆنیستییەی لەگەڵ دایک پێکیدەهێنێ. لە کولتووری nامووسیدا تەنیا ئەویندارییەک کە دەرفەتی پێدەدرێت و بە شانوشکۆوە سەیری دەکرێت، ئەڤینی دایک و کوڕە بۆ یەکتری. بەڵام پەیوەندی بەهێزی پڕ لە خۆشەویستی دایک و کوڕ، کە تا کۆتایی ژیانیان بەردەوامە، دەبێت بە کۆسپێک بۆ کوڕ/ پیاو بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی ساغ و پڕ ڕێز و بەهێز لەگەڵ خوشک، هاوسەر و ئافرەتی تر. وابەستەبوونی دایک بە کوڕ، دەبێتە هۆی ئەوەی دایک یارمەتی کوڕ بدات کە دەسەڵات نواندن بەسەر هاوسەر، خوشک و بەسەر خودی دایکیشدا، قورس و قایم بکات. لە هەمان کاتدا دایک هەستی بەرهەڵستکارانەی کوڕ دژی باوک هاندەدات و هەڵی دەخڕێنێ. بەکورتی دایک بۆ مانەوە و بەرزکردنەوەی پلەوپایەی خۆی، سەرمایەگوزاری دەکات لەسەر کوڕ وەک ئۆتۆریتەی زاڵ. دایک لەبەرئەوەی ئۆتۆریتەیەک دروستدەکات کە دواتر خۆی چۆکی بۆ دادەدا، ناتوانێ نموونە role model بێت بۆ کچ بە هەمان شێوە کە باب وەک نموونەی هێز، دەسەڵاتداریێتی و ڕێزداربوون بۆ کوڕ خۆی دەنوێنێت Ghanim, 2009; Joseph, 1993/1994.



وێنە: سەردار عبداللا

خاڵی گرنگ بۆ کۆتایی ئەم بەشە لە باس لەسەر ڕۆڵی دایک لە پرۆسەی سەرەتایی بەکۆمەڵایەتیکردنی کوڕ لە کولتووری نامووسیدا ئەوەیە کە تێگەیشتن و هاوسۆزی sympathy کوڕ بۆ دایک دەتوانرێت کەڵکی لێوەرگیرێت بۆ کارتێکردن و گۆڕینی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. بەبۆنەی پەیوەندی قووڵ و نزیکەوە لەگەڵ کوڕدا دایک دەتوانێت ئەو دەرفەتە برەخسێنێت کە تۆوی سیستەمێکی تر

بچێنێت، سیستەمێک بەهای مرۆڤدۆستانە بەگشتی و ڕێز بۆ ژن بەتایبەتی دەسەلمێنێت. دایک دەتوانێت وا لە کوڕ بکات کە پەیوەندی پڕمانا و باشتری لەگەڵ خوشک و هاوسەردا هەبێت El-Shamy, 1981; Ghanim, 2009.

## ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و بارهێنان لە بەکۆمەڵایەتیکردنی کوڕدا

مەرجی گۆڕینی بنەڕەتیی کولتووری نامووسی لە سیستەمی پەروەردە و بارهێناندا، هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆ، ئەوەیە کە قوتابی بەگشتی و بەتایبەت کوڕ، ئاشنابکرێن بە ماف و ئازادی سەرەتایی تاکەکەس. کوڕ دەبێت فێری سەلماندنی مافی ژیان، مافی کایە، شادی و خۆشی، مافی پراتیزەکردنی سێکس، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، مافی بڕیاردان لەسەر جەستە و سێکسوالیتی و هتد، ببێت. ئەرکێکی گرنگی سیستەمی پەروەردە ئەوەیە کە قوتابی مێینە فێربکات کە جەستەی ئەو دوژمنی ئەو نییە بە ڵکوو وەک سیمۆن دوبۆڤوار جەختی لەسەر دەکاتەوە(2002) ، مرۆڤ بە یارمەتی جەستەی چنگ لە دونیای دەوروبەری گیردەکات و هەوڵدەدات تێیبگات. جەستەی کچ/ ژن لە کولتووری ناموسخوازدا مایەی شەرم و سووکایەتییە، بۆیە شایەنی شاردنەوە، سنووردارکردن، ئازاردان، داغکردن، ئەندامبڕین / خەتەنەیە .پێویستە سیستەمی پەروەردە لە یەکەم هەنگاودا کچ ئاشتبکاتەوە لەگەڵ جەستە و سێکوالیتی خۆی. کچێک کە وەک سەرچاوەی شەرم و سووکایەتی سەیری جەستەی خۆی نەکات، تا ڕادەیەک دەتوانێت مەرجەکانی ڕەفتاری باڵادەستانە و خواوەندانەی پیاو بەرامبەر بە ژن بگۆڕێت El-Shamy, 1981; Joseph, 1993/1994.

ئەرکێکی گرنگی تری سیستەمی پەروەردە پێکهاتوە لە هەوڵێکی ڕاستەقینە و داهێنەرانە بۆ گۆڕینی ئەو سەرگوزشتە و چیرۆکانە بدات کە پیاو، پیاوەتی، شەرەف، ناموس و پیاوی بە شەرەف ـو نامووس ڕادەگرن و وەبەرهەمیدێننەوە. مێردمنداڵ لە کردەوە و گوفتاری کەسوکار و دەوروبەردا، ئایدیاڵی زاڵ و دڵخوازی کۆمەڵگا بۆ ئەم چەمکانە دەدۆزنەوە، دەستنیشانیان دەکەن و پاشان بەناوەکییان دەکەن. بە واتایەکی تر مێردمنداڵی کوڕ لە دەوروبەری دەبیسن کە چۆن باوک و باپیرانی ئازا و بەشەرەفیان داکۆکیان لە ناوبانگ، شەرەف و ئابڕووی خۆیان کردووە کاتێک ئەندامێکی مێینەی بنەماڵە یا پیاوێکی بێگانەیان سزاداوە کە لەگەڵ ژنی

بنەماڵەکەدا پەیوەندی خۆشەویستی یا جنسی بەر یا دەر لە هاوسەرگیریی بووە .هەروەها مێردمنداڵی کولتووری نامووسخواز شایەتی دەیان سەرگوزشتەی تاڵی ژنانی تایفە و دەروجیرانن کە لەناکاو ڕۆژێک بۆ هەمیشە بزردەبن و کەس بۆی نییە ناویان ببات و قەبرەکەیان بەسەرکاتەوە، ئەگەر قەبر و کێلیان پێ ڕەوا ببینن. ئەم چیرۆک و بەسەرهاتە واقعییانە، بە تێپەڕبوونی زەمان دەتوانن ببن بە بەشێک لە دەرک و دیدی کوڕ لەسەر پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، خۆشەویستی بەر لە هاوسەرگیریی، ژێرپێنان و بەزاندنی نۆرمەکانی کولتووری نامووسی. هەروەها لە بواری کردەوەشدا مێردمنداڵی ناو کولتووری نامووسخواز، هەر لە تەمەنی چوار-پێنج ساڵییەوە ئەرکی پاراستن و ڕۆڵی پاسەوانی لە ناوبانگ، شەرەف و ئابڕووی بنەماڵەیان بە بەژن دەبڕدرێ. بەشێکی زۆر لەو ئەرک و ڕۆلانە هیچکات دەرنابڕدرێن بەڵکوو بە کردەوە بە کوڕ نیشاندەدرێن و دەکەونە ئەستۆی. بۆ نموونە کوڕێکی پێنج ساڵان کە دەبێت کەسوکاری مێینەی گەورەساڵی لە دەرەوەی ماڵ ئێسکۆرت بکات، بەبێ ئەوەی باب و برا یا کەسوکاری نێرینەی تر بە ئاشکرا پێیان گوتبێت کە دەبێت پاسەوانی لە کەسوکاری مێینەی بکات کاتێک ئەوان چواردیواری ماڵ جێدەهێڵن، ڕیسا و یاسای گەمەکە تێدەگات. کوڕە منداڵەکە دەرک بەوە دەکات کە ئەندامانی مێینە مەترسییەکی هەمیشەیین بۆ شەرەفشکاندن و ئابڕووتکاندنی بنەماڵە و ئەو خۆی، گارانتی شەرەفی بنەماڵەیە. هەڵسوکەوت و کردەوەی لەو چەشنە لای کوڕ، دەتوانێت ئاکامی بە ناوەکیکردنی ئەو سەرگوزشت و چیرۆکانە بێت کە ئەو لە دەورووبەر بیستوونی. لێرەدا دیسان سیستەمی پەروەردە دەتوانێت سەرگوزشتە و چیرۆکی ئەڵتەرناتیڤ لەبەردەستی قوتابی نێرینەدا دانێت کە تیایاندا خۆشەویستی و سێکسی بەرو بەدەر لە هاوسەرگیری تاوان نین، کە تیایاندا ژن و پیاو ئازادانە هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن، کە پەیوەندی نێوان ئەندامانی بنەماڵە پەیوەندی نێوان تاوانکار و قوربانی یا دەستەمۆ و دەستەمۆکەر نییە بەڵکوو پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و ڕێز و دانپێدانانی یەکسانی ژن و پیاو دامەزراون Appiah, 2010.

کولتووری نامووسی، هەر وەک پێشتر جەختی لەسەر کرا، لەسەر بنەمای سیستەمێکی سەرکوتگەرانە دامەزراوە کە تیایدا هەم سەرکوتکەر هەم سەرکوتکراو دەستەمۆن. ڕیفۆرم بەسەرداهێنانی سیستەمێکی ئاوها جۆرێکی تر لە پراتیزەکردنی پیاوەتی دەخوازێت کە پێویستی بە کۆنترۆڵی

جەستە، سێکسوالیتی و دەرفەتەکانی ژن نەبێت و بۆ ڕاگرتنی ناوبانگ، ئابڕوو، پلەوپایە و کەسایەتی پیاو. سیستەمێک کە تیایدا بنەماڵە دەست نەبات بۆ سەرکوتکردن و تاوانی نامووسی. بە واتایەکی تر گۆڕینی کولتووری نامووسی پێشمەرجەکەی بارهێنان و پەروەردەکردنی پیاوێکە کە بۆ بەدیهێنانی خەون، خۆزگە و پڕۆژەکانی ژیانی خۆی بە پێویست و ڕەوای نازانێت کە نکۆڵی لە خۆزگە و پڕۆژەی ژیانی کەسوکاری مێینەی بکات .پیاوێکی وەها دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێت کە ژن و پیاو بە یەک ئەندازە مافی بەدیهێنانی حەز، ئاوات و پڕۆژەکانی ژیانیان هەیە و لە بەرامبەر یاسادا هاوشان و یەکسانن. دیارە ئاڵوگۆڕێکی لەو چەشنە پلەی ژن بەرزدەکاتەوە و ماف و ئازادییەکانی دەسەلمێنێ بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە مانای بنکۆڵکردنی پلەی پیاو و بێدەسەڵاتکردن و پێشێلکردنی ماف، ئازادی و سەربەخۆیی ئەو نییە بەڵکوو تەنیا بە مانای کورتکردنەوەی دەستی درێژی ئەوە لە بەکۆڵۆنیزەکردنی جەستە و بوونی ژن. ڕیفۆرمیزەکردنی پیاوەتی لە کولتووری نامووسیدا پەیوەندی ئەو لەگەڵ کەسوکاری مێینەی ئاسایی دەکاتەوە و کەسایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی ئەو لە ژن و کردار و ڕەفتاری ژن دەترازێنێت و پیاو تەنیا وەک بەرپرسی قسە و کردەوەی خۆی و نەک هیچ کەسی تر دەخاتە بەرچاوی هەڵسەنگێنەری دەورووبەر. لە هەمان کاتدا بڕینی ئەو ناوکە سیمبۆلیکە کە کەسایەتی پیاو بە ژنەوە گرێدەدات، دەتوانێت پەیوەندی پیاو لەگەڵ پیاوی تریش ئاسایی بکاتەوە و ترس و دڵەڕاوکێی ئەو کەم کاتەوە. پیاوێک کە لەوە نەترسێت کە هەمیشە دەبێت کەسوکاری مێینەی کۆنترۆڵ بکات بۆئەوەی بتوانێت بچێتە ناو کۆڕی پیاوان و هەمیشە هۆشی لای ئەوە نەبێت کە پیاوی تر دەیانەوێ "نا"ڕاستەوخۆ پیاوەتی و شەرەفی ئەو بشکێنن لەڕێگەی قسەوقسەڵۆک، تیروتوانج و جنێودان بە کەسوکاری مێینەی ئەوەوە، لە حاڵەتی ئامادەباشی دایم دێتەدەر. ئەو باری قورسی پارێزگاری لە شەرەفی بنەماڵە لەسەر شانی سووک دەبێت. پیاو لە دۆخێکی وادا دەتوانێت بە فیکر و مێشکی ئاواڵەترەوە خەریکی بەدیهێنانی خەون وخۆزگە و پڕۆژەکانی ژیانی خۆی بێت Appiah, 2010, Rexvid & Schlytter, 2012.

سەری قسەی ئەم وتارە ئەوەبوو کە پێشمەرجی ڕاگرتنی پیاوەتی و شەرەف لە کولتووری نامووسخوازدا دەستەمۆکردنی جەستە و ڕەفتاری ژن و نکۆڵیکردن لە بوونی کۆمەڵایەتی ئەوە. بنی قسەی وتارەکەش دەبێتە ئەوە کە ڕزگاریی ژن، سەلماندنی بوونی کۆمەڵایەتی، ماف و ئازادییەکانی ئەو، پێشمەرجی

ڕیفۆرمیزەکردنی پیاوەتی و ڕزگاری هەمـوانە لەو سـەرکـوتـکـردن و کۆیلەتییە کە کولتووری نامووسی بەسەر ژن و پیاودا دەیسەپێنێ.

## سەرچاوەکان:


- Abu-Rabia, A. (2011). Family Honor Killings: Between Custom and State Law. *The Open Psychology Journal*, 4, (Suppl 1-M4), 34-44.

- Abu-Zeid, A. (1965). Honor and shame among the Bedouin of Egypt. In J., Peristiany(Ed.), *Honor and shame* (pp. 256-257). London: Weidenfeld and Nicolson.

- Appiah, A. (2010).*The honor code: how moral revolutions happen*. New York: W.W. Norton.

Beauvoir, S.D. (2002). *Det andra könet*. Stockholm: Norstedt.

- Blok, A. (2001). *Honour and violence*. Cambridge: Polity.

- Bourdieu, P. (1999). *Den manliga dominansen*. Göteborg: Daidalos.

- Bredal Anja (2011). *Mellom makt og avmakt. Om unge menn, tvangsekteskap, vold og kontroll*. ISF Rapport (2011:004). Oslo: Institutt for samfunnsforskning.

- Campbell, J. K. (1964). *Honour, family and patronage: A study of institutions and moral values in a Greek mountain community*. Oxford: Clarendon Press.

- Carrigan, T., Connell, R. & Lee, J. (1995). Toward a new sociology of masculinity. *Theory and society*. (14(1985):5, s. 551-604).

- Cindoglu, D. (1997). Virginity Tests and Artificial Virginity In Modern Turkish Medicine. *Women's Studies International Forum*, Vol. 20, No. 2, pp. 253–261, 1997.

- Connell, R.W. (1995). Maskuliniteter. Göteborg: Daidalos. Coomaraswamy, R. (2005). Violence against women and 'crimes of honour'. In L. Welchman & S. Hossain (Eds.). *'Honour' Crimes, paradigms, and violence against women*. London: Zed Books.

- Coomaraswamy, R. (2005). Violence against women and ′crimes of honour′. In L., Welchman & S., Hossain (Eds.), *'Honour' Crimes, paradigms, and violence against women*. Zed Books, London.

- Delaney, C. (1987). Seeds of Honor, Fields of Shame. In D.D.

Erica L. Johnson and Patricia Moran (Eds.) *The Female Face of Shame*. Indiana University Press: Bloomington & Indianapolis.

- Ghanim, D. (2009). *Gender and violence in the Middle East*. Westport, Conn: Praeger Publishers.

- Giant, J. (1979). Illicit sexual relationships and family honor in Arab society. *Israeli Studies in Criminology*, nr 10 s. 179–202.

- Gilligan, J. (1997). *Violence: reflections on the National Epidemic*. New York: Vintage Books.

- Gilmore, D.D. (1987). *Honor and shame and the unity of the Mediterranean*. Washington, D.C.: American Anthropological Association.

- Johansson, T. & Kuosmanen, J. (red.) (2003). *Manlighetens många ansikten: fäder, feminister, frisörer och andra män*. (1. uppl.) Malmö: Liber.

- Johnson, E.L. & Moran, P. (2013). Introduction. In E. L., Johnson and P., Moran (Eds.) *The Female Face of Shame*. Indiana University Press: Bloomington & Indianapolis.

- Joseph, S. (1993). Connectivity and Patriarchy among Urban Gilmore (Ed.), Honor and Shame and the Unity of the Mediterranean. Washington DC: *American Anthropological Association Special Publication* nr 22 s. 35–48.

- di Bella Maria Pia (1992/2005). Name blood and miracles: the claims to renown in traditional Sicily. In J. G., Peristiany & J., Pitt-Rivers (Eds.), *Honor and grace in anthropology*. Cambridge: University Press.

- Ekenstam, C. (red.) (1998). *Rädd att falla: studier i manlighet*. Stockholm: Gidlund.

- El-Shamy, H. (1981). The Brother-Sister Syndrome in Arab Family Life Socio-cultural Factors in Arab Psychiatry: a Critical Review. *International Journal of Sociology of the Family*, Special Issue, *The Family in the Middle East*, Mark C. Kennedy, ed., vol. 11, no. 2, pp. 313-323 (July-December) 1981.
- Erdreich, L. (2006). Degendering the Honor/Care Conflation: Palestinian Israeli University Women's Appropriations of Independence. *ETHOS*, vol. 34, nr 1s. 132–164.

- Fayard, N. (2013). Rape, Trauma, and Shame in Samira Bellil's Dans L'enfer des tournantes in

هەواڵنامەی کتێب

Routledge.

•Martin, P. (2010). ”These days virginity is just a feeling: heterosexuality and change in young urban Vietnamese men”. *Culture, Health & Sexuality*, 12:5, 5–18.

•Mernissi, F. (1982). Virginity and Patriarchy. *Women's Studies ht. Forum*, Vol. 5, No. 2, pp. 183–191, 1982.

•Mitra, N. (2013). Partition Violence and Women, In E. L., Johnson and P., Moran (Eds.) *The Female Face of Shame*. Indiana University Press: Bloomington & Indianapolis.

•Parla, A. (2001) ”The 'honor' of the state: virginity examinations in Turkey”. *Feminist studies*, 2001, 27, no 1.

•Péristiany, J.G. & Pitt-Rivers, J.A. (1992). *Honor and grace in anthropology*. Cambridge: Cambridge Univ. Press.

•Rexvid, D. (2007). *Dominerad av dominans, en kvalitativ studie om hur pojkar/unga män med rötter i den muslimska världen förhåller sig till etniskt svenska män och vad detta förhållningssätt innebär för deras egna föreställningar om maskulinitet och heder*. C-uppsats. Institutionen för Socialt Arbete:

Working-Class Arab Families in Lebanon. *Ethos*, Vol. 21, No. 4 (Dec., 1993), pp. 452-484.

•Joseph, S. (1994). Brother/sister relationships: connectivity, love, and power in the reproduction of patriarchy in Lebanon. *American Ethnologist* 21(1): 50-73.

•Khan, T. S. (2006). *Beyond Honour. A Historical Materialist Explanation of Honour Related Violence*. New York: Oxford University Press.

•Kimmel, M. S., Aronson, A. (2008).*The Gendered Society Reader, 3rd Ed*. New York: Oxford University Press.

•Kimmel, M.S. (2012). *Manhood in America: a cultural history*. (3., [rev. and updated] ed.) New York: Oxford University Press.

•Lien, I.L. (2002). The dynamics of Honor in Violence and Cultural Change, In T., Aase (Ed) *Tournaments of power: honor and revenge in the contemporary world*. Aldershot: Ashgate.

•Lindisfarne, N. (1994). Variant masculinities and variant virginities: rethinking 'honour and shame'. In A., Cornwall & N., Lindisfarne (1994), *Dislocating Masculinity. Comparative Ethnographies*. London:

Welchman & S., Hossain (Eds.). *'Honour' Crimes, paradigms, and violence against women*, Zed Books, London.

•Stewart, F.H. (1994). *Honor*. Chicago: University of Chicago Press.

•Tillion, G. (2007). *My cousin, my husband: clans and kinship in Mediterranean societies /c Germaine Tillion; translated from the French by Quintin Hoare; foreword by Deniz Kandiyoti*. ([New ed.]). London: Saqi Books.

•Timimi, S. B. (1995). Adolescence in Immigrant Arab Families. *Psychotherapy*, Volume 32/Spring 1995/Number 1.

•Vincent, L. (2006).Virginity testing in South Africa: Re-traditioning the Postcolony. *Culture, Health & Sexuality*, January–February 2006; 8(1): 17–30.

Wikan, U. (2003). *En fråga om heder*. Stockholm, Ordfront.

Xiao Z. (1989). Virginity and Premarital Sex in Contemporary China. *Feminist Studies*, Vol. 15, No. 2, The Problematics of Heterosexuality (Summer, 1989), pp. 279–288.

Stockholms Universitet.

•Rexvid, D., Schlytter, A. (2012). Heroes, Hymen and Honour: A Study of the Character of Attitude Change among Male Youth with Their Roots in an Honour-Based Context.*Review of European Studies*, 2012, Vol.4 (2).

•Safilios-Rothcild, C. (1969). "'Honour' Crimes in Contemporary Greece." *The British Journal of Sociology*, vol. 20, nr 2 s. 205–218.

•Schlytter, A., Högdin, S., Ghadimi, M., Sjöberg-Backlund, Å. & Rexvid, D. (2009a). En undersökning av flickor och pojkar som lever under hedersrelaterad kontroll i Stockholm stad – omfattning och karaktär Stockholm: Stockholm Stad.

•Schlytter, A., Högdin, S. & Rexvid, D. (2009b). Rätten att själv få välja vem man ska gifta sig med – kartläggning bland unga i årskurs 9 i Stockholm stad i Gift mot sin vilja, Stockholm: Ungdomsstyrelsen.

•Schlytter, A. & Rexvid, D. (2013). Män som offer och gärningsmän i hedersrelaterade sammaںhang. *Barn, utsatthet och heder*. (S. 51-75).

•Sen, P. (2005). 'Crimes of honour', value and meaning, In L.,

# سەردار عبداللە

# و

# کاریکاتیرەکانی

هەواڵنامەی کتێب


پیاوەکە دەڵێن پەرلەمان بودجەی
پەسەندکردووە.. کوا بەشە بودجەی من!




هەواڵنامەی کتێب


بەڵێ نەوتی مفت
نەوتی خۆمان لە خۆمان
OIL
Made in Iraq
ئاگاداری.. هەر کەس خاوەنی ئەم گوێدرێژە دەناسێ سەردانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بکات


کلیلی سەری داخراوی دەستەڵات: جەماوەرە
Sardar 16


IRAQ
Syria
Sardar16


دەستی ماندوو لە سەر زگی تێرە!
Sardar 16


فتوا
نەورۆز
حەرامە!
NAWROZ
Sardar13


Sardar 16


MAY
INTERNATIONAL
WORKERS
DAY
Sardar

## دیکۆری بەلەکۆنە
## لە نێوان سەلەی سایەق و عەبەی نانکەردا

# بەخێربێن بۆ کۆمپانیای ڕەگەزسازی!

*بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)*

ناسیاوێکی دوورمان هەبوو خەیاڵی پێشمەرگایەتی دای لە کەللەی و بوو بە پێشمەرگە. قسە لەسەر سەرەتاکانی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردووە. کوڕێکی هەتا بڵێی ئازا بوو. لە شەڕێکی دەستەویەخەدا لە نزیک دێیەکی شارەزوور، لە گەرمەی شەڕەکەدا کاتێک لە سەنگەرەکانی پێشەوە دەبێت، بە مەبەستی وەرگرتنی مەخزەنی زیاتر لە هاوڕێیەکی خۆی کە لە سەنگەرەکانی دوایەوەیەتی، ئاوڕێک دەداتەوە و کەمێک دەگەڕێتە دواوە. لە بەدبەختی ئەودا، فیشەک لە سمتی دەدات و خراپ بریینداری دەکات. تۆ لە شەڕدا بیت و فیشەک لە قنگت بدات، دەکرێ سەدان تەفسیری بۆ بکرێت. ئەوەی کە لە هەڵهاتندا بووە بۆیە لە پشتەوە بەرکەوتووە، دەکرێ یەکێک لەو تەفسیرانە بێت. بەڵام حەکایەتی فیشەکی سمتی ئەو برادەرە، دەبێتە دۆزەخێک و سەرتاپای ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو داگیردەکات. لە شەڕدا دەکرێ فیشەک بەر زۆر شوێنی ئینسان بکەوێت، لەو شوێنانەش قنی ئینسان. بەڵام لە ناو کەش وهەوای کولتوری پیاوی بەجەرگ و کونلەجەرگدانەبووی پێشمەرگایەتیدا، خراپترین شوێنێک کە پیاوێتی پیاوی پێ لەکەدار ببێت، قنی پیاوە. پیاوێتییەکی لەکەدار، لە هەر شوێنێکدا کونجێک بۆ خۆی پەیدا بکات، لە ناو کەش و هەوای پێشمەرگایەتیدا، شوێنێک بۆ ئەو نییە.

تازە هاتبوومە سوید، لە سەر ئەو کەشتییانەی لە نێوان ئەڵمانیا و سویددا لە هاتوچۆدان کارم دەستکەوت و پاش ماوەیەکی زۆر کەم، بووم بە نوێنەری کریکارەکان لە یەکێتی کرێکارانی دەریا. کۆچبەرێکی زۆر لەسەر کەشتییەکە کاریان دەکرد. کرێکارێکی کچمان هەبوو ناوی (ئیلاین) بوو، کەسێکی سەرسەری و دەمەوەر بوو. تەنانەت گومانی ڕاسیستبوونیشی لێدەکرا. هیچ کەسێکی کۆچبەری بەناوی خۆیەوە بانگ نەدەکرد. ئەوەی

لە ئیتوپیاوە هاتبوو، بانگی دەکرد: تۆ ئەفریقی و بە کچەکانی سوریاشی دەوت: هێی عەرەب.

من زوو هەستمکرد ئەگەر ئیلاین نەوەستێنم، هیچ کەسێک بەناوی خۆیەوە بانگ ناکرێت. ڕاسیزمی ئیلاین بە جۆرێکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ بوو. نەیدەهێشت کەسێک گوومانی ئەوەی لێبکات و دەیخستە خانەی شۆخییەوە.

وەک نوێنەری سەندیکای کرێکاران، دانیشتنێکم لەگەڵدا سازکرد و پاش بگرە و بەردەیەکی زۆر، ئیلاین تووڕە بوو و لە ژووری سەندیکا چووە دەر. من دەمویست پێ بڵێم ئەگەر ئەو بە سوبعەتیشەوە ئەو کارە دەکات، پێوەرە ئینسانییەکانی سەندیکا و تەنانەت خاوەنکاریش ڕێگا نادات بێحورمەتی بە کەسێکی دیکە بکرێت بەوەی لە شوێنێکی دییەوە هاتووە. ئیلاین بە تووڕەیی ژوورەکەی جێهێشت و بە دەنگی بەرز بە منی وت: Fuck you!

کوردواتەنی: بتگێم. منێک کە دووساڵم لە سوید بردبووە سەر و تەپوتۆزی کولتوری کوردستان لە هەموو ڕەفتارمدا ڕەنگیدەدایەوە، زۆر بە ئارامی پێموت: ئاخر کەی؟ بە واتایەکی دیکە: کەی دەمانگێیت؟

ئیلاین بەسەرسوڕمانەوە چووە دەر و پێیوابوو من شێتم.

ئاخر بە زمانی کوردی کچ کەس ناگێیت، بەڵکو دەیگێن. ئەوەی کردارەکە دەکات، گانکردن، پیاوە. کچ یان ژن، بەرکارە. گاندەدات.

لەگەڵ ئەم دوو نموونە درێژانەی سەرەوەدا، کە سەرەتای دامەزراندنی باسەکەی من دەبێت، دەمەوێت سەرنجێک لە پرۆسەی ڕەگەزسازی بدەم لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە گۆشەیەکی هەتا بڵێی بچووکی ڕۆژنامەی هاووڵاتییەوە کە ئەویش



گۆشەی کچان و ماڵدارییە. گۆشەیەک کە دواتر لە ڕێی هەندێک لە ناونیشانەکانیەوە، ئاشنایەتییەکی زیاتری لەگەڵدا پەیدادەکەن. بە بڕوای من چۆنێتی سەرنجدان لە پرسیاری ڕەگەسازی یان ڕەگەزدروستکردن لە جەدەلەکانی یەکسانی نێوان ئینسانەکاندا لە کوردستاندا کەمترین تیشکی خراوەتەسەر. لە ڕاستیدا، پرسیاری یەکسانی لە کۆمەڵگای کوردستاندا تەنها یەک ڕەهەندی وەرگیراوە کە ئەویش لایەنە سیاسییەکەیەتی. ئیدی ئەوەی بە ڕژێمی جەندەر یان سیستەمی جەندەری کۆمەڵگا باسی لێوەدەکرێت

و وەک تۆڕێک سەرتاپای کۆمەڵگای تەنیوە و نایەکسانی ئینسانەکای تێدا بەرهەمدەهێنرێتەوە، هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نایەت کاتێک دەسەڵاتە سیاسییەکان دەگۆڕین. گرنگ نییە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی کێدایە، بەعس جێگا چۆڵدەکات بۆ یەکێتی و پارتی و ئەنسارولئیسلام هەڵدێت و هێزێکی دیکە جێیدەگرێتەوە، بەڵام هێشتا ستراکتۆرەکانی ڕژێمی جەندەر وەک خۆی کاردەکات.

تێڕوانینێك کە من لێرەدا بە شوێنییەوە دەبم، سادەترین ئەلف و بێکانی جەندەرە کە لە زمانە ئەوروپییەکاندا جێگایەکی گرنگی لە لێکۆڵینەوەکانی یەکسانیدا هەیە و لە ڕاستیشدا من نازانم ئەوانەی زاراوەکە دەهێننە ناو زمانی کوردییەوە، چەند توانیویانە بە مانا سادەکەی خۆی بەکاری بێنن. بەڵام بەر لەوەی سەرنجێک لە گۆشەی ناوبراوی .هاووڵاتی بدەم، دووبارە پێناسەکردنەوەیەکی چەمکی جەندەرم پێویستە.

## جەندەر، ئەلف و بێیەکی سادە

بەپێی سکرتاریەتی لێکۆڵینەوەکانی جەندەر لە سوید: "سیستەمێکی دروستکراوی جیاکاری کۆمەڵایەتیە کە ئینسان دەکاتە دوو کاتیگۆری ژن و پیاو و هەر یەکە لەم کاتیگۆرییانەش دەبەستێتەوە بە کۆمەڵێک ڕەفتاری کولتوری، سایکۆلۆژی، تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و نەخشەجوولەوە." هەروەها: "ئەو پرۆسێسە کۆمەڵایەتییەیە کە ئینسان و ئەنیستیوتەکان ڕەنگرێژدەکات بە تایبەتمەندییە ڕەگەزییە کۆلیکتیڤەکانی پیاوێتی و ژنێتییەوە." (1)

جەندەر لە زمانی ئینگلیزیدا بە ڕەگەزی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت. نەک ڕەگەزی بایۆلۆژی. ڕەگەزی بایۆلۆژی ئەوەیە کە من پیاوم و نەرمین ژنە. ڕەگەزی بایۆلۆژی دەستنیشانکەری ئەوەیە کێ نێر یاخود مێیە یان تێکەڵێك لە هەردوو ڕەگەزەکەیە. "نێر و مێبوون کاتیگۆرییەکانی ڕەگەزن. بەڵام نێرێتی و مێیتی یان پیاوێتی و ژنێتی کاتیگۆرییەکانی جەندەرن." (٢)

جەندەر بە هەموو ئەو ڕۆڵ و بەها و پێوەرە دروستکراوە کۆمەڵایەتییانە دەوترێت کە کۆمەڵگایەک لە دەوری نێرو مێی دەسازێنێت و بۆیانی دیاریدەکات کە وەک ژن و پیاو دەبێ چۆن بن. لە جیاتی ئەوەی سەرنج لەسەر ڕەگەزی بایۆلۆژی بێت، جەندەر دووبارە سەرنجدانەوەیە لە نێرو مێبوون وەک دیاردەیەکی قابیل گۆڕانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتوری. ڕەنگە وتە بەناوبانگەکەی (سیمۆن دی بوڤوار) کە دەڵێ: "ئێمە وەک ئینسان لە دایک دەبین، بەڵام بە ژن دەکرێین." باشترین دەربڕینی ڕوونکردنەوەی ئەوە بێت کە وشەی

جەندەر چییە. جەندەر سەفەری ئینسانێکە کە تازە لە دایک دەبێت و لەگەڵ پراکتیکی ڕۆژانەی ئینسانەکاندا لە کۆمەڵگادا وردە وردە و سیستماتیک دەکرێ بە ژن یان بە پیاو. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی جەندەر وەک کرداریش بەکاردەهێنرێت. Genderize کە بە مانای ڕەگەزدروستکردن دێت. بەوەی لە زمانی کوردیدا بەکارهێنانی وشەی جەندەر ئاماژەیە بۆ پێناسەی ئەوەی کە مەبەست لێی ڕەگەزی کۆمەڵایەتییە نەک ڕەگەزی بایۆلۆژی، من پێم باشترە کەڵک لە وشەی ڕەگەزسای وەربگرم لە جیاتی وشەی جەندەر. واتا بەکارهێنانی چەمکەکە لە حاڵەتی کرداردا، یان چاوگدا: ڕەگەزسازی.

پرۆسەی ڕەگەزسازی، دروستکردنی پیاوێتی و ژنێتی، کردەوەیەکی ڕۆژانەیە کە ئینسانەکان لە ناو کۆمەڵگادا هەمیشە لە دووبارە دروستکردنەوەیدان. ئەم پرۆسەیە ڕەگەزسازییە لە هەوادا ڕوونادات و لە ناو تۆڕێکی بەرینی دەسەڵاتدایە کە سەرچاوەکەی سەردەستەیی نێر و ژێردەستەیی مێیە. ئەوەی کە دەبێ تۆ بۆ ژنێک هەستیت لە پاسدا، پراکتیکێکی سادەی چۆنێتی دروستکردنی ژنێتی یاخود مێیەتییە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەم ڕەفتارە سادەیەی کە ژنان ڕۆژانە لە پاسدا



ڕووبەڕووی دەبنەوە، یەکێک لەو ڕیتواڵە کۆمەڵایەتیانەیە کە ڕۆژانە ژنێتی دروستدەکاتەوە و تەنانەت ژنان خۆشیان لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەیدا شەریکن. ئەم دیاردە سادەیە پراکتیکی دروستکردنی ڕەگەزی کۆمەڵایەتییە (جەندەر) لە کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی کولتوری کۆمەڵگای کوردستان و زۆر شوێنی دیکەی خۆرهەڵاتدا. لە کاتێکدا ئەم جووڵەیە لە سویددا بە سووکایەتیکردن بە ژن لە قەڵەمدەدرێت کاتێک تۆ جێگاکەی خۆت چۆڵبکەیت بۆ ژنێک یان

هەواڵنامەی کتێب

کچێک. تەنها کەسانی زۆر بەتەمەن کە ناتوانن بوەستن دەکرێ سوپاسی ئەوە بکەن کەسێک جێگاکەی بۆ ئەوان چۆڵکردووە. ئەم نموونە سادەیە بە ڕۆشنی ئەوەمان نیشاندەدات کە پرۆسەی ڕەگەزسازی ژنێتی چەند پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و کولتورییە. ئەوەی کە بە ژنێتی لە قەڵەمدەدرێت لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، دەکری جێگای گاڵتەجاڕی و سووکایەتی بێت لە کەش و هەوایەکی کولتوری دیکەدا.

لەناو لێکۆڵینەوەکانی جەندەردا، دەستەواژەی گۆشەنیگای جەندەری یاخود لە چاویلکەکانی جەندەرەوە لە کۆمەڵگا ڕوانین، دەستەواژەیەکی هەتا بڵێی گرنگە. بۆ دەبێ کرێکارەکانی کارخانەی ئەلبیسە زۆربەیان ژن بن، بۆچی لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ کچانی منداڵدا، کەسی گەورە دەنگی خۆی ناسکدەکاتەوە و بۆ کوڕان هەمان شێواز بەکارناهێنرێت و دەنگی قسەکەر گڕتر دێتە بەر گوێ. بۆ دەبێ ژووری کچان بە ڕەنگی پەمەیی بڕازێنرێتەوە و کوڕانیش بە ڕەنگی شین، چی ڕوودەدات کاتێک ژنێک بەرپرسیارێتیەکی باڵا وەردەگرێت لە ناو کەرتێکی کاری پیاوانەدا. ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری گرنگن و وەڵامدانەوەی جۆراوجۆر دەدەن بە دەستەوە کاتێک چاویلکەکانی جەندەر لە چاوی تەماشاچیدان.

## ڕۆژنامەی هاووڵاتی و ڕەگەزسازی

ئەمانە بەشێکی کەمی سەر وتارەکانی گۆشەی کچان و ماڵدارین:

- ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ژوری منداڵی دوو نەفەری
- ڕازاندنەوەی ماڵەکەت بەگوڵی سروشتی
- دیکۆری بەلەکۆنە
- ڕێکخستن بەر لە گەڕانەوە بۆ قوتابخانە
- هونەری ڕازاندنەوەی ڕەفە
- لەڕۆژی ڤالانتایندا هەستەکانت جوانتر دەربخە
- دیارییەک بۆ مێردەکەت هەڵبژێرە
- دوگیانێکی کەشخە بە لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە
- چەند بیرۆکەیەک بۆ بەسەربردنی شەوانی زستان لەگەڵ هاوسەرەکەت
- بەم شێوەیە خۆشەویستی خەسوت بەدەست بهێنە
- چەند ڕێنماییەک بۆ کڕینی ئوتوی قژ" (٣)

سەرنجێکی ئەم کارانە بدە کە کچان و ژنان دەبێ ئەنجامی بدەن:

"ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ژوری منداڵی دوو نەفەری، ڕازاندنەوەی ماڵەکەت بەگوڵی سروشتی، دیکۆری بەلەکۆنە، ڕێکخستن بەر لە

گەڕانەوە بۆ قوتابخانە، هونەری ڕازاندنەوەی ڕەفە"

ئەگەر ئەم پەیامانە لە زاری مامۆستایەکی ئاینییەوە بهاتنایەتە دەر بەوەی کە ژنان بێ لە کاری ناوماڵ و ڕازیکردنی دڵی مێردەکانییان هیچ شتێکی تریان لەسەر نییە، ڕەنگە کۆمەڵێک کاردانەوەی سیاسی بەشوێن خۆیدا بهێنایە و لەشکری وتارنووسانی داکۆکیکەر لە مافەکانی ژنان، چ لە ژن و چ لە پیاو، کەمپینێکی تایبەتیشیان ڕێکبخستایە. بەڵام هەتا ئێستاش تاکە کەسێک دەنگی لەبەرانبەر گۆشەی کچان و ماڵداری ڕۆژنامەی هاوولاتیدا هەڵنەبڕیوە. ئەو پەیامەی لەم سەردێڕانەی سەرەوەدا دەدوێت هێشتاکە ئەسیری دیدێکی هەتا بڵێی ترادیسیۆنییە کە تیایدا کاری ناوماڵ تەنها یەک ئەکتەری هەیە ئەویش ژنە. تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی سەردێڕەکاندا، دیدی "جنسی لەتیف" کە سەرقاڵی بەدەستهێنانی سۆزێکی زیاتری دڵی هاوسەرەکەیەتی، دیاری بۆ هاوسەرەکەی دەکرێت، دەبێ دڵی خەسوو بداتەوە و گوێڕایەڵی بێت، تەنانەت لە گەرمەی دووگیانی بوونیشیدا دەبێ ئەو کەشخەبێت تا مێردە حەیاتەکە دڵی نەڕەنجێت، بە هەمان شێوە لەو دیدە ترادیسیۆنییەوە دەستپێدەکات کە ژن دەخاتە ناو چوارچێوەکانی ماڵ و پیاویش دەخاتە فەزای دەرەوەی ماڵ. پیاو لەم تێڕوانینەدا، لە پاشایەکی بێدڵ و بێزمان دەچێت کە کەسێکی دی، ژن، دەبێ قاچی بشوات و هەستی بۆ دەربڕێت و ئەویش نووزەیەکی لێنەیەت لەبەرانبەر پێداویستییەکانی ڕەگەزی بەرانبەردا. ئەم کۆمەڵە سەردێڕەی سەرەوە نیشاندەدات کە بکەرەکانی بەرهەمهێنانەوەی ڕۆڵی ژن وەک جەنەڕاڵی یەکەمی کاری ناوماڵ، دەکرێ لەلایەن دەیەها ئەکتەری جۆراوجۆرەوە بەرهەمبهێنرێت. تەنانەت لە لایەن ڕۆژنامەیەکی بەناو مەدەنی و لایەنگری مافەکانی ژنانیشەوە کە هاوولاتییە.

گۆشەی کچان و ماڵداری، هیچ شتێک ناکات جگە لە دووبارە دروستکردنەوەی ژنێتییەک کە بەڕاستی لەمڕۆکەی کۆمەڵگای کوردستاندا بە حوکمی کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵدا، دەکرێ لە واقیعدا بەو خەستییەی خۆی نەبێت کە ڕۆژنامەی .هاوولاتی باسی لێدەکات و ستوونی بۆ ئامادە دەکات. ئەم نموونەیە بە زەقی نیشاندەدات کە دروستکردنی ژنێتی یاخود کچێتی بەو ڕۆڵانەوەی کە لەم ڕیپۆرتاژانەی ڕۆژنامەی .هاوولاتیدا نیشاندەدرێت، هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی کە چی لە ناوگەڵی ئینسانەکاندایە. لێرەدا جێگای ڕەگەزی بایۆلۆژی سفرە. ئاخر داکوتینی ڕەفە و ڕێکخستنی

ژووری منداڵ و دانانی گوڵ لە بەلکۆنەدا چ پەیوەندییەکی هەیە بە ناوگەڵی ئینسانەکانەوە. ئەوەی لەم نموونانەدا دەیبینین، ڕەگەزسازییەکی پرۆفیشناڵانەیە بۆ کچێتی و ژنێتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە سەر هەمان کۆد و پێوەرە ترادیسیۆنییەکانی کۆمەلگا و بە پێی ئەو چاوەڕوانیانەی دیدێکی ترادیسیۆنی هەیەتی لە بەرانبەر کچان و ژناندا. بەجیا لەو بەشانەی سەردێڕەکانی ڕۆژنامەی (هاووڵاتی) کە پەیوەندی بە (جنسی لەتیف)وە هەیە، یەک بەیەکی سەردێرەکانی دیکە لە کۆنتێکستێکی دیکەی ئەوروپیدا هەر هەموویان دەکرێ پراکتیکێکی بێرەگەزبن. واتا دەکرێ ئەنجامبدرێن و رووی پەیامیش لە ژن نەبێت. پیاو هەم دەزانێ بالکۆنە ڕێک بخات و هەمیش لە داکووتینی چەند دەنکە بزمارێکدا دەکرێ وەستایەکی باش بێت. بەڵام ڕژێمی جەندەر لە کۆمەڵگای کوردستاندا ژنێتییەک بەرهەم دەهێنێت بەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە.

## رەگەزسازیی و چاویلکەکانی جەندەر

ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە سەرنجێکی کۆمەڵگا بدرێت، لە باخچەی ساوایانەوە بۆ مەیدانی بەلەدییەی شار، لە بازاڕی فیتەرەکانەوە بۆ حەمامی ژنان، لە نەبوونی تەوالێتی گشتییەوە بۆ ریتواڵی تەعزییە، هەستدەکرێت ڕژێمی جەندەر لە یەک بەیەکی جومگەکانی کۆمەلگادا بەشوین دروستکردنی پیاوێتی و ژنێتییەکەوەیە کە تایبەتمەندی پێوەر و بەها کۆمەڵایەتیە زاڵەکانی کۆمەلگای کوردستانە. ئینسان کاتێک دژەوێنەیەک لە بەرانبەر ئەم وێنە گشتییانەدا دادەنێت، ئەوسا هەستدەکرێت کە رژێمی جەندەری کۆمەلگا چۆن کاردانەوەی خۆی نیشاندەدات. بۆیە گەڕانەوە بۆ نموونەکانی سەرەتای وتار دەکرێ پیویست بێت.

لە دۆخی پێشمەرگەیەکی سمت بریندارردا، کولتوری خەباتی چەکداری و پێشمەرگایەتی پیاوێتییەک دروستدەکات کە بە مانای کەلیمە دەستبەرداری خەسڵەتە ئینسانییەکانی خۆیەتی. پێشمەرگە پیاوێکی دەوێت نەگری، دەست لەسەر چەک، ئازا، ترس و دڵەڕاوکێ هیچ جێگایەکی لای ئەو نەبێت. پێشمەرگە بە مانای ڕاستەقینەی وشەکە لە پێش مەرگەوەیە. ئەوە ئەم تێڕوانینەیە کە بە شوێن دروستکردنی پیاوێتییەکەوەیە کە سمتی برینداری پێشمەرگەیەک دەکاتە دەستریژی نووکتە و لە ریزەکانی خۆی دەیکاتە دەرەوە. پیشمەرگەیەکی سمت بریندار ئەو هەڕەشەیەیە کە وێنەی پیاوی ئازا و جەربەزە دەخات ژێرپرسیارەوە. هەر بۆیەش دەبێ خێرا بکرێتە دەرەوە.

نوکتە لەسەر سمتێکی بریندار، چیرۆکی دووبارە دروستکردنەوەی پیاوێتیەکە کە دەبێ بە قارەمانی بهێڵرێتەوە. ئەو پیاوەی بە پێوە دەوەستێت تا شەهید دەبێت نەک لە پشتەوە بریندار بێت.

لە نموونەی سەرەگێژییەکانی (ئیلاین)دا کاتێک پیاوێکی کورد شاگەشکە دەبێت وەختێک کچێک بە پێی پێوەرە کولتورییەکانی خۆی جنێوی گایینی پێدەدا و ئەو دڵشادە، هەستدەکرێت کە رژیمی جەندەری کوردی چۆن پیاوێتی پیاوی کورد لە کردنی گاندا پیناسەدەکات و بۆ ژنیش ئەم کردارە یەکساندەکاتەوە بە گاندان، ئەوسا هەستدەکرێت کە پرۆسەی دروستکردنی پیاوێتی و ژنێتی لە بواری سیکسدا چۆن لە کۆمەڵگای کوردیدا کاردەکات.

## دوا وتە

بەخشینی ڕۆڵ و شوێنی تایبەتی بە ئینسانەکان لە کۆمەلگادا لەسەر بنەماکانی ڕەگەز، پیشەسازییەکی گەورەی کۆمەڵایەتییە و ئینسانەکان ڕۆژانە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەیدا چالاکانە کاردەکەن. بەڵام ئەم ڕۆل و شوێنپێیانە ئەزەلی نین و دەکرێ بەیانی ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت. ژن هەتا ئەزەل کرێکارێکی بێکرێی کاری ناوماڵ نییە. لانی کەم ئەمڕۆ لەسەر زۆرشوێنی سەرزەویدا ئەو کار و وەزیفانەی ڕۆژنامەی هاووڵاتی دەیبەخشێتە کچان و ژنانی کورد، زۆر ئاسان لای ڕەگەزی بەرانبەرەوە ئەنجامدەدرێت. هەڵبژاردنی زمانێکی ئینسانی کە تیایدا شوینپێی ڕەگەزی ئینسانەکان دیار نیە، هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ سەرنجدان لە تاکەکانی کۆمەڵگا وەک ئەوەی کە هەن بە توانا و لێهاتوویەکانی خۆیانەوە. لە راستیشدا پرسیاری یەکسانی بە دەستهەڵگرتنی هیچ کام لە ڕەگەزەکان نییە لە تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانی خۆیان، بەڵکو بە فەراهەمکردنی ئیمکانات و شانسی یەکسانە لە بەرانبەر هەردوو لادا وەک ئینسانێکی ئازاد کە ئینتیمای ڕەگەزیان بە هەند وەرناگیرێت.

## پەراوێزەکان:

1-http://www.genus.se/meromgenus/ordlista/#genus

2- http://www.who.int/gender/whatisgender/en/

٣- بڕوانە سایتی ڕۆژنامەی هاووڵاتی گۆشەی کچان و ماڵداری.

* ئەم بابەتە ٢٠-٠٢-٢٠١٤ نووسراوە.



# جەوهەری هونەر، لە هونەرمەند (کاروان عوسمان) دا!

کازم قادر

بێنە پێشچاو ڕۆژانێ بێ
هەموان هەموو شتیان ببێ
ئاسانە گەر تێفکری
هیچی موڵکی هیچکەس نەبێ.

بێنە پێشچاو،
کە هەمووومان لە ئاشتییدا بژین
گشتیی یەکسەر
ڕەنگە بڵێی خەیاڵات دەکەم
بەڵام هەر من نیم کەوا ئەڵێم
بە هیوام تۆش ڕۆژانێ بێ
تۆش ڕۆژانێ بێیتە کۆڕمان
دونیاش گەش..
دونیاش یەکسان.

بێنە پێشچاو موڵک نەبێ
سەد بریا تۆش دەتسەلماند
پۆشتەو خاوێن گشت بێینەدەر
بەشەر هەموو برا بووان.

بێنە پێشچاو ڕۆژانێ بێ
هەموان هەموو شتیان ببێ
ئاسانە گەر تێفکری
هیچی موڵکی هیچکەس نەبێ.

بێنە پێشچاو،
کە هەمووومان هەر بۆ ئەمڕۆ بژین
گشتیی یەکسەر، سنوورەکان هەر
نەمێنن
کوشتار نەبێ... بڕین نەبێ
بیرکەرەوە ئاین نەبێ
جەهەنم و بەهەشت نەبێ
سەرسەریشمان هەتا بڕۆی
غەیری ئاسمان چیتر نەبێ. (۲)

کاتێک مرۆڤ گوێی لەم گۆرانییە مەزنەی (کاروان عوسمان) دەبێت، ئیتر ساویلکانەترین و کۆمیدیترین شت ئەوەیە قەلەق و فریوی پیاوکوژبوونی کاروان عوسمان بێت و بخوێت. سەیرە مرۆڤێک ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی بەعسییەکاندا ژیابێت، گومان بکات دەست و پەنجەکانی ئەم هونەرە

هەواڵنامەی کتێب

نەخشەی کوشتنی مرۆڤێکی نوسیبێتەوە! یاخود مرۆڤێک خاوەنی ئەو هونەرە بەرزو مرۆڤایەتییە بێت، پێمانوابێت کاروان لە دەرەوەی هونەرەکەی لە خاچدراوە! گومان بکەین لە پشتی هاوارەکانی ئەم سرودەوە:

(بێنە پێشچاو مرۆڤ هەموو لە ئاشتییدا بژین، بێنە پێشچاو موڵک نەبێ... بێنە پێشچاو ڕۆژانێ بێ هەموان هەموو شتیان ببێ... بێنە پێشچاو، ئایین نەبێ جەهەنم و بەهەشت نەبێ...)

کارەکتەرێکی برسی و ویژدان مردوو خۆی شاردبێتەوە و بازاڕ بیرو ویژدانی لەو ستاندبێت!

کاروان لەم سرودەدا ئەڵێ : ببینن ئەگەر هەموومان لە ئاشتییدا بژین ئەوا هەموومان دەبینە برای مرۆیی یەکتر، برایەتیش هەرگیز نایەتە دی ئەگەر هەموو ئاسەوارەکانی پیسی موڵکایەتیی لە نێونەچن. کاروان بە دەنگێکی پڕسۆز، بە خەمێکی قووڵی مرۆیی کە گەرووی ئازار دەدات دەبێژێت: بێنە پێشچاو هەموان هەموو شتێکیان هەبێت، بەڵام شتگەلێک کە کاروان خوازیارە نەیانبێت، موڵک و ئایین و بەهەشت و دۆزەخ و خودایە.

کاروان هاواری نەمانی دۆزەخ دەکات، لە کوێشدا ئەم هاوارە دەکات، لە دونیایەکدا و لە سەرزەمینێکی دۆزەخییدا کە بەعسییە مرۆڤخۆرەکان جۆشیانداوە. دەشێت سەرەتا و هۆکاری گرتنی کاروان ئەوە بێت کە لەوانەیە ئەویش دەستی لە کوشتنەکەدا هەبێت، ئەم گومانە کاروان دەکێشێتە پای دادگەیەکی ڕەش و کوێر، گومانکردن بەسبوو بۆ ئەوەی بەعسییەکان نەک بڕادەری تۆمەتبارێک ڕاکێشی دادگەڕەشەکانیان بکەن، بەڵکو ئەوان هەڵەبجەیێکیان لەوەها تۆمەتێکدا خنکان، (دوجەیل) لێکیان بە داروبەردو هەموو بوونەوەرەکانیەوە تەختی زەمین کرد. ئەی ئەنفال چی؟ مەگەر بە دیویکیتردا و بە خوێندنەوەیەکیتر بە تۆمەتێک کۆمەڵکوژیی نەکران؟ بەڵام بەعسییەکان لە کاروان دا شتێکی ترسناکتر کەشفدەکەن، ئەویش دوای پشکنینی ماڵەکەیان و دۆزینەوەی چەند کاسێتێکی گۆرانی (هەڵبەتە بە پێی چاوپێکەوتن و وتەکانی کامەران عوسمانی برای کاروان کە ماڵپەڕی دەنگەکان لە گەڵیدا سازیداوە) .

لە دوای ئەو کەشفکردنە کاروان ئیتر چەقۆکێش و تۆمەتبارێک نییە کە دەشێت لەوەها کارێکەوە گلابێت، بەڵکو کاروان ئیتر هونەرمەندێکی شۆڕشگێڕە قووڵ بەکێشەکانی مرۆڤ و کۆیلەکاندا شۆڕبۆتەوە، خەم و ژان و هیواکانی زەحمەتکێشان لە گەرووی گیتارەکەیەوە دەچریکێنێت، ڕوون و زوڵاڵ وەک ئاو، بانگەوازی بەرابەریی دەکات، سرود بۆ هەڵەبجە

ئەڵێت کە بەعسییەکان بە نەخشەوە لە نێو ژەهردا خنکاندنیان.

کاروان بانگەوازی نەمانی سنورەکان دەکات، بەڵام لە سەرزەمینێکی بە مینرێژکراودا، نەفرەت لە شەڕ دەکات، بەڵام لە نێو جوگرافیایێکی شەڕانگێز و بە شەڕتەنراودا. ئیتر لێرەوە حەقیقەتی خنکاندنیکاروان دەست پێدەکات و دەبێت هەر لێرەشەوە پەی بە دوای وەهاکەسێکدا دەگەڕێن وەها هونەرێک پێشکەش بە ژیان بکات،شارێکیتر ژەهرباران دەکەن ئەگەر لە کوچەو کۆڵانە بەشمەینەت نشینەکانییەوە وەها هونەر و زایەڵەیەک ببیسترێت.

بەبۆچوونم ئیتر دەبێت دەستبەرداری بەڵگە هێنانەوە و سەلماندنی پیاونەکوژبوونی کاروان بین. ئەگەرچی کاروان بەو تۆمەتە



حەقیقەتی خنکاندنی بەرین. سەیرە مرۆڤێک سرودی (بێنە پێشچاو بەهەشت و دۆزەخ نەبێت) لە نێو (بەهەشت و دۆزەخی) بەعسدا، بژیت، کەسانێک هەبن و بکەونە تەڵەی ئەو گومانەوە کە کاروان بە هۆی تاوانی کوشتنەوە لە سێدارە دراوە. ئەم گۆرانییە لە سایەی بەعسدا هەزارجار کاروان مەحکوم بە مەرگ دەکات. بەعسییەکان هەزارساڵ بە ڕاپێچی زیندانکراوە و دواجار ژیانی لێسەندراوەتەوە، چوونکە خۆ سەر قاڵکردن بەوکارەوە لە دەرەوەی کاروان و هونەرەکەی، دابەزینە بۆ ئاستێکی نزم و کۆمێدیی، خولانەوەیە لە نێو بازنەی شرۆڤە باوو سواو و داخراوەکاندا. بۆ هەموو ئەوانەی لە هونەری ناکۆتا بەرزو مرۆڤایەتیی کاروان دەگەن و لە خەم و ئێشەکانی مرۆڤایەتییدا دەژین و گینگڵدەدەن،

دەبێت بۆ هەتایە، کاروان و هونەرەکەی بەرز ڕابگرن. کاروان هونەر و مرۆڤی کرێکاران و بە کۆیلەکراوەکان و بەرابەریی خوزانە، دەبێت هەر ئەوانیش کاروان و هونەرەکەی لە نێو دەستە زبر و ماندوەکانیاندا بەرزڕابگرن.

لە هەندێک نووسین و هەروەها لە چاوپێکەوتنەکەی (کامەران عوسمان) یشدا ئەوە دەبینین و گوێبیست دەبین کە تاکو ئێستا هیچ بۆ کاروان نەکراوە، مەبەستیان لە دەسەڵات و هونەری کوردییە کە ئاوڕێکیان لە کاروان نەداوەتەوە! کاروان هونەری ئێمەیە.هونەرمەندی کرێکاران و بەرابەریخوازانە، هونەری بۆ سوسیالیزمە. هونەرو هونەرمەندی یەکێتی ولقوچڵەکانی (هونەریی) پارتەکانی خێڵ نییە، تاکو ئێمە گلەیی و ڕەخنەمان لێیان هەبێت. ئەوەی کە ڕێکخراوی (هونەریی) پارتێک دەڵێت: کاروان (٣) چی بۆ هونەری کوردیی کردووە شتێکی سەیر نییە! چونکە لای ئەو ڕێکخراوە هونەرییە بێهونەرانە، هیچکردن بۆ هونەری کوردیی واتە دووزەلە و زورنالێدان بۆ دەسەڵات و بازاڕ، یانی تەپڵ لێدان بە دەستێک و پانکردنەوەی ئەویتریشیان بۆ پارەوپول. ئەم گوزارشە: کاروان چیکردووە بۆ هونەری کوردی، بێماناترین و ناشیرینترین وەڵامێکە کە سفرەی ڕێکخراوێکی بێ هونەر بە هونەری بداتەوە. تەنها گۆرانی (بێنە پێشچاو) بەسە بۆ ئەوەی بزانین هونەر چییە،تێبگەین هونەر دەتوانێت چەند قووڵ بە نێو ژان و واقیع و هاوارەکانی مرۆڤدا ڕۆبچێت، چەند کاریگەر دەتوانێت ئاوێزانی دونیای واقیعیی و خەون و هیواکانی مرۆڤ بێت. هونەرمەندبوون هێندە بابەتێکی چۆنییە هێند چەندیی نییە. کاروان بێجگەی گۆرانی (بێنە پێشچاو) ئەگەر یەک گۆرانی و سروودی تری نەوتبایە، هێندەی سەرەدەرزییەک لە بایەخی هونەرمەندبوونی کەم نەدەبووەوە. (بێنە پێشچاو) کۆتاییە بۆ ئەوەی لە جەوهەری هونەرو هونەرمەندبوون تێبگەین. سرودی (ئەنتەرناسێناڵ)ی (ئۆژین پۆتیە) بەسە تا وەک شاعیرێکی نەمر و تاهەتایی، زایەڵە و نرکەی (هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان) بە نەمریی لە ویژدان و کاسەی سەری میلێونان کرێکار و مرۆڤی بەرابەرییخوازدا بزرنگێتەوە و بمێنێتەوە.

بەبۆچوونم، نەک ئەوەی کاروان هیچی بۆ هونەری کوردی نەکردووە، بەڵکو لە هەموو مێژووی هونەری کوردییدا -هەڵبەتە ئەگەر شتێکی هەبێت ناوی هونەر و مێژووی هونەر بێت- هونەر و هونەرمەندێکی وەک (کاروان عوسمان) ی تێدا نییە. بێگومانم ئەمە زێدەبێژی نییە من ئەیڵێم، مرۆڤ ئەگەر نەیتوانی لە سۆز

و زریکەی (بێنە پێشچاو، موڵک نەبێت) تێبگات، هەرگیز لە (هونەر و کاروان) ناگات. چوونکە کاروان دەبێژێت (جەهەنم و بەهەشت) نەبێت، بەڵام ڕێکخراوی (هونەرمەندانی خێڵ) لە سایەی دەواری سوڵتانەکانی خێڵدا، سەرقاڵی زوڕنالێدان و پەیکەرتاشینی قارەمانانی ژن کوژ و




چنین و ڕستنی نەقش و نیگاری مافوورەکانن بۆ بازاڕ! لە پەنادەست کۆنەپەرستترین دەسەڵاتی خێڵەکیی و (جەهەنمیی و بەهەشتییدا) قەراریان گرتووە. ئیتر لەوە بێواتاتر و نابیناییتر نییە گلەیی و چاوەڕوانیی لە کۆرسی هونەری خێڵان بکەین تا پەیکەرێکی هونەریی بۆ کاروان دروست بکەن، کە کاروان لە نێوان هەزاران مرۆڤی دەست و پەنجە زبر و ماندوودا، بە خۆی و گیتارە پڕسۆز و سەداکەیەوە سەربەرز ڕاوەستابێت و سرودی (بێنە پێشچاو موڵک نەبێت) بێژێت. کاروان سەر بە دونیای ئێمەیە، ئەوانەی تینووی ئازادیی و بەرابەریین. بۆیە دەبێت هەرگیز ڕێگە نەدەین دەست و پەنجە و فڵچەکانی هونەری بازاڕ، ڕوخساری گەش و هونەریی (کاروان عوسمان) بشێوێنن و پیس بکەن، چوونکە ڕێکخراوە بێهونەرەکانی دەسەڵات ئێسک و پرووسکی مردووەکانیش دەکڕن و لە بازاڕدا دەیفرۆشنەوە. دەبێت بڵێین کاروان شانسی هەبووە کە تاکو ئێستا دەستی چەپەڵ و سەوداگەریی پیاوەکانی بازاڕی پێنەگەیشتووە. کاروان لە دوای گۆرانی (بێنە پێشچاو موڵک نەبێت) خۆی لە پەیوەندییە کالاًیی و

بازاڕییەکان ڕزگار کردووە. کاروان لەوێوە ئیتر مرۆڤێکی گەردوونییە و گۆرانی بۆ دونیایێکی بەرابەر و ئازاد دەچڕێت، دونیایەک کە سنوورەکان نەمێنن و مرۆڤەکان تەنها بۆ ئەمڕۆیان بژین.

بۆیە دەبێت مرۆڤە هاوئومێدەکانیکاروان یادی بکەنەوە و پەیکەری خۆی و گیتارە پڕسۆز و هاوارەکەی دروست بکەن. بۆرژواکان حەقیانە بێژنکاروان هیچی بۆ هونەری ئەوان نەکردووە، نەک هەر ئەوەش بەڵکوکاروان خوازیارە جەهەنم و بەهەشتەکەیان هەر نەبێت. ئەوان دەزانن کاروان چ سروودێکی ترسناکی بانگەواز کردووە، بۆیە هیچ سەیر نییە کاروان و گیتارە پڕ قیژەکەی بە خامۆشی و لە بیرکردن بسپێرن. بەڵام لایەنێکی تری خامۆشبوونی کاروان و ئامادەنەبوونی لە نێو ئەدەبیاتی ئاپۆرەی بەشمەینەتاندا،پەیوەندیی بە جۆشنەخواردنی هێشتای ئەم ئاپۆرەیەوە هەیە، هەروەها بەشێکیتری نائامادەیی و نازیندوێتی کاروان لە نێو ئەدەبیاتی کرێکاریی و سۆسیالیستییدا، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی ئەم بزوتنەوەیە و لاوازیی و بەرچاو تەنگی ئەدەب و هونەرێکی کرێکاریی و سۆسیالیستیی.

لێرەدا دەتوانم ئەوە بڵێم کە کاروان سەرەتای چەکەرەی ڕێچکەێکی هونەریی بەرابەرییخواز بوو، ڕێچکەی هونەریی (بێنە پێشچاو) دەروازەیەکە کاروان دەتوانێت لێیەوە پەلبهاوێ و ئاسۆی هونەربینیی خۆی ببینێ و فراوان بکات. هونەر لە سروودی (بێنە پێشچاو) دا بە تەواوی واتا لە خەسڵەت و جەوهەری خۆی نزیکبۆتەوە و ئاوێزانی ژیان و خەون و ئومێدە مرۆییەکان بووە. بە جیا لەو تێڕوانین و بۆچوونە بێمانا و پوچگەرییە کە پێی وایە، دەبێت هونەر لە دەرەوەی واقیع و خەون و خولیا مادیی و مەعنەوییەکانی مرۆڤ و ئایدیۆلۆژیاوە بێت، لەم گۆرانییەدا کە دەکرێت بڵێین گۆرانییەکی تەواو ئایدیۆلۆژییە، هونەر لەوپەڕی جوانیناسییدا بەرجەستەیە و خۆی نمایش دەکات. ئەو بۆچوونە کە پێیوایە دەبێت هونەر بکەوێتە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیاوە تەنها لە پەیوەند بە ئایدیۆلۆژیی سەرمایەداریی و بازاڕەکەیەوە دروستە، چوونکە هەموو شتێک لە بازاڕدا پیس و بۆگەن دەبێت، هەر شتێک بۆ بازاڕ خولقێنرا و سیفەتی کاڵایی پێبەخشرا، ئیتر لە واتا و بەها جەوهەرییەکەی خۆی دەکەوێت. بازاڕ وەک ئەو زەلکاوە وایە کە هەرچی مێش و مەگەسی پیسخۆر و پیسکەر هەن پێیەوە دەنیشن و دەڕێن. بێمانایە پێمانوابێت هەر شتێک بۆ بازاڕ و سەوداگەریی بخولقێندرێت ماناو خەسڵەت و جوانییە سروشتییەکەی

وەک خۆی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەدەب و هونەر و گۆرانیی بۆ ئایدیۆلۆژیی بەرابەریی و سۆسیالیستیی خەسڵەتێکی تەواو جەوهەریی و مرۆیی و جوانیناسیی هەیە. چی شتێک لەوە ئیستاتیکییترو هونەرییترە کە کاروان بە دەنگە پڕسۆزو ڕۆمانتیکییەکەی دەچریکێنێت (بێنە پێشچاو موڵک نەبێت... سنورەکان هەر نەمێنن...کوشتار نەبێ... بڕین نەبێ...)

ئەو بۆچوونە: (نابێت ئایدیۆلۆژیا لە هونەردا هەبێت) بە دیوێکدا تەمبەڵیی و شانخاڵی کردنەوە و




خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارەتیی لە بەرانبەر تەلبەندە دڕکاوییەکانی سنورەکاندا و خۆ نابیناکردنە بەرانبەر شەڕ و کوشتارگەکان، دیوەکەیتریشی ئەوەیە بەرهەمی ئەو ڕیاکارییە دەچێتە باخەڵی سەرمایە و زەلکاوەکانی بازاڕەوە. خاوەنانی ئەو بۆچوونە خۆیان کاتێک دەست بە نووسینی دیوانە شیعرو ڕۆمانە وەهمی و کارە هونەرییە بێهونەرەکانیان دەکەن، بیر لە بازاڕ و قازانج دەکەنەوە، واتە ئامادەکردنی کاڵاکانیان بۆ بازاڕ و بەو جۆرەی بازاڕ خواستی لە سەرە، بۆ زۆربەی خاوەنانی ئەو بۆچوونە

هونـەرو نـووسـیـن و کـارخـانـەی بـەرهـەمـهێنانـی ڕۆمـان، بێجگـەی بازرگانییکردن و چاوبڕینـە داهات و پارەوپول شتێکیتر نییە.

پرسیارێک لێرەدا بیکەین ئـەوەیە: کێن ئەوانەی ئەو بانگەوازە دەکەن و خەریکی کنەکردن و سەپاندنی ئەو وەهم و خۆخاڵیکردنەوەن لە بەرانبەر پیسبوون و لـەوتـانـدنـی دونـیـاێـکـدا کـە مـرۆڤ دادەڕزێنێت؟ مەگـەر هەر ئەوانە نین کە قسەیەکیان لە سەر سیستەمی زەلکاوی سەرمایە نییە و بە دەیان و سەدان تەونی جۆراوجۆر بـە خـودی سیـستـەمـی بازاڕەوە گرێیانخواردووە. بـازاڕ دەیـان سـاڵ و بـە نـوێـتـریـن تـەکـنـیـکـی تەکنـۆلـۆژیـای نـوێ و (هونـەریی)، ریـکـلام بۆ دەرپێ کورتێکی سێکسیی دەکات کە (من بێزم نایەت سـەیـری بـکـەم) بـەڵام لەوانەیە ئەو بەڕێزانە بە دوو چـاوی ئـەبـڵـەقـەوە لێیبڕوانن و بڵێن: ببینن هونـەر لـە نـێـو بازاڕی سێکسدا چەند فەنتازییە. بـەڵام لـەولاشـەوە شاڵاو دەکـەنـە سـەر هونـەر و هونەرمەندێک کە وێنەی (کـاروان عـوسـمـان) لـە




بەرزترین ئاستی هونەردا سروود و گۆرانی بۆ کۆیلەکان و بەرابەریی و سۆسیالیزم ئەڵێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئـەو بۆچوونـە هیچیتر نییە بێجگە لە کۆمێدیا و فریوە چەپەڵـەکـانـی دونـیـای بـازاڕ. (بێنـە پێشچاو، دونیای یەکسان) کە کـاروان

لە گەروو و ویژدانێکی پڕ هەست و عەشقەوە هاواری دەکات، مەزنترین وەڵامی ئیستاتیکی و هونەرییە بەو فریوکاریی و خۆخاڵیکردنەوەیەی دەداتەوە. هونەر دەبێت هەر ئەو هاوار و ئاوێنەیە بێت کە لە کاروان دا بەرجەستە بووە، ئەگینا لە دەرەوەی ئەو دەبێتە کاڵا و موڵک و بە تەنەکەی زبڵی بازاڕەوە دەنیشێت.

لایەنێکیتری (کاروان عوسمان) کە پێویستە ئاماژەیێکی پێبدەم ئەوەیە کە کاروان نەیتوانیوە بە تەواوی زەین و هزری خۆی لە ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزم ڕزگار بکات، کە ئەوە حەقیقەتێکە نابێت چاوپۆشیی لێبکەین. بۆ نموونە کاروان لە لایەک سروودی (بێنە پێشچاو موڵک نەبێ) ئەڵێت لە لایەکیتریشەوە شیعری ناسیۆنالیستێکی وەک شێرکۆ بێکەس دەکاتە گۆرانی، کە لە هەموو مێژوو و کۆی شیعری شێرکۆ بێکەس دا وشە و دێڕێکی مرۆیی و گەردونیی وەک (بێنە پێشچاو، دونیای یەکسان) ی تێدا نییە. یان شیعرێکی ناسیۆنالیستیی وەک (سەربازی ون) ی شاعیرێکی نێرسالاری وەک عەبدوڵا پەشێو دەکاتە سروود. هەڵبەتە کە ئەڵێم شاعیرێکی نێرسالاری وەک عەبدوڵا پەشێو مەبەستم تۆمەت دروستکردن و سوکایەتییکردن نییە. هەرگیز، بەڵکو نموونەی بەرجەستەم لە بەردەستدایە. عەبدوڵا پەشێو لە شیعرێکی عەیارە بیست و چواری نێرسالارییدا (لە دەستم دێت) ئەڵێت:

لەدەستم دێ  
ئەڵقەی پەنجەت پێ فڕێ دەم  
نامەی بەختت بسووتێنم...  
کام شەوت گەش و ڕووناکە  
ئەو شەوی پف لە چرا کەم...  
تاڵێکی پرچت نەماوە  
تێر تێر بۆنم نەکردبێ  
جێی دەرزییەک لە سنگی برسیت  
نەماوە  
پەنجەم پەی پێ نەبردبێ...

*(ڕوو لە نەوا و ڕوو لە کڕێوە: عەبدوڵا پەشێو، لاپەڕەکانی ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩)*

بەڵام با بزانین بۆچی عەبدوڵا پەشێو ئەڵێت لە دەستم دێ نامەی بەختت بسووتێنم و فوو لە چرا بکا و شەوە گەشەکانی ژنێک بکاتە شەوەزەنگ و گەردنی بخاتە بەر تەوری جەلادانی ژنکوژ و پیاوسالاریی؟ چوونکە ژنەکە یان ئەو کچەی کە عەبدوڵا پشێو شیعرەکەی بۆ نووسیوە، دەزگیران یان خۆشەویستی ئەو (پەشێو) بووە، بەڵام لە بەر هەر هۆییێک بێت کچ - یان ژنەکە - لێی جیا دەبێتەوە و لە گەڵ کەسێکیتردا پەیوەندی دەگرێت، بەڵام پەشێو ئەو کارەی پێقوت نادرێت. یاخود ئەڵێت ئەگەر بمەوێت دەتوانم هەر ئێستا نامەی بەختت بسووتێنم و بتخەمە بەر چەقۆی ژەنگاویی نێرسالاران و سەرت لە جەستەت جیا بکەنەوە!

چونکه ئەو، عەبدوڵا پشێو، بەڵگەی لایە... بەڵگەی چەند ساڵ پێکەوە بوون... ئەو بەڵگانەی ماچ و شتیتری کردووە و پەنجەکانی نێرسالاریی پەی بە هەموو شوێنێکی جەستەی بردووە. بۆیە ئەڵێت هەر ئێستا دەتوانم فوو بە زوڕنای نێرسالارییدا بکەم و بێمە بەردەم ماڵەکەتان و بە دەزگیران و مێردی تازەت بڵێم: هەرچی تۆ پێت خۆش نەبێ و شکۆی پیاوسالاریی نەوی بکات، لە گەڵ ئەو ژنەی تۆدا کردوومە... (هونەرمەندان) ی کوردیش ئەو شیعرەیان کردووە بە گۆرانی و لەوانەشە یەکێک بێت لە باشترین گۆرانیی لە نێو هونەروگۆرانیی و موزیکی کوردییدا!

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا گۆرانیی (بێنە پێشچاو مولْک نەبێ) دابڕانێکی قووڵ و ڕیشەیی کاروانە لە زەین و هزری ناسیۆنالیزم و خورافاتەکانی. کاروان لەو سروودەدا بە چڵەپۆپەی هونەر گەیشتووە و بەردی بناغەی هونەری وەک خۆی داناوە. ئیتر ئێمە لەو سروودەوە کاروان بە مرۆڤی خۆمان و بەرابەریی دەزانین و هەمیشە بەرز ڕایدەگرین. بە گوێگرتن لە زایەڵەی (بێنە پێشچاو) هەموو ڕۆژێک یادی دەکەینەوە، هاواری ئەو بۆ هەتایە بە مێژوودا شۆڕ دەبێتەوە و دەنگ دەداتەوە. دڵنیام هەتا سیستەمی بازاڕو خەون و خولیای بەشمەینەتان بۆ ئازادیی و بەرابەریی و سۆسیالیزم بمێنێت، دەنگ و زایەڵەی (کاروان عوسمان) بۆ هەتایە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. کاروان ئەگەر گۆرانی (سەربازی ون)یشی وتبێت، دواجار لە سروودی (بێنە پێشچاو)دا لە شەقەی باڵی بەرابەری داوە. کاروان لە دەورانێکدا ژیاوە دەتوانین بڵێین تەواوی بزوتنەوەی چەپ و سۆسیالیستیی لە ژێر تەپ و تۆزو وەهمی ناسیۆنالیستییدا بوونە. بۆیە ئەگەر کاروانیش لەو بارەوە خەوشێکی هەبێت، ڕەنگدانەوەی چۆنێتیی گەشەی بزوتنەوەی سۆسیالیستیی ئەو دەمەوە هەیە. ئێمە دواجار لە کاروان دا بەرزترین هونەرو سروودی بێنە پێشچاومان هەیە. ئەو سروودە بۆ هەتایە کاروان بە ئێمە ئاوێزان و شەتەک دەدات.

## پەراوێزەکان:

١- ئەم نووسراوە لە ١٠-٠٢-٢٠٠٩ نووسراوە.

٢- سوپاس و ڕێز بۆهاوڕێ (هەژێن) کە سروودی (بێنە پێشچاو)ی کاروانی بۆ نووسیمەوە و بۆی ناردم.

٣- لە وتووێژی ماڵپەڕی (دەنگەکان) لە گەڵ کامەران عوسمان ی برای کاروان عوسمان دا هاتووە کە، ڕێکخراوی هونەرمەندان پێیان گوتوە: کاروان عوسمان چی بۆ هونەری کوردی کردووە.

❁

# شیعری شۆڕشگێڕانە و پەرجووی هەمیشە زیندووبوون



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کەنەدا ٢٠١٥

لەوەتەی مرۆڤ لەسەر ئەم هەسارەیە پەیدا بووە لەگەڵ سروشت لەلایەک و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیی و ژیارییەکان لە لایەکی تر لە ململانێ و زۆرانبازیدا بووە، هەوڵیشی داوە بە ڕێگای جیاواز ئەو ململانێیی و زۆرانبازییانە وێنا بکات و بۆچوونی خۆی لەسەریان بەیان بکات. یەکێک لە سیفەتە هەرە بەرچاوەکانی مرۆڤ ئارەزوو بووە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن، ڕەتکردنەوەی کۆن و هێنانە کایەوەی نوێ بووە لە جێگایاندا. هەرچەندە مەرج نییە هەموو ئاڵوگۆڕەکان لە بەرژەوەندی مرۆڤدا تەواو بووبێتن، بەڵام ئاڵوگۆڕە ڕادیکاڵەکانی نێو کۆمەڵگە جێگایەکی بەرز و شیاویان لە پانتایی ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤدا هەبووە و هەیە کە لە پێداویستی ژیانەوە سەریان هەڵداوە یان سەر هەڵدەدەن. مرۆڤ و دەوروبەری خەسڵەتی گۆڕاویان هەیە و بەپێی یاسا گەلێکی تایبەت دەگۆڕین و گەشە دەکەن و دواتریش لەنێو دەچن یان جێگا بۆ شتگەلی تر چۆڵ دەکەن. مرۆڤ هەر زوو لە ڕێگەی گۆرانی و سەما و هونەری نیگارکێشان و ئینجا شیعرەوە گوزارشتی لە خەون و ئارەزووەکانی خۆی کردووە. واتا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شیعر پەیوەندییەکی لەمێژینەیە. مرۆڤ شیعری کردە ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوون و وێناکردنی ئەو واقیعەی تێیدا ژیاوە. ئەم جۆرە شیعرە، شیعری خەڵک و پەیوەست بە ژیانی خەڵک، شیعرێک بووە لەگەڵ ویست و حەز و خولیا و ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ گۆڕانکاری ژیاوە و هەناسەی داوە. لە هەر شوێنێک ئەم شیعرە گوزارشتی کردبێ لە ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵانەی کۆمەڵگە، ئەوا شیعرێکی شۆڕشگێڕانە بووە و لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا ماوەتەوە. شیعری شۆڕشگێڕانە شیعری بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە خوازیاری ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیە لە کۆمەڵدا. ئەم جۆرە لە شیعر هەمیشە لە یاخیبوون و

شۆڕشەکاندا گەشەی کردووە و بەرەو پێشچووە. "بەپێی تیۆروانینی مارکسیستەکان تەنانەت ئەدەب لەخودی خۆیدا دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتییە کە ئەرکی تایبەتی ئایدیۆلۆژی بەپێی باکگراوندنی ئایدیۆلۆژی نووسەر لەسەر شانە".(١) لێرەوە هیچ مرۆڤێک نییە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەر بە ئایدۆلۆژی یان لەژێر سێبەری ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتیدا نەبێت. تەنانەت ئەو مرۆڤانەی کە دەڵێن ئێمە هەموو ئایدیۆلۆژییەک ڕەت دەکەینەوە، لەڕاستیدا هەڵگری جۆرێک لە ئایدیۆلۆژین. ئۆجین پۆتیە و هانریش هاینە و ئەراگۆن کرۆ و پاپلۆ نیرۆدا و پرتۆلد برێخت و نازم حیکمەت و خوسرەوی گوڵسورخی و مزەفەر نەواب و ئەحمەد مەتەر و حەبیب جالب و ڤلادیمیر مایاکۆفسکی و نێلسن پێریی و لەنگستن هیوز وفریدریک گارسیا لۆرکا و جۆ هیڵ و نیکۆلا ڤاپتزاروڤ و کێنس فیرینگ و ئدوین ڕۆڵف و هۆراس گریگۆری و مایک گۆڵد و تاد، بەشێکن لەو تەیفە بەرفراوانەی ئەدیبان و شاعیرانی شۆڕشگێڕ کە بە شیعرەکانیان بەشدارییان لە خەباتی چینایەتی دژ بە ستەم و نادادپەروەری کۆمەڵایەتیی سەرجەم کۆمەڵگەی ئینسانیی کردووە. خەمی ئەم شاعیرانە خەمی ئینسان بوو. دیارە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریش تەنها چینی کرێکارە کە خەمی سەرجەم مرۆڤایەتی هەیە. ئەم شاعیرانە و زۆریتر گرەوە مێژووییەکەیان لەوەدا بردۆتەوە کە ئازادی و ڕزگاری لە ستەم و چەوسانەوە ناوەڕۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان بووە. ئەمە ئەو شوناسەیە کە جیایان دەکاتەوە لە ئۆقیانووسێک لە نووسەر و شاعیرانی تر لە کۆمەڵگەی ئینسانی کە بەجۆرێک لە جۆرەکان لەژێر ناوی نەتەوە و ئایین و نەژاد و نیشتمانپەروەری و ڕەگەز، بەرگری لە ستەم و پاڵپشتی لە چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان دەکەن. شیعری شۆڕشگێرانە بە ئاسۆ و ئامانجێکی خەباتکارانەوە لەگەڵ خوێنەردا لە پرۆسەیەکدا لێکهەڵدەپێکرێن. پرۆسەیەک کە نووسەر و دەق دەیانەوێ ئاڕاستەی بیرکردنەوەی خوێنەر لە مرۆڤێکی سادە و تەمەڵ لە بیرکردنەوەوە بگۆڕن بە خوێنەرێکی چالاک لە بیرکردنەوە. ئەمەش بە سیاسیکردنی خوێنەرە و هێنانە دەرەوەی تەیفێک لە خوێنەری بیر ڕووناکی لە هەلومەرج حاڵیبوو، کە خواستی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە یەکێکە لە خواستە هەرە دەستبەجێکانی. ئەم سیاسیبوونەی خوێنەر لەڕێگەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییەوە زۆر جیاوازە لە کۆمیدیای سیاسیبوونی تاکی کۆمەڵگە لەڕێگەی حیزبە بورژوا ڕەنگاوڕەنگەکان. شۆڕشگێڕبوون و شوناسی

ڕادیکاڵبوونی دەقی ئەدەبیی پەیوەستە بە ئینتمای چینایەتییەوە.. بورژوازی بەپێی گەشەی مێژوو ئەگەر لە دەورانی خەبات دژ بە پایەکانی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی فیوداڵی شۆڕشگێڕ بووبێ، ئەوا ئیتر ئەمڕۆ هیچ شۆڕشگێڕیەتێکی نەک هەر نییە بگرە تا سەر ئێسقانیش کۆنەپەرستە.

ئەو چینەی (چینی کرێکار) کە بەرژەوەندی لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانی پایەکانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆنەپەرستی بورژوازی هەیە شۆڕشگێڕە و ئەدەبی ئەو چینەش ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانەیە.

بەمجۆرە شیعری شۆڕشگێڕانە شیعری ئەو لەشکرە لە بەرهەمهێنەرانە کە چەرخی کارگەکان دەسوڕێنن. شیعری شۆڕشگێڕانە شیعری کرێکارییە، شیعری جیهەتگیریی کرێکارییە. بەڵام مەرج نییە نووسەری شیعری کرێکاریی خۆی کرێکار بێت. چونکە دەشێ کرێکارێک شاعیر بێت و هەڵگری ئایدیۆلۆجی بورژوازی بێت.

لەکاتێکدا دوور نییە نووسەری دەقێک کرێکار نەبێت بەڵام پارێزەری




بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران بێت. بۆگدانۆڤ دەڵێ " شاعیر لەوانەیە بەپێی مەوقیعیەتی چینایەتی خۆی سەر بە چینی کرێکار نەبێ، بەڵام ئەگەر بە قووڵی ئاشنایەتی کۆی ژیانی پرۆلیتاریا بێ، ئەگەر لەڕاستیدا و بە دڵسۆزی بەو جۆرە بیر بکاتەوە، بەواتایەکی تر ئەگەر ڕوحی خۆی ئاوێتەی ژیان و خەباتی پرۆلیتاریا بکات ئەوکات دەتوانێ دەربڕینێکی هونەریی پێشکەش بە پرۆلیتاریا بکات و ڕەنگە ببێتە ڕێکخەری هێز و نەستی شێوەی شیعریی خۆی." (٢) بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی کرێکاریی ئەوەیە کە تا چ ئاستێک پەیوەستە بە ژیانی سیاسیی و

کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و تا چ ئەندازەیەک پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارە لە دژی سەرمایەداران. شیعری شۆڕشگێڕانە گەلێ پێودانگی جیاجیای هەیە و هەر چین و توێژێک بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی ڕاڤە و پێناسەی دەکا. چونکە چین و توێژەکان هەموویان خۆیان بە شۆڕشگێر و لایەنگری ئاڵوگۆڕ دەزانن. بەڵام لە ڕاستای ئەم نووسینە و لە ڕوانینی ململانێی چینایەتییەوە مەبەست لە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە، ئەدەبی چینی بنیادنەری کۆمەڵگەیە، واتە چینی کرێکار. واتە تەنها و تەنها ئەدەبی چینی کرێکار ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانەیە. ئەدەبی چینی کرێکاریش وەک شێری لینکۆن ئاماژەی پێدەدا "گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەیە کە گوزارشت لە ژیانی واقیعی چینی کرێکار دەکەن."(٣). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە هەناوی ڕووداوەکان و ململانێی چینەکاندا گەلێ توێژی کۆمەڵایەتی تر دێنە مەیدان و بە ئەدەب گوزارشت لە بیروبۆچوون و خەونەکانیان دەکەن. لەم نێوەشدا، بەرهەمی ئەدەبیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەچەشنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن و پیاو و بزووتنەوەی ڕەتکردنەوەی ئایین و بزووتنەوەی دژی ئاپارتاید و بزووتنەوەی دژی ڕاسیزم و بزووتنەوەی دژی کاری منداڵان و بزووتنەوەی مافی پەنابەران و تاد، پشکی شێریان بەردەکەوێ و دەکەونە بەر سێبەری ئەو پێناسەیەی کە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لەخۆیدا هەڵیگرتووە.

ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی جیهان هەر لە ڕاپەڕینی کۆیلەکان بە ڕابەری سپارتاکۆس و شۆڕشی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر، بوونە زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەی شیعری شۆڕشگێڕانە و بەتایبەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە کاریگەرییەکەی بە جۆرێک بوو کە ئەدەبی جیهانیی کرد بە دوو لەتەوە. بە گوزارشتێکی تر، وای کرد هەموو جیهان لەسەر بنچینەی ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی و ئەدەبی بورژوازی هەڵوێستگیریی بکەن.(٤)

شیعری شۆڕشگێڕانەی کرێکاریی، شیعری بەرەنگاربوونەوە و ڕەتکردنەوەیە..شیعری نیشاندانی ڕووە دزێو و جوانەکانە، شیعری هێرش و ستایشە. شیعری ڕادیکاڵی کرێکاریی لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی کرێکار و خەبات و تێکۆشانی ئەو چینە لە دژی چینی سەرمایەداری سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. واتە شیعری کرێکاریی شیعری ژیان و خەباتی چینی کرێکارە، چیرۆکی نەبەردە چینایەتییەکانی کرێکارە لە دژی بورژوازی و دامودەزگاکانی سەرمایەداری. کێرڤی ڕوو لە پێشی شیعری کرێکاریی لەگەڵ ڕەوتی خەباتی چینایەتی کرێکار بەرز و نزم دەبێتەوە. باری

ناهەمواری ژیانی کرێکاران، سەعات کاری زۆر، کرێی کەم، نەبوونی خزمەتگوازی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان، نا ئەمنی شوێنی کار، ناڕێکخرابوونی کرێکاران، نەبوونی ئازادییە سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئامرازەکانی خەبات لە چەشنی مانگرتن و ناڕەزایی بە تاک تاک و بە کۆمەڵ، خۆپیشاندان، تا دەگاتە خەباتی چەکداریی و شۆڕش، ئەمانە کۆی بەدەنەیەکی گەورەترن لە ئیرادەیەکی تۆکمە بۆ دەرخستنی ئایدێنتیتی خەبات و ئینجا شیعری چینایەتی کرێکار. بەرهەمی ئەدەبی کرێکاریی لێرەوە پێناسەی خۆی دەکات و سنووربەندی لەگەڵ ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بورژوازی دادەنێ. شیعری کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاری لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕۆڵیان هەیە لەبردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی. "ئەدەبی شۆڕشگێڕانە چەکێکە لە ململانێی چینایەتی و لەسەریەتی کار لە هۆشیاری خوێنەرانی بکات بەرەو چالاکی ڕاستەوخۆ و لەوێشەوە بەرەو هەڵوێستێکی نوێ دەربارەی ژیان. بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە خەباتی چینایەتیدا بناسێتەوە."(٥)

چینی کرێکار لە خەباتی ڕۆژانەی خۆیدا، سەرباری پێداویستییە سیاسییە – چینایەتییەکانی لە چەشنی ماتریاڵ و



ئۆژن پۆتیە

ئەبزاری خەباتکارانەی وەکو حیزب و ڕێکخراوی جەماوەریی و کادر و ڕاگەیاندن..تاد، پێویستی بە ئەدەب و هونەرێک هەیە کە عەکس کەرەوەی واقیعییەتی خەباتی چینایەتی بێت. پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە جۆش و خرۆشدا بێت و هەمیشە ئیحساساتە چینایەتییەکان، داستانە نەبەردەکانی خۆی لە ڕابردوو و ئێستادا بناسێت و لێرەوە وەک پێویستی سەردەم دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات.

لێرەوە بۆ ئەوەی شیعری کرێکاریی باشتر بناسین، خراپ نابێ

لە گۆشەنیگای ڕووبەڕووبوونەوەکانی لەگەڵ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بورژوازی لێی ورد بینەوە و خەسڵەتەکان و ئینجا جێ و شوێنی ئەو ئەدەبە لەئاست ئەدەبیاتی زەبەلاحی بورژوازی جیهانیدا دەست نیشان بکەین.

**یەک:** شیعری کرێکاریی هەڵقوڵاوی ناو جەرگەی ژیان و خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە لە ململانێی لەگەڵ سەرمایەداران و دام و دەزگا سەرکوتگەرەکانی. شیعری کرێکاریی لە کێشمەکێش و پێکدادانە چینایەتییەکانەوە لە دایک دەبێت و ئاسۆیەک کە چینی کرێکار لەو پێکدادانە چینایەتییە هەیەتی دەبێتە ئاسۆ و ئامانجی شیعری کرێکاریی.

**دوو:** شیعری کرێکاریی جیهەتگیری سیاسەتی چینی کرێکار و پارێزەری بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چینەیە. شیعری کرێکاریی گۆرانی خەباتی ژنانی کرێکار و حەسرەت و سەختییەکانی خەبات و ئاهی پیرەمێردێک و نرکەی منداڵێکی ئیشکەر و سکاڵای دڵی کچێکی ماندووی دەستی کۆنەپەرست و شەکانەوەی ئاڵای ململانێی ناو کارگەکان و هەناسەی زیندانییەک و تاد بە هەوێنی ناوەڕۆکی خۆی دەزانێ. ئەم دیمەنانە و ڕەنگ ڕێژکردنیان بە ئاسۆ و ئامانجی چینایەتی کرێکاریی ئەرکی ئەدەب و شیعری کرێکارییە.

**سێ:** شیعری کرێکاریی بە ئاسۆیەکی ئینسانییەوە دەڕوانێتە ژیان و تاک و کۆمەڵگە و ئینسانییەتی ئینسان وەک کرۆکی خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. شیعری کرێکاریی لە بەرامبەر ئاسۆی کۆنەپەرستی مەیل و ڕەوتە چالاکەکانی لیبراڵیزم و کۆنەخوازی و ئایینی و نەتەوەییدا دەوەستێتەوە و تێدەکۆشی کرێکار لە جەنگە چینایەتییەکەی خۆیدا بە ئاسۆیەکی ئینسانی و ئەنتەرناسیونالی چەکدار بکات.

**چوار:** شیعری کرێکاریی ئەگەرچی لە ڕووی تەکنیک و هونەرەوە ڕەنگە لێرە و لەوێ لاوازی پێوە دیار بێت. ڕەنگە نەیتوانی بێت بەپێی پێویست تەکنیکێکی نوێ و لە ئاخرین دەسکەوتە هونەرییەکانی بەشەر سوودمەند بوو بێت، بەڵام وەک یەک ڕەوتی ئەدەبیی لە ئاستی جیهاندا بوونی خۆی سەلماندووە. چینی کرێکار بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و فیداکاری خۆی، خاوەنی جۆرێک لە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەری خۆی بووە. پێ بە پێی گەشە و بەرەوپێشچوونی قۆناغەکانی خەباتی، ئەدەب و هونەرەکەشی گەشەی کردووە. لێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەم کە کۆهن میڵتن پێی وایە یەکێ لە خەسڵەتەکانی ئەدەبی پرۆلیتاری ئەوەیە کە دەبێ سادە و ڕوون و ڕەوان بنووسرێت بەدەر لە ئاڵۆزی ئیستاتیکی شێوەگەرا(٤).

هەرچەندە ئەم ڕایەی میلتن بۆ دەورانێک کە ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێو چینی کرێکار لە ئاستێکی بەرزدا بوو ڕەنگە دروست بێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ کە دونیای دیجیتاڵ سێبەری خستۆتە سەر دونیای بەرهەم و ژیانی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەم رایە پشتیوانییەکی زۆری نابێ. ئەو دەستکەوتە ئیستاتیکیانە لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر بەشێکن لە دەستکەوتەکانی ئینسان و دروست نییە بەبیانووی سادەییەوە ئەدەبی چینی کریکار لەو دەستکەوتانە بێبەش بکرێ.

**پێنج:** سەرجەم دەزگا ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و کارە ئەنسۆلۆژی و سەرچاوەکانی ئینتەرنێتیش بەپێی پێویست ئاوڕیان لەم ڕەوتە ئەدەبییە جیهانییە نەداوەتەوە و بگرە ئاگایانە و هۆشیارانە پشت گوێیان خستووە و لە خەڵک و چینی کرێکاریان شاردۆتەوە یان کەمترین زانیاریان خستۆتە بەردەست.

**شەش:** تەواوی ڕەوت و ڕێبازە فیکریی و هونەریی و سیاسییەکانی بورژوازی دەهۆڵی مەرگی کۆمۆنیزم و ئەدەبەکەی دەکوتن و ناوی ئەدەبی کرێکاریی وەکو ئەدەبێکی بێ ئەرزش و ماوە بەسەرچوو دەهێنن. قسەکەرانی ئەم ڕەوت و ڕێبازانە وەک پارێزەری بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی بورژوازی هەمیشەو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان ئەدەبی شۆڕشگێرانە بە ناشیرین و بێهێز و ناهونەریی ناوزەد بکەن. ئەدەبی کرێکاریی لەسایەی ئەو تەبلیغە دژە کرێکارییە، وەک ڕەوتێکی ئایدیۆلۆجی – مەزهەبی ناو دەبرێ. بورژوازی جیهانیش بۆ تەحقیر و تەخدیرکردنی کرێکاران بە سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکات و سەدان ئۆرگان و ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بڵاو دەکاتەوە، ساڵانە سەدان فیستیڤاڵ و ئاهەنگ ساز دەکات و بە دەیان هەزار نووسەر و شاعیر و ئەدیب و قەڵەم بەدەستی کڕیوە و دەکڕێت و کاریان پێدەکات، تا ڕووی دزێوی نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری جوان نیشان بدەن و خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش.

**حەوت:** بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تا چینەکان و جیاوازی چینایەتی لەسەر ڕووی زەوی بمێنێ، ململانێی نێوان کرێکار و بۆرژوازی هەر دەمێنێ و ئەدەب و شیعری چینایەتی کرێکاریش هەر دەمێنێ.

## شیعری شۆڕشگێڕانە لە نێوان پاشەکشە و تەکان

ئەگەر لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، خەباتی چینی کرێکاری جیهان گوڕ و تینێکی تازەی بە جەستەدا گەڕا و ئومێدێکی نوێ لە ئاسۆی خەباتی چینایەتییەوە دەرکەوت، ئەدەبەکەشی کەوتە بەردەم

واقیعێکی نوێوە و دەبوایە ئەزموونێکی تازە ئەنجام بدات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەدیبانی کرێکاریی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکدا بوون، سەرکەوتنی شۆڕشیان لە ڕووسیا بینی، ئەمەش بووە هۆی بەرجەستەکردنەوەی زیاتری ڕۆحی شۆڕشگێرانە لە ئەدەب. گەشەی ئەدەبی کرێکاریی بە ئاقارێکدا تێپەڕی کە هەم بتوانێ بەردەوام خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تازەکان یەکلا بکاتەوە و هەمیش تازەگەری بەرهەم بهێنێ. واتە ئەدەبی بەرگری و شۆڕشگێڕانە هەلومەرجێکی بابەتی بۆ هاتە ئاراوە تا گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت. ئەم بەرەوپێشچوونە تا ساڵی ١٩٣٢ درێژەی هەبوو و پاشان لە کۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران لە ساڵی ١٩٣٤ لەبری وەڵامدانەوە بە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی ئەدەبی کرێکاریی، دەسەڵاتی ئەو کاتی یەکێتیی سۆڤییەت ئەو ئەدەبەی کردە قوربانی کێشمەکێش و ململانێی سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاوا. ئیتر لەو مێژووەوە ڕێڕەوی گەشەی ئەدەبی کرێکاریی تووشی جۆرێک لە کەنارگیری هات. لەبری ئەدەبی شۆڕشگێرانەی




کرێکاریی ئەدەبێکی تر نزیک لەو ماهییەتە بەڵام جیاواز هاتە ئاراوە کە پێی دەوترا ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی. ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی هەرچەندە لایەنگیریی بۆ کرێکار و سۆشیالیزم هەبوو، بەڵام لە ڕاستیدا نەیتوانی بە تەواوەتی جێگای ئەدەبی کرێکاریی بگرێتەوە و هەروەها نەیتوانی ماهیەتی شۆڕشگێڕانەی ئەدەبی کرێکاریی بە یەکجاری بکوژێت. بۆیە لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم ململانێی نێوان زلهێزەکان توانی ڕەنگڕێژی ئەدەب بکات. سەرکەوتنی سیاسیی و ئابووری و سەربازی یەکێتیی

سۆڤییەت بەسەر نازییەکاندا، بازێکی گەورەی بە ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی دا. جەنگی ساردیش شەقڵی خستە نێو ئەدەب و هونەر و جیهانی فانتازیا و ئیستاتیکای دابەشکردە سەر ڕیالیزمی واقیعی سۆشیالیستی لەلایەک و دیموکراسی و ئیندیڤیجوالیزمی خۆرئاوا لەلایەکی تر.

لە ناوەڕاستی دەیەی چلەکانی سەدەی ڕابردوو زەمینەسازییەکی لەبار هاتە ئاراوە بۆ گەشەی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە و بەرگری لەسەر ئاستی جیهان. بەڵام وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی بودجەیەکی خەیاڵی(سەدان ملیۆن دۆلار)یان تەرخان کرد، بۆ بەرپەرچدانەوەی سیستەم و کلتووری مارکسیستی و شۆڕشگێڕانە لە ئاستی دونیادا. کاتێ لەسەر ئاستی جیهان ململانێی نێوان ئەدەبی ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ئیندیڤیجواڵیزمی خۆرئاوا لە ئاستێکی بەرز و توند دەبینرا، ئەدەبی شۆڕشگێڕانە وەک کارەکتەرێکی چالاک و بزێو لە سەرجەم کایە و بوارەکاندا ئاکتیڤ بوو، بەڵام لەژێر سێبەری ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی پۆلینبەند دەکرا.

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابووری بلۆکی شەرقی (بەناو سۆشیالیست)، ئەدەبی واقیعی سۆشیالیستی و ئەدەبی کرێکاری و شۆڕشگێڕانەش بەرەو کاڵبوونەوە هەنگاویان نا و تەنانەت تا ئەندازەیەکی زۆر جێگەی خۆیان بۆ ئەدەبیاتی بورژوازی چۆڵکرد. فاکتەرەکانی تەریککەوتنەوە و کەنارگیری و پاشان کاڵبوونەوەی ئەدەبیاتی واقیعی سۆسیالیستی و ئەدەبی کرێکاری و شۆڕشگێرانە بەبڕوای من ئەمانەن.

**یەک:** کاریگەری تەبلیغاتی ڕۆژئاوا بەرابەرایەتی ئەمریکا لەو هەڵمەتە فراوانەی خۆی دژ بە مارکسیزم و کلتووری شۆڕشگێرانەی مارکس و ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە لەسەر سەرجەم جیهان دژ بە ترادیسیۆنی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش.

دیارە هەڵمەتی ڕۆژئاوا و گوێڕایەلانیان لە ناوچەکە لەم ئەرکە قێزەونەیان کە تا ئێستاش بەردەوامن تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئەم فاکتە خولقێنەری ئەو دۆخە نەخواستراوەیە کە ئەمرۆ بۆ تەرویجدانی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە بووەتە کۆسپ و ڕووبەڕووبوونەوەی کارێکی قورسە و وزە و توانایەکی زۆری لێمان دەوێ.

**دوو:** هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەلات و لەمەیداندا نەمانی یەکێتیی سۆڤییەت و پاشەکشەی لە سەرجەم بوارەکانی سیاسیی و سەربازی و ئابووری و فەرهەنگیی. ئەمەش بە دەوری خۆی بووە هۆی لە مەیدان نەمانی بزووتنەوە و پڕۆژە

ئەدەبی و هونەری کرێکارییەکان لە نیوەی یەکەمی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و جێگە چۆڵکردن بۆ ڕەوت و ڕێبازە ئەدەبییەکانی بزووتنەوە کۆنەخوازەکان.

**سێ:** پاشەکشەی مارکسیزم و خاوبوونەوەی خەباتی چینی کرێکار وەک چینێکی بنیادنەر و مەزن، ڕۆڵی خۆی هەیە لە کەمڕەنگبوونەوەی چەمکی ئەدەبی شۆڕشگێرانە.

ئەم واقیعیەتە بەجۆرێک کاری خۆی کرد کە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکاری چەند دەیە گەڕاندە دواوە و ئەدەبەکەشی دووچاری دۆخێکی تاڵی چەقبەستبوون کرد. دۆخێک کە ئەرکگەلێکی زۆری خستۆتە سەر شانی ئێمەی ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندانی کرێکاریی بۆ ئەوەی بتوانین لەو دۆخە چەقبەستووە دەربازی بکەین و تەکانی بۆ پێشەوەی پێبدەین.

## کورد و شیعری شۆڕشگێرانە

میللەتی کوردیش بەپێی کارەسات و ڕووداوە تراژیدیا – سیاسییەکانی دوو سەدەی ڕابردوو هەوڵیداوە بۆ پاراستنی زمان و کلتوور و ناسنانەی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر سیستەم و ڕژێمە فاشست و تۆتالیتارییەکانی عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا. کورد هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەدەبەوە مەسەلەی شوناسی نەتەوەیی و زمان بەزیندوویی ڕابگرێ. شیعری کوردیی لە مێژووی کۆن و نوێی کورددا مەسەلەی ئازادی و سەرفرازی کوردی کردۆتە مەسەلەی بنەڕەتی و گەوهەری. شاعیرانی کلاسیک (جگە لەو شاعیرانەی کە لە مزگەوت و خانەقاکان خوێندویانە و سەرچاوە مەعریفییەکانیان کتێبە ئاینییەکان بووە) کەم تا زۆر لایەکیان لە کێشەکانی ئینسان و بەهای ئازادی و ژیانی شارستانیایە کردۆتەوە.

ئەگەر حاجی قادری کۆیی شاعیر وەک شاعیرێکی ناسیونالیستی بە دەستپێک و پەرەپێدەری شیعری نەتەوەیی – سیاسی کورد دابنرێت (٧)، ئەوا دوای حاجی قادر سوپایەک لە شاعیر هەن کە خەمی نەتەوە و مەسەلەی ئازادی نەتەوەی کوردیان بۆ مەسەلە بووە. واتە لە دوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم، شانبەشانی فراوانتربوونەوەی بیری نەتەوایەتی، ئەدەبی ناسیونالیستیش گەشە دەکا و دواجار لە دوای بەیاننامەی ڕوانگەوە لە ساڵی ١٩٧٠ ئیتر دەگا بە چڵەپۆپە. لەملاشەوە کرۆکی بیری چینایەتیش شانبەشانی کێشە چینایەتییەکانی کۆمەڵگە گەشەی کردووە و بەرەو پێش چووە. لەم نێوەشدا گەلێ شاعیر پەیدا دەبن و بەرهەمەکانیان دەبنە ئاوێنەی باڵانومای سەردەمی خۆیان و شیعرەکانیشیان (بەتایبەتی ئەوانەی

کرۆکی ئینسانیان هەیە و باس لە ئازادی دەکەن) بە شیعری خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار. دواتریش لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تەیفێک لە نووسەرانی چەپی نوێ دێنە مەیدان کە نەک هەر لە پەیوەندییەکی نزیکدا دەبن لەگەڵ چینی کرێکاری کوردستان و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ژیان و خەباتی ئەو چینە دەبێ، بەڵکو لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیزم و کۆمۆنیزم دەبن (٨). پلە و ئاستی گەشەی ئەم تەیفە لە نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی و هونەریان پەیوەست بوو بە ئاستی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. چەند بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ملانێی خۆیاندا بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ئاستێکی بەرزدا بووبێتن، ئەوەندەش شیعر و هونەری شۆڕشگێڕانە لە ئاستێکی بەرز و ڕەونەقی خۆیدا بووە. بەڵام دۆخەکە هەر بەو جۆرە نەما. لەلایەکەوە چوونە دەرەوەی زۆربەی کادیرە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێرە بۆ دەرەوەی وڵات کاریگەری نێگەتیڤی دانا لەسەر چەقبەستوویی ئاستی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی کرێکاری کوردستان و لەلایەکی ترەوە شانبەشانی تەبلیغاتی جیهانیی لەدژی کۆی بیروبڕوای مارکسیزم هێرشێکی هەمەلایەنە دژ بە باوەڕی مارکسیزم و ئەدەب و کلتووری شۆڕشگێڕانە لەسەر دەستی گروپی ڕەهەند و شوێنکەوتوانیان بە خەستی دەستی پێکرد. ئەم گروپە لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا و لەڕێگەی نووسینەکانیان و گۆڤاری (ڕەهەند)ەوە ناشرینترین ڕۆڵیان گێرا لە بە سووک



قانع

تەماشاکردنی ئەدەبی شۆڕشگێرانە و هەروەها دەرکێشانی ڕوحی شۆڕشگێرانە و چاندنی تۆوی بێئومێدی لە ناخی تاکی کورددا. ئەم گروپە لە ڕێگەی ڕستە و فرێز و دەستەواژەی بێمانای لە چەشنی" ئەدەب نابێ ئینتمای ئایدییۆلۆژی هەبێ، و سەردەمی قسەکردن بە ناوی

کۆ و ئەوانی تر کۆتایی هاتووە و نووسەر دەبێ بە ناوی خۆی و تاکەوە قسە بکا و نوێنەری خۆیەتی و بەس و ئەدەبی حیزبیی و سیاسیی کوشتنی ئەدەب و خەیاڵە و... تاد" ڕۆڵی بەرچاوی گێرا لە کاڵکردنەوەی چەمکی ئەدەبی شۆڕشگێرانە و گواستنەوەی خاڵی تێڕوانینی و فۆکوسی خوێنەر و کۆمەڵگە لە ململانێی چینایەتییەوە بەرەو زات و ناخی تاک و تەرویجدان بە کۆنەپارێزییەکی بێوێنە. پروپاگەندەی ئەوەی کە نە مارکسیزم بۆ کۆمەڵکەی کوردستان گونجاوە و نە لە کوردستان چینی کرێکاری پیشەسازیمان هەیە و نە ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێرانە بە کەڵکی کۆمەڵگەی کوردی دێ کە لە لایەن کۆمەڵێ نووسەری موهەریجی کوردەوە ئاگرەکەی خۆش کراوە و خۆش دەکرێ، جگە لە خۆڵ کردنە چاوی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هیچیتر نییە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەش هێشتا مەشخەڵی ئەدەبی شۆڕشگێرانە نەک هەر نەکوژاوەتەوە، بەڵکو ژیلەمۆکەی هەر بەگەشی لەژێر خۆڵەمێشی تەبلیغاتی بورژوازی و شوێنکەوتوانیان ماوەتەوە. سەرباری هەستکردن بەوەی کە لایەنگری چینی زەحمەتکێشی کوردستان لایەنگیرییە لە ئازادی و ڕزگاری ئینسان، خۆی ژیلەمۆی ئەو باوەڕەیە کە پێیوایە شۆڕشی یەکجارەکی بۆ ڕزگار بوون لە ستەم و نا یەکسانی تەنها و تەنها لەسەر دەستی چینی کرێکار و زەحمەتکێش بە ئاکام دەگات. خولقاندنی هەر دەق و کارێکی هونەرییانەی کرێکاری ڕەوینەوەی تەمی ئەو هەوڵانەیە کە دەیانویست و دەیانەوێ کۆمەڵگەی کوردستان ببێت بە کۆمەڵگەی مێگەل و خۆشیان ببن بە لایتی دەستی شوانە کوێرەکان.

## دوادێڕ
## بەڵام زۆر بە کورتی

شیعری شۆڕشگێڕانەی کرێکاری پێ بەپێی چوونەسەر و هاتنەخواری کێرڤی خەباتی چینایەتی بەرز و نزم دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز گڕی ئەو بزووتنەوە شیعرییە خامۆش نابێت و ژیلەمۆکەی ناکوژێتەوە. تا کۆمەڵگەی چینایەتی هەبێت، ئەو ئەدەبەش هەر دەبێت و بەپێچەوانەی سەرجەم ئیدیعا و پروپاگەندەکانی زوڕناژەن و قەڵەمبەدەستانی چین و توێژەکانی تر، هەرگیز دوچاری توانەوە و فەنا نابێتەوە. بەکورتی شیعری شۆڕشگێڕانە لەگەڵ خەبات و ململانێی مرۆڤ لەگەڵ سیستەم و یاسا و نۆرمەکانی ژیان و کۆمەڵگە لە دایک بووە و تا مرۆڤ و ململانێ و خەبات مابێ، ئەو شیعرەش هەر دەمێنێ.

# ژێدەر و سەرچاوەکان :

١- بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی سایتی ویکیپیدیا
http://en.wikipedia.org/wiki/Marxist_literary_criticism

٢- ئەلکسەندەر بۆگدانۆڤ شیعری پرۆلیتاریی
Aleksander Bogdanov Ploletarian Poetry The Labour Monthly June 1923 PP.357-362

٣- شێری لێنکۆن " بۆچی ئەدەبی چینی کرێکار جێی وردبوونەوەیە؟"
بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سایتی
http:// workingclass studies.wordpress.com/2010/02/22/why-working-class-/literature-matters

٤- ڕیالیزمی سۆسیالیستی بەو تەوژم و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییە دەوترێ کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە وڵاتی یەکێتیی سۆڤییەتی جاران هاتە ئاراوە و گەشەی کرد و بوو بە بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ئەنتەرناسیونالی مەزن. گەشەی ڕیالیزمی سۆشیالیستی هەر تەنها یەکێتیی سۆڤیەتی نەگرتەوە، بەڵکو ئەو دەوڵەتانەشی گرتەوە کە بە دەوڵەتانی سۆشیالیست یان بلۆکی ڕۆژهەڵات دەناسران. ئەم ستایڵە لە بنچینەدا لەسەر کلتووری پرۆلیتاریاوە سەری هەڵداوە. کلتووری پرۆلیتاریاش لە هونەر و ئەدەب پێداگیری ئەدەبە لەسەر خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی کرێکاران دژ بە بورژوازی و سەرمایەداران. ئامانجی ئەم ئەدەبە هەوڵدانە بۆ وێناکردنی ژیان و خەباتی ئەو چینە لە پێناو ڕزگاری یەکجارەکی لە کۆت و بەندی کۆیلەتی بورژوازی. ڕێبازی سۆشیالیستی لە ئەدەب لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و چێکسلۆڤاکیا و پۆڵەندە دامەزرا. ئەو نووسەرانەش کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بریتبوون لە لویس ئاراگۆن و جۆهانس بێچەرو پابلۆ نیرۆدا. حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت ساڵی ١٩٣٢ بڕیاری لەسەر ڕیالیزمی واقیعی لە ئەدەب و هونەر دا و ساڵی ١٩٣٤ ئەم شێوازە ئەدەبییە لە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی سۆڤییەت کاتێ نوێنەری جۆزێف ستالین ئەندریە زدانۆڤ وتاریکی پێشکەش کرد و بە توندی جەختی لەوە کردەوە کە ڕیالیزمی سۆشیالیستی بە فەرمی بوو بە ڕێنمایی نیشتمانی کلتووری یەکێتیی سۆڤییەت. بەدەستەوەگرتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بە کردەوە بووە هۆی پشتکردن لە

ڕێبازە باوەکانی جیهان لە چەشنی ئیرۆتیک، ئایین، تەجریدگەرایی، سورریالیزم و گوزارشتخوازی. وەک وەڵامیک بەرامبەر بە یەکەمین گۆنگرەی نووسەرانی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ٢٦ و ٢٧ ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری شیکاگۆ و بە پاڵپشتی جۆزیف ستالین گرنگترین گۆنگرەی نووسەرانی چەپی ئەمریکا بەسترا، کە شاعیران و ڕۆماننووسان و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان تێیدا بەشدار بوون. والدۆ دەیڤد فرانک بە پشتیوانی حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا بوو بە یەکەمین سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی ئەمریکا. ڕەگی مێژوویی ڕیالیزمی سۆشیالیستیی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم.

٥- میلتن کۆن، شاعیرانی گەمارۆدراو و ڕەخنەگرانی چەپ، گۆڤاری زانکۆی ئالاباما تۆسکالۆسا ٢٠١٠ لاپەڕە ٢٤
https://en.wikipedia.org/wiki/Proletarian_poetry

٦- میلتن کۆن، شاعیرانی گەمارۆدراو و ڕەخنەگرانی چەپ، گۆڤاری زانکۆی ئالاباما تۆسکالۆسا ٢٠١٠ لاپەڕە ٢٤
https://en.wikipedia.org/wiki/Proletarian_poetry

٧- ناسیونالیزم و شاعیرەکانی – حاجی قادری کۆیی – نووسینی سلێمانی قاسمیانی (کاکە) گۆڤاری هانا ژمارە ١٦ و ١٧ ساڵی ٢٠٠١ لاپەڕە ٤.

٨- دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەدەبی کۆمۆنیستیی و کرێکاریی تەنها بریتیبوون لەو بەرهەمانەی یان بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە باسی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینەیان کردووە. نووسەرانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی پشکی شێریان بەردەکەوێ. لەم نێوەشدا نووسەران و شاعیرانی سەر بە ڕێکخراوی مارکسیی – لینینیی کوردستان کەم تا زۆر چەند هەوڵێکیان لەو بارەیەوە هەیە. بەڵام لەناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان تەیفێک لە نووسەران و هونەرمەندانی کورد لە کوردستان لە ژێر کاریگەری بیروڕای مارکسیزمی شۆڕشگێڕ توانیان تەکان بە ئەدەبی کرێکاریی و کۆمۆنیستیی بدەن و بەرەو پێشی بەرن. لەوانە موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار)، سلێمانی قاسمایینی (کاکە)، ئەحمەد بازگر، بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)، بژار، عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) ، جەمال کۆشش، پەخشانەشیعرییەکانی ب.سۆلین و هونەرمەند سەردار عەبدوڵا و زۆری تر کە ئێستا لەم ساتەدا لەیادم نەماون.



# لێت پیرۆز بێت هۆ خاوەنکار!

عەلی رەسوولی

وەرگێران لە فارسییەوە:
سلیمان قاسمیانی

هۆ خاوەنکار
لێت پیروز بێ
رۆژی لە دایکبوونەکەت
ئاخۆ چەن رۆژ بەم بۆنەوە
پشووت لە کار وەرگرتووە؟
ئاخۆ بلێی پیویستیت بە پشوو هەبێ؟
خۆ بە بیانووی دەرچوون لە کار،
دەرت ناکەن؟
چەندی تێچوو کەیکی جەژنەکەی
ئەمرۆکەت؟
بلێێ مانگانەکەی ئیمە
خەرجی کەیکەکەت دەربێنێ؟
ئاخو لە ناو ویلاکانتا،
لە کامەیان فوو دەکەی بە مۆمەکاندا؟

هۆ خاوەنکار!
ئەگەر رەنجی ئیمە نەبێ
ئەگەر خوینی سووری ئیمە
نەچۆڕێتە نێو هەنبانی
کاری مردووت
- سەرمایەکەت -
هەر بۆت دەڵوا خاوەنکار بی و ...
چەوسانەوە باوی ئەما؟!

هۆ خاوەنکار!
ئاخۆ هەرگیز سۆزی سەرما
پەنجەکانتی لە سەر کارا تەزاندووە؟
هەرگیز کەوتوویەتە خوارێ
لە داربەستا؟
لاقت هەرگیز کەوتۆتە ژیر
داشقەیەکی خەڵووزی بەرد؟
هیچ کات لە ناو چنگی کارا،
شریخەی مەرگت کێشاوە؟

هۆ خاوەنکار
لیت پیروز بێ
رۆژی لە دایکبوونەکەت
دەی تیکۆشە باوەر بێنین
بە چارەنووس

یان بترسین لە هەڕەشەی چەکەکان و
هەرچی ڕۆژە کۆیلەتی دووپات
بێتەوە!

هۆ خاوەنکار
دیسان مەلاکان بنێرن!
کاتێ کە دەڵێن حەرامە خۆرێکخستن
کاتی ئەدوێن بۆمان لە بەهەشتی
ڕەنگین
یان ئەمانبەنە ئاسمان ...
فرمێسکیان ئەڕژێتە خوارێ!
ئێمەش دڵمان بۆ بەڵێنە خۆشەکانیان
گەلێک تەنگە!
بە پەرۆشین بۆ هیوای ئەو دنیا
خۆشەی
گوایە ئیتر کارکردنی تێدانییە!
ڕاستی خاوەنکاری بەڕێز...
کێ دەزانێ
لەو دنیایەی مەلاکان بەڵێنی دەدەن
بەشی ئێمە دیسان کرێکاری نەبێ!؟
هەمدیسان بەرنەبینەوە
لە داربەستەکانی بەهەشت
دیسانەوە خەومان نەزڕێنێ مۆتەکەی
هەناسەبڕی بێکاری.
ئاخۆ مەلاکان بۆ ئێوەش
باسی ئەو دنیایە دەکەن
یان باس باسی پارە و سەروەت و
داهاتە؟

هۆ خاوەنکار!
سووری جەژنت
لە شیرەی گیانی ئێمەیە
ئەو ساتەی کە مشارەکان دەمانهاڕن
ئەو کاتەی تیغەکانی کار
دەستەکانمان لێ دەڕفێنن.
سوورایی جەژنەکەت بەڕێز
هی لێوەکانی قەڵشاوی مناڵانی
کرێکارە
کە هەموو بەرەبەیانێک
شەونمی سووری لێ ئەتکێ.

هۆ خاوەنکار!
هەمدیسان بمانتەزێنە
بە نێوی ڕەگەز و ئایین
بە نێوی نەتەوەی جیاواز
تا کۆیلەتی لە بیر خۆمان بەرینەوە و
بەرەنگاربوونەوەی ئێوە ش
بێ بە حەرام!

هۆ خاوەنکار خۆت و ڕاستی!
تۆش پێت وایە
ئێمە و ئێوە یەکسانین وەک مەلا
ئەڵێ؟!
ئێمە و ئێوە بەرابەرین؟
بەرابەر، بەڕێز خاوەنکارا؟



# سێ كورته شیعر

ئەحمەد المەتەر

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عارف كوردە

## مۆتەكە شیعر

مۆتەكەیەك ..
بەرانبەرم قووت وەستاوە
ئەڵێ : هەستە چیدی مەنوو
نانا هەرگیز من نەنووستووم
كەواتە مۆتەكە نییە
ڕووخسار پاشات لە بەرچاوە!.

## سەگەكەی میر

سەگەكەی میری گەورەمان
قەپاڵی لێم گرت و تۆپی
پاسەوان بانگی لێكردم
بمبەن سێدارەم بۆ هەڵخەن
لە ڕاپۆرتی پزیشكی تۆپینەكەی
ئاشكرابوو
سەگەكەی میری مەزنمان؛
ژەهر خوارد كرابوو!

## خەون

لە نێوان دوو دەستی فاڵچییەكدا
ڕاوەستام و وتم:
گەورەم لە خەونمدا.. وەكو مرۆڤ
دەژیام و
چوار دەوریشم بە مرۆڤ دەور
درابوو
دەنگیشم لەناو دەمما بوو
دەستەكانم پڕ خۆراك بوون
دەرۆیشتم و شوێنەواری؛
شوێن پێیەك دیار نەبوو..!
بانگی كردم و هەڵدەلەرزی:

هەواڵنامەی كتێب

- حەرام زادە..
گاڵتە بە چارەنووس مەکە
کاتێ دەنووی خەون مەبینە
بە ئاسوودەیی تێر بنوو..
پێش ئەوەی جودا ببمەوە
نینۆکی تیژی دەسەڵات
لە کونی گوێچکەم چەقی بوو
سەرم لەرزی و مێشکم؛ هەپروون بە
هەپروون بوو.

---

* **ئەحمەد ئەلمەتەر** سالی ١٩٥٤لە ئەلتەنومە یەکێك لە شارەدێکانی دوورگەی عەرەبی لە شاری بەسرە هاتۆتە دونیاوە. لە چواردە ساڵییەوە دەستی کردووە بە شیعر نووسین.بە هۆی شیعرەکانییەوە شاعیر ناچار دەبێت عێراق بە جێ بهێڵێت و بەرەو وڵاتی کوەیت هەڵبێت. لە تەمەنی بیست ساڵیدا، لە ڕۆژنامەی ئەلقەبەس وەکو نووسەرێکی ڕۆشنبیر دەست بە کار دەکا .بەهۆی زمانە ڕاستگۆ و وشە تیژ و پۆستەراتە ڕاشکاوەکانییەوە؛ کە بوونە هۆکاری وروژاندن و لەق کردنی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی عەرەبی و حکومەتی کوەیت بڕیاری دوور خستنەوەی لە کوەیت بۆ دەرکرد. ئەحمەد مەتەر لە ساڵی ١٩٨٦ وە لە شاری لەندەن؛ لە تاراوگە، لە دووری زێدی خۆی ژیان بەسەر دەبات. شایانی وتنە شاعیر تا ئێستا بیست و شەش کۆشیعری بڵاو کردۆتەوە و کۆمەڵە شیعرێکیشی بەناوی (لافتات متفرقة) ئامادەیە و هێشتا بڵاو نەبۆتەوە.

❀

# ئەڤین لە سەدەی ئەتۆمدا

**سلیمان قاسمیانی**

سەدەی تکنیك و ئەتۆمە و
نە تۆ لەیلی
نە من مەجنوون!

لە بەر دڵم
شەهدی عەتراوی ریحانی
لە بەر چاوم
گوڵی تازە دەم کراوەی
بەربەیانی بەهارانی!
جوانی و جوانیت
لە خۆت نەبێ
وەک خۆت نەبێ
وەک هیچی تر نایەتەوە!
خۆشەویستی و
نەک تەنیا من
بەڵکوو سەرنجی زۆر چاوی
جوانی پەرست
بە دواتەوە!

مەجنوون نیم و
خۆشم دەوێی
هێندەی منداڵی شێرەخۆر
مەمکی دایکی لا شیرینە و
خۆشی دەوێ!
خۆشم دەوێی
بە ئەندازەی خودی جوانی
لە ئامێزی تەبیعەتدا!

❀

هەواڵنامەی کتێب



# کوبانێ و ڕەمزی سەرکەوتن

کاوە ئەحمەدی ( ژاکاو)

هۆ ئینسان چاوبکەرەوە و
ئینسانییەت بخەرە کار
بۆ ڕاوە ستان و کۆڵنەدان
شایەتنامە دێنین ئەم جار
کوبانێ و بەرنگاربوونی
ڕێبازێکی تازەی خوڵقاند
کە بۆ دوارۆژی رزگاری
گشت قەیدوبەندێکی پچڕاند
گەورەترین خاڵی سەرکەوتن
بەشداری بەرچاوی ژنان بوو
کە لە مێژووی خەلکی کوردا،
نەبەزینیان هاوپێمان بوو
ژن و پیاو لە یەک بەرە دا
بە گژ کۆنەپەرست ڕاچوون
هەرئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی
نەیارەکانیان تێداچوون
داعش ئەو مۆتەکەی مەرگە و
خوێنمژەکانی ئەم چاخە
کە بە لایانەوە حەتتا
وشەی ئازادیش قاچاغە
وەها لە ژێر زەبری توندی
شۆڕشگێراندا داماون
کە گوند بە گوند ڕاویان دەنێن
ئێتر پەککەوتەن، تۆقاون
کوبانێ و شۆڕشگێرانی،
بڕوا بەخۆ ڕێبازیان بوو
ئەوەش بۆ ڕەمزی سەرکەوتن
هەرئەوەشیان بوو بە ئاسۆ
هاوپشتێکی جیهانیشی
مسۆگەرکرد جا هەربۆیە
بوو بە ئالقەی یەکگرتنەوەی
هەر چوارپارچەش ئەو ئاسۆیە
سەلماندی کە ئەو سنوورە
دەستکردە نابێتە لەمپەر
کاتیک یەکانگیری و سۆزی
هاریکاری بێتە رابەر
کوبانێ بۆکانتونەکان
بەرخۆدانی پڕئەزموونە
سەرتا بەپا مەیدانێکی
سەربەرزانەی لێ فێربوونە
وردبینانە بیزانین و بوێرانە بیدرکێنین
هەرچی رەخنە و تێبینیە
بە بێژینگی بیردابێنین
کاتیک ئەوە ڕێبازمان بێ و
دژی جیاوازی ڕاوەستین
بۆ یەکسانی وبەرابەری
پشوودرێژ بین و نەوەستین
دواڕۆژی ڕوونی رزگاری،
دەبێتە مشخەڵی ڕێگا
دردەدەین بە بیری چەوت،
دادەرێژین باشترین یاسا!

✿

# کاپیتال

حەمید شەریفی



چەنێ لەم دۆنیا بێزارم
لەم دەس لە بان گرتن زەخمە
لەم هەوای سەمی سۆربییە
لەم گشت ئازارە بێ ڕەحمە
دەست لاوەی، چڵک ئەتکۆژێ
لاشی نەوەی، زەخم ئەتکۆژێ
خۆداش سیفوونی کێشاگە
بۆگەن تا لای خوەیشی ئەچێ
رۆژێ نییە قیژەی ئینسان
نەگەیتە پاڵ ئەخباری شەو
شەوێک نییە ئەم ئینسانە
نەبێتە قاتلێکی ئەو
ئەم ئینسانە بۆ کوێ ئەچێ
چۆن بە فەرمان یەک مشت ئەحمەق
دۆنیا بووگە بە کۆشتارگا
بۆ سەرمایەی پیسی دڵ ڕەق
ئەم بازاڕە چی پێویستە
گیانی زەوی، لاشەی حەیوان
رۆحی بەشەر، قیژەی ئینسان
مۆلۆکوولی ئەستێرەکان
هیدرۆژنی نێو خۆرەکان
یان ئەڵماسی نیو کاکەشان
یان ئەتۆمی سیا چاڵە
یان خەتی نەوتی ئاسمان
بە چی تێر ئەبێ ئەم زاتە
بە فرۆشی سێکسی منداڵ
یان فرۆشی فرمێسک دایکێ
یان فرۆشی خۆدا و خەیاڵ
لە نێو چاوانی سەرمایە
تەنیا یەک هەست مانای هەیە
هەستی قووڵی دۆنیای پارە
دۆنیای مەستی- شێت سەرمایە

# بە قاچاخی

*حەمید شەریفی*

لە ڕێبەندانی ساڵێ دوور
لە شەوێکی شارێکی شێت
بە قاچاخی لە دایک بووم
بەر لەوەی کە ماماکەم بێت
بە قاچاخی باڵام بەرز بوو
بە قاچاخی ئاشقیم کرد
بە قاچاخی ئارقم خوارد
بە قاچاخی ماچم ئەکرد
لە ناکاوێک ماڵمان گیرا
ئازادانە شەڕیان فرۆشت
ڕەحمیان بە بێشکەش نەکرد
تەنانەت مردگیشیان کۆشت
تەرمی برای شەهیدمیان

بە قاچاخی لە خاک نیا
بە قاچاخی پرسەمان گرد
دایکم بە قاچاخ ئەگریا
شار بە دزی قاچاخەوە
خەونی لە خەو ڕا ئەچڵەکان
بەڵام گوولە ئازادانە
سینەی خاکی هەڵئەتەکان
پەنجەرەکان شەویان زڕا
کۆڵان درایە بەر زلە
گۆڕ بە قاچاخ هەڵئەکنیا
زەمین درایە بەر گوولە
ئیتر هێلانەکان شێویان
کۆتر فڕی بەرەو لای شاخ
ئازادی کەوتە نێو زیندان
غوربەتیش کەوتە ڕێی قاچاخ
وڵات بە قاچاخ مایەوە
هەوا کرا بە نێو ژاردا
غەریبی کەوتە نێو ماڵان
خەمێک پاشڕا بە ناو شاردا
ئێستاش بە دوای ساڵانێک دوور
زەمەن هێشتا دار قەواخە
ئازادی ها لە زینداناو
قاچاخیش هێشتا قاچاخە
ئێمە لە سەر مەرزی خوێندا
بووین بە کۆڵبەری زینگانی
ڕۆژ نییە لەم سنووورەدا
سەرێک نەبێ بە قوربانی

# بە شوێنەواری باب دیلانا

*پاش تەقینەوەکانی لاهوور و بەغدا و بروکسیل*



موسلح ریبوار

بە شوین ئاوازەکەی باب دیلانا:

**Blowin´in The Wind:**

How many roads must a man walk down
Before you call him a man?

Bob Dylan

بەسەر چەند گوڵی ژاکاودا
هەنگاو بنێم
تا بگەم بە بەسیە ئیتر؟؟
لە چەند شار
چەند وڵات و چەند
پارچەی جیهان
بازدەم بەسەر

هەواڵنامەی کتێب

چەن هەزاران پەیکەری شەڵاڵی
خوێندا؟؟
چەن دیلانی خنجیلانەم
لە سەر کەنار
بێ لایە-لایە جێ بێڵم
تا دەرباز بوون لە شەوەزنگ؟؟
لاهوور و بەڵخ و بامیان
بروکسیل، پاریس و لەندەن
ئەنکەرا، ئەسەمووڵ، عەدەن،
قەندیل ئامێد و کوبانێ...
چەند جار ئەبێ مار-گەستە بم
لە ماری پەروەردەی مزگەوت؟؟

چەند جار
لە بەر چەند دەرگای زیندانی ئێران
هەڵ لەرزم تا بەری بەیان
چەند پەیکەری
بە پەت-تاساوی ئازیزان
هەموو ڕۆژێک
بە ساردي بگرمە ئامێز؟؟

چەند مانگ
بێ مووچە
بێ مەعاش
خۆم و مناڵ
زگ هەڵگووشین....
ئیتر گەیشتوەتە گیانمان!!

ئەی کەی جادە و شەقامی شار
پڕ کەین لە هەزاران هاوار؟؟
گەرووی گەندەڵی گەندەڵي
کەی وا بوگشین
مافی خوراوی کۆن و نوێ
دەستەبەر بێتە بەر دەستان؟؟

باب دیلان، رۆژێک لە ڕۆژان،
وتی: وەڵام،
با بردوویەتی؛ بای زەمان!!
بەڵام ئێمە
داوی ئەو با سەرگەردانەین!
تۆڕی یەخسیر کەری وەڵام؛
پەیکەرمان
ئاڵاوەتە چی کۆت و زنجیر و
شیر و تیر
شانمان ترنجاوەتە ژێر
تاقی تەنگی ئاسمانیان
چاوەڕوانی
وەڵامی با و باب دیلان نین!
تاقی فەلەک هەڵدەتەکێنین و
هەتاو
هەتاو ئەبێتە میوانمان!

هەواڵنامەی کتێب

# بۆ سنوور*

یوسف رەسوولی

*بۆ ئەو کیژە گەنجەی ناموس حوکمی لە سەردا و شەرەف کوشتی.*

کاتێ چاویان لە تۆ دزی،
پارکی دایك سور داگەرا.
ئالای هەلمەت و قوربانی
لە ناو بلێسەی شەرەف دا،
چلکن و بۆر، سوتێندرا.
سلیمانی،
بۆتە شارێکی بریندار
هەموو رۆژێ
بەشێکی لێ دەکەن بە گۆڕ.

هەموو رۆژێ
لە پێش چاوی دەرکی سەرا،
ناموس ئالای رەشی پێیە و
بە بێ ترس، ئازادی دەکا بە پێخۆر.
لەمێژ سالە گردی سیوان،
بۆتە ملکێکی بێگانە
بۆ باوەری گەشاوەی تۆ
بۆ کیژۆڵانی بێ لانە.
سابونکەران فرۆشراوە
سەهۆلەکەش وا گۆڕاوە
نەبوونی تۆ هەست پێ ناکا.
سەرچناریش زمان لالە و
هەموو لەشی دافەتاوە.
بێ پێناسە و بە بێ نیشان،
لە خاکێك دا دیل کراوی
ناویان ناوە نیشتیمان و
بزەی دێتێ کە کوژراوی.
لە گۆڕێکا ئاوارە بووی
هەر هەموو دوەری سنوورە و
خاوەن وەتەن
لە جیاتی ژیان و ئازادی



کێردی خستە ناو سینگتەوە
هەر بۆیە من
هەرچی شەرەف و ناموسە
بە چلکنی
لە ژێر پێتا ئەشارمەوە.

هەواڵنامەی کتێب

* لە ٢ی مانگی ئوکتۆبری ٢٠١٥، لە پارکی دایکی شاری سلێمانی، تەقە لە سنوری تەمەن ٢١ساڵ کراو بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا. پۆلیس باوکی بە تۆمەتبار دەزانێت و بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکراوە، کەسوکارەکەشی ئامادەنەبوون تەرمەکەی وەربگرنەوە کە ماوەی 24 رۆژ لە پەیمانگەی پزیشکی دادوەری مایەوە.

# سەمای قۆڵ و دەست و مەچەک



عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

دەست و قۆڵم لەگەڵ فلچە پیاهێنانی
پێڵاوەکان
لەبەردەم موشتەرییەکانم دێنە سەما
ناخم پڕە لەحەسرەت و
دڵم ڕووناکی تیا کزە
ڕوخساری منداڵیم ڕەنگی پیرەمێردی
لێنیشتووە
ئاخ هەزار ئاخ لێوەکانم نامۆن بە
خەندە و بە بزە
لای من هەتاو نە ڕەونەقی هەیە و
نە چێژ
نە تامەزرۆیی و نە جوانی نەسیمی
ئێوارانی شار
نەبۆنی ڕێحانە ڕەشە و نە نیگاری
لەنجەی خانمێک دەنەخشێنێ
وەختێ دەچێتە جێژوانی
لای من ڕۆژگار هێندە قورسە
پشتم چەماوە لەژێریا
وەک چەمانەوەی ئەو ساتانەی
پێڵاوەکان بۆیاغ دەکەم
بۆ ئەو نەجیبزادانەی کە قاقایانە لە
خۆشیانا لە تێریا
لای من ژیان بەرگی خەم و
تامی تاڵی و
بۆنی تەنیایی و بێکەسیمی دێت لێوە
لای من شەقام وێنەی هەڵپە و
قەپی تەماح و سیگاری جێ ماچی
خوێنی دەستەنگی وا بەلێوە
لای من خودا هەر نووستووە و
بێئاگایە لە ئازار و حاڵ و دنیام
بێئاگا لەوەی منی منداڵ ئەوا پیربووم
لە نێو زۆنگاوی ستەم و وا لە بنیام

☆

## لە جەنگەوە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

"شیعرێکی سەرپشتی وێنەیەکی بەجێماوی
تەنیشت تەرمی جەنگاوەرێک"

چ چارەنووسێکی تاڵە
لەو ڕۆژەوەی لەدایکبووم
کەسێک سۆزی باوکایەتی پێنەبەخشیم
وشەی بابەم هەرگیز لەدەم نەهاتەدەر
کەس نەبوو پێی بڵێم بابە
ئێستاش دوا هەناسە دەدەم
منداڵەکەم چەند ڕۆژی تر دێتە دونیا
ئەویش وەک من هیچ کەس سۆزی
باوکایەتی پێنابەخشێت
هەرگیز ناتوانێ بانگی کە بکات
بابە!



وێنە: 3mil.org

## کرێکارێکی بچکۆلە

بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)

من سەعات حەوت هەڵدەستم و
دەچم بۆ کار
کوڕەکەیشم چاوخەواڵوو،
دەبێ بچێ بۆ دایەنگا
من تەمەنم سەر و چلەو
ئەویش پێنج ساڵ و چکێکە
من هەشت سەعات لەسەر کارم
ئەویش هەشت سەعات ئازادی وا
بەدەستی کچەکانی دایەنگاوە.
سەعات دوانزە پشووم هەیە،
ئەویش وەک من.
سەعاتی پێنج دێمەوە ماڵ،
ئەویش هەروا.
من نازانم ،
سەعاتکاری من درێژە، یاخود هی ئەو
کێ لەوی دی ماندووترە و
کێمان لە باوەشی کێدا،
چاوەکانی دەچێتەخەو.
من نازانم
ئەوە منم کار دەمباتە "باوەنگا"ی خۆی
یاخود ئەوە، کاری یاری دەیباتە ناو
دایەنگای خۆی
من نازانم، لەم وڵاتەی کاری منداڵ
قەدەغەیە
بۆ کرێکارە وردیلانەکەم نابینرێ
بۆ کەس ناڵێ: پیاوی گەورە
دەکرێ بۆ کار، هەشت سەعاتی خۆت
بفرۆشی
بەڵام ئاخر، هەشت سەعات لە خەندە و
بزە، چۆن دەفرۆشرێ؟



# گیزه گیز كه‌ین هه‌نگه‌ژاڵه بین

سه‌لام قادری

لێكی كوتین بچكۆله‌یی باڵه‌كانمان
ته‌نیا باڵه بچكۆله‌كانی خۆمان
فێنكی ده‌كاته‌وه جه‌هه‌نم.
هه‌نگه‌ژاڵه بین،ئیشتهای گوڵمان بێت
چزمان بێت چز
ماچمان ماچه ژار بێت
بۆ ئه‌وانه ی كه ژاراوی ده‌كه‌ن ژیان
بۆ ئه‌وانه‌ی كه ڕه‌وامان نابینن
به ئاره‌قه و ماندوییمان.
زستان زوقم دێت و ده‌ڕوات
گه‌رمایی له گیانی خۆماندایه
خۆ ئێمه مردوه‌كان نین
كه‌وتبێتین له تاج و ته‌ختی بێئازاریدا.

ئێمه هه‌تاومان له گوڵا هه‌ڵگۆزیوه
به تینی گیانمان
چۆڕه‌ی كانیمان ڕاگوازیوه
لێكترنجێین، ببین به دیواره‌ی ئاگر
نه‌هێڵین هیچ تۆفانێ ڕێمان پێ چۆڵ
كات
گیزه گیز كه‌ین هه‌نگه‌ژاڵه بین
هه‌نگه‌ژاڵتر بین له جاران
نه‌هێڵین هیچ زۆرداری بێت و
ده‌م بنێته ناو هه‌نگوێنی بتینی
لێكئالان.

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

# گفتوگۆیەک لەگەڵ موسلح ڕێبواری شاعیر

سازدانی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

**مەشخەڵ:** سەرەتای ئاشنابوونی تۆ و شیعر چۆن بوو؟

**ڕێبوار:** لە سەرەتای لاویمدا هۆگری خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و هونەری، بە تایبەت شیعر و ئەدەب بووم. یەکەم ئەزموونە شیعرییەکانیشم، بە کوردی و فارسی، هي سەردەمی تازەلاویمە؛ لە تاران، پێش زانکۆ و لە زانکۆش کاتێک لە هەڵسووڕانی سیاسیشدا لە شانەی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بووم.

**مەشخەڵ:** نووسینی شیعر، لای ئێوە، بۆ نزیک بە نیو سەدە دەگەڕێتەوە. ئایا کۆشیعری "گەشتی کوردستان" یەکەمین کۆشیعرتانە؟

**ڕێبوار:** بەڵێ؛ یەکەمینە و هی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانە! پێش "گەشتێ لە کوردستان"یش شیعری کوردی و فارسیم هەبوون کە نەماون. هەندێک کورتەچیرۆکیشم ئەو کات، نووسی کە تەنها یەکێکیان ماوە بە ناوی "شیعری دارێنە"و خۆی داستانی ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانی سمایلی شەریفزادەیە کە لە نزیکەوە دەمناسی. بگەڕێینەوە سەر ئەم کۆشیعرەم کە ساڵی ١٩٧٩ چاپکرا. ئەوکات، دە ساڵ کۆن بوو و شوێنەواری بزووتنەوەی چەکدارانەی ٦٨ی پێوەیەو لەوێشدا، ناوی شەریفزادە هاتووە. ناوی ئەم کۆشیعرەکەش "گەشتێ لە کوردستان"ە، نەک "گەشتی کوردستان"؛ تا لە دیوانەکەی هەژار بە ناوی "گەشتی کوردستان" جیا بکرێتەوە!

**مەشخەڵ:** بە بەراورد، ئەم کۆشیعرە، چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ کۆشیعرەکانی "سڵاوی ئازادی" و "دەنگ هەڵبڕە"؟

هەواڵنامەی کتێب

**ڕێبوار:** دەکرێ بڵێین "گەشتێ لە کوردستان" بزووتنەوەی چەکدارانەی ٦٨ (٤٦-٤٧ی ئێرانی) دەنوێنێتەوە. "سڵاوی ئازادی" و "دەنگ هەڵبرە"، بە زۆرێنە، بەرهەمی هەشتاکانن و شوێنەواری بزووتنەوەی هەشتاکانیان لێدیارە؛ دیارە شیعریشی تێدایە کە لەو بابەتانە نین. جگە لەوە، فۆرمی زۆرینەی شیعرەکانی "گەشتێ لە کوردستان"، کلاسیکییە و لە ژێر کاریگەری قانع و گۆران و هەژار و هێمندایە؛ زیاتریش هەژار و هێمن! فۆرمی ئەم کۆشیعرانەی دواییم، فۆرمی نوێیە و زیاتر ئەچنە پاڵ گۆران و شاعیرانیتر؛ لە تام و چێژی شیعری نوێی فارسیش، زیاتر بەهرەمەندن.

**مەشخەڵ:** ئایا هیچ بەرهەمێکت هەیە لێی پاشگەز بیت؟

**ڕێبوار:** نە! دەشێ پاشگەز بم؟! هەندێک لە شیعرەکان، شوێنەواری لە ناسیونالیسم پێوە دیارە؛ لە شەستەکاندا ئێمە، بەتایبەت کوڕی پێش کۆمەڵە، هەرچەندەش خۆمان لە ناسیونالیسم دادەتەکاند، بەڵام هەندێکمان پێوە تلا بوو. ئەمەش، لەو کۆشیعرەدا، دیارە. بەڵام، ئەوەندە نەبووە کە نیشانەیەک لە نەفرەت و دواکەوتوویی ناسیونالیسم دابنێ! بۆیە، لەوانەش پاشگەز نیم.

**مەشخەڵ:** سەرباری شیعر، تۆ سروودیشت نووسیوە. نووسینی سروود هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە وەک ڕوونی مەبەست و ڕاستەوخۆی پەیام. تۆ چ جیاوازییەک لەنێوان شیعر و سروودا دەبینی؟

**ڕێبوار:** پێشدا ئەوە هەندێک لە شیعرەکانم بوون کە بوونە سروود و کەوتنە بەر پێشوازییەکی باشیش؛ پاشان، سروود دانان لە سەر مۆسیقا و میلۆدی ئامادەش، هاتە نێو کارەکانمەوە. ئەوانیش باش دەرچوون. لە شیعردا، وەک هەموو ژانرێکی هونەریی، ئەساس، دەربڕینی هەستە. هەندێک دەڵێن سروود پەیامە و شیعر نییە، دیارە مەبەستیان لە سروود، لیریک و کەلامی سروودە؛ نەک بەشی ئاواز و مۆسیقای سروود. لیریکی سروودیش لای من، جۆرێکە لە شیعر! لیریکی سروود، مادام هەڵگری هەستێکە، شیوازێکە لە شیعر. مەبەستم ئەوەیە من جیاوازیەکی زۆر نابینم. شیعر مەیدانێکی بەرینترە کە لیریک و کەلامی ئاواز و سروود، بەش بەشێکی ئەو مەیدانەن.



**مەشخەڵ**: لە کۆشیعرەکانتدا، ئەوەی جێی سەرنجە، ئێوە شیعرتان بۆ ژمارەیەک لە فەرماندە و کەسایەتییە سیاسییەکانی نێو بزاوتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان نووسیوە. ئایا ئەم بایەخدانە ناچێتە خانەی شیعری بۆنەوە؟

**ڕێبوار**: شیعر، وەک ژانرێکی هونەریی، بەرهەمی هەستی شاعیرە بەرانبەر ژینگەی دەوروبەر. فوئاد، دۆست و هاوڕێی نزیکی من بوو. من بە مەرگەکەی ئازارم گەیشتێ؛ بێجگە لەوەش، هەستم بە خاڵیایی جێگاکەی کرد. خوسرەوی ڕەشیدیان، هەر بەو جۆرە؛ یان موسای برام. ئەمانە بۆ من پێش ئەوەی فەرماندە و کەسایەتی بن هاوڕێ و خۆشەویست بوون! نموونەی تری، یەکی ئەیارە کە نەک هەر هەستی من، هەستی کۆمۆنیستەکان بە گشتی، دەبزوێنێ. لێنین، خۆزگەی دەخواست یەکی ئەیار سەرەتای ساڵ بوایە و وەک سەرەتای ساڵ پڕ بوایە لە شادمانی و ڕێ و ڕەسم؛ لەمەش زیاتر کە ئێستا هەیە! ئەو شیعرانەی من کە وەک شیعری "بۆنە" ئاماژەیان بۆ دەکرێ، وەک باقی شیعرەکانم، بەرهەمی هەستن. گەلێک بۆنەش هەبوون کە، هەرچەندیش هەوڵمداوە، نەمتوانیوە شیعریان بۆ بهۆنمەوە. ئایا دەبێ لۆمەبکرێم کە بۆچی شیعرم بۆ دۆعا نەنووسیوە؟ هەوڵمداوە و نەکراوە؛ شیعر نەهاتووە. من لەو کەسانەم کە بەشوێن ڕوونکردنەوەی

زانستی هونەر و شیعرەوەم؛ بەڵام ئەمە ئاسان نییە. بەم بۆنەشەوە ناتوانم ڕوونی بکەمەوە بۆچی هەندێک بۆنە، هەستم بەهرەوەر دەکەن و هەندێکیان ناگەنە ئەو ڕادەیە. هەندێک لەمانە کە خۆم پێم وایە زیاتریش دەمهەژێنێ، شیعری لێ بەرهەم نایە! هەوڵی خۆم دەدەم؛ بەڵام ڕەوانییە، نەهیچکەس و نە خۆیشم، خۆم لۆمە بکەم کە بە بۆنەیەکەوە شیعرم نووسیوە و بە بۆنەیەکەوە نا! یان هەر بۆچی شیعری "بۆنە" دەنووسم.

**مەشخەڵ:** ئایا شیعری بۆنە ڕەتکراوەیە یان پێویستییەکە و ناتوانین خۆی لێ لابدەین؟

**ڕێبوار:** لای من، دیارە ڕەت نەکراوەتەوە! شیعر، پێشتریش وتم؛ مادام بەرهەمی هەست بێ، ئیتر زیندووە و شیعرە. شیعری بێهەست و مردوو، هی "بۆنە"ش نەبێ، هەر شیعر نییە. پرسەکە لە سەر "بۆنە" نییە، لەسەر هەستییار بوونی شیعرەکەیە. ئەو بەشانە لە شیعرەکانی من، نەک هەر لە هەستی منەوە هەڵقوڵیون، هەستی گوێگر و خوێنەریشیان بزواندووە و زۆر باشیش چوونەتە نێو دڵ و دەروون و هەستی جەماوەرەوە.

**مەشخەڵ:** سەرباری نووسینی شیعر، ئێوە کاری وەرگێرانیشتان ئەنجام داوە. ڕات چییە بەرانبەر ئەوانەی دەڵێن وەرگێڕانی شیعر کارێکی دژوارە و هەندێک دەڵێن هەر ناکرێ؟

**ڕێبوار:** ئەمە بەجێیە! زمان، کە ئامڕازی یەکەمی شیعرە، گەلێک پێوندی لەگەڵ کەلتوور و ژینگەی سەرچاوە، هەیە. لە زمانی دووهەمدا، ئەستەمە هەموو ئەو ژینگەیە، ڕاگوێزرێتەوە. بۆیە، من، بە وەرگێرانەکانی خۆم ئەڵێم: وەرگێڕانی ئازاد! شیعرێکی "بریشت" یان "ترەیسی چاپمەن"، یان ئاوازەکەی جان لێنۆن، هەستی بۆ هێناوم و منیش شیعری خۆمم داناوە. بەڵام شیعری وا، بەتەنها هی من نییە؛ هەستی ئەو شاعیرەشی پێوەیە؛ بۆیە پێی دەڵێم وەرگێڕاو؛ بەڵام وەرگێڕاوی ئازاد، چونکوو نە خۆم بە دەقەکەی ئەوەوە بەستووەتەوە نە بەتەمابووم هەموو کەلتووری باکگراوندی شیعرەکە ڕاگوێزم. تەنانەت شیعری "هەی-داد" کە بوو بەو ئاوازە خۆشە و گەلێک هونەرمەندی بەڕێز پێشکەشیان کردوە، بەرهەمی هەستێکە لە خوێندنەوەی چەند لاپەڕێکی کاپیتاڵی مارکس! ئەمە

وەرگێڕاو نییە بەڵام بەرهەمەکەی من، هەستی منە لە ئیدەیەکی کەسێکیتر. وەرگێراوە ئازادەکەی من، لەو کاتەشدا کە وەرگێڕانە، بەرهەمێکی هەستی منە کە خوێندنەوە و بیستنی شیعرێکی(برێشت) یان ئاوازیکی( ترەیسی چاپمەن، یان جان لینۆن) پێی بەخشیوم! شیعری لایە-لایەی برێشت، لە کوردییەکەی مندا جیاوازە. بۆ نموونە منداڵەکە، لای من کچە، لای ئەو کوڕە! بەکورتی؛ وەرگێڕان، لای من، هەستی خۆمە لە بەرهەمی کەسێکیتر! ئەم بۆچوونەم بۆ کەسانیتریش کە کاری وەرگێڕانیان کردووە، پێ ڕەوایە. هەژاریش هەر وا بووە لە ئاست خەیام؛ یان شاملو بۆ لەنگستۆن هیوز و ئەوانیتر.

**مەشخەڵ**: تا ئێستا وەرگێرانەکەی ئێوە بۆ سروودی ئەنتەرناسیوناڵ لە کۆڕ و کۆمەڵ و مەراسیمەکاندا ئامادەیی هەیە. چیرۆکی وەرگێرانی ئەو سرووده چۆن بووە؟

**ڕێبوار:** من بە گیانێکی ڕەخنەگرانەوە ئەم سروودەم کردە کوردی. ئەوەم لا گرینگ بووە، ئەم دەقە کوردییە، گیانی شۆڕشگێڕانەی ئەو یادگارەی کۆمۆنەی پاریس و ئۆژن پۆتیە، ڕاگوێزی بۆ مەیدانی خەباتی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە کوردستان. بۆ وەرگێڕانی ئەم سرووده، دەقی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبیم لە بەرچاو بووە. دواییش، هاوڕێیەک لەگەڵ دەقی فەرانسایی بەراوردی کرد و هاوڕێیەکی خەڵکی کوردستانی باکووریش لەگەڵ دەقی تورکی. دەقێکی فارسیشم هەر بۆ ئەنتەرناسیۆنال نووسیوە، چونکوو لام ڕوون ببووەوە کە فارسییەکەی لاهووتی ڕەسا نییە.

**مەشخەڵ**: ئایا بە تێڕوانینی ئێوە، کاتی ئەوە نەهاتووە چاو بەو وەرگێرانەی سروودی ئەنتەرناسیوناڵ بخشێنرێتەوە؟

**ڕێبوار:** وادیارە، ڕەخنەیەکت پێیە، لەم دەقەی ئێستا؟؟ من ئامادەم بۆ پێشوازی؛ هەرکەسێک ڕەخنە و پێشنیاری هەبێ؛ بە گەلێک سپاسیشەوە، ئامادەم.

**مەشخەڵ**: زۆر کەم بەرهەم بڵاو دەکەیتەوە. تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم لە چەند ساڵی ڕابردوودا هیچ کۆشیعرێکی تازەتان بڵاو نەکردۆتەوە.

**ڕێبوار:** بەبڕوای من، بەرهەمی هونەریی، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە

بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە کە هونەرمەند، لێرەدا شاعیر، تێیدا دەخەملێ. ئەو بزووتنەوەیە، هەڵس و کەوتی هەیە و هونەرمەند و شاعیریشی! مەبەستم ئەوەیە کە هۆیەکی شەخسیی نییە؛ نابینم کەسیتر لەم مەیدانەدا، گەلێک هەڵسووڕاوتر بووبێ. دیارە لێرەدا، باسی شیعر و شاعیری ڕێبازەکانیتر ناکەم کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەیان جیاوازە! لەوانەیە هەڵس و کەوتی ئەو بزووتنەوانە جیاواز بێ؛ لەوانەیە هەڵسی ئێمە کەوتی ئەوان بێ و بە پێچەوانەش! سەرەڕای ئەوەش، بەرهەمی تازەم هەن؛ بەقەد هەشتاکان زۆر نین؛ دەی حەفتاکانیش، بەقەد هەشتاکان بەرهەمم نەبووە. من لە شەستەکان و حەفتاکاندا، تەنیا "گەشتێ لە کوردستان"م دیارە! ڕەنگە بتوانین بەرهەمەکانی ئێستام لەگەڵ حەفتاکان هەڵسەنگێنین کە ئەمان پوخت و پاراوتریشن.

**مەشخەڵ**: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بیر لە چاپدانەوەی سەرجەم بەرهەمەکانت بکەیتەوە؟

**ڕێبوار**: سەرجەمێکم، ساڵی ٢٠١٣، لە چاپداوە بە ناوی "بۆ ئازادی" کە زیاد لە کۆشیعرە چاپکراوەکان و چاپکراوانی ناو گۆڤار و چاپەمەنییەکان، چەند شیعرێکی تا ئەوکات چاپنەکراویشی تێدایە. بەڵام ئەوەش دەسەلمێنم کە کاتی لەچاپدانەوەی "بۆ ئازادی"ش هاتووە و ئەبێ بچێتە ژێر چاپی دووەم. دیارە، بەرهەمی تازەش هەن کە لە چاپی دووهەمدا لێی زیاد بکەم.

**مەشخەڵ**: چ خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەدەبی کرێکاریی و شۆڕشگێرانە؟ ئایا دەستکەوتە فیکریی و مەعنەوییەکانی ئینسان دەتوانین وەک ئەدەب و هونەری کرێکاریی چاولێبکەین؟

**ڕێبوار**: بە دەستەواژەیەکی کورت: خوێندنەوی من؛ هونەری ئازاد و داهێنەرە! ئەدەب و هونەری ئازاد لە بەند و باری سەرمایەداری؛ لەم مەینەتاوا کۆیلەیە! ئەمە زۆر بە کورتی؛ بەڵام وەڵامی پڕبەپڕی ئەم پرسیارە، خۆی کتێبێک هەڵدەگرێ و زیاتریش!

من لە سەرەتای "بۆ ئازادی"دا باسێکی، بەنیسبەت، کورتم کردوە لەسەر ئەم بابەتە. لەوێدا باسی ئەدەب و هونەر و کەلتوور و چینایەتی بوونی ئەمانە، کراوە. بەڵام لێرەدا، لەوەش کورتتر، وەڵامێک بەم

پرسیارە (کە دوو نیوە-پرسیارن) دەدەمەوە! بەهیوام، دوایی، فرسەت بێتەپێش کە زیاتر باسی لەسەربکەین.

کەسێک پێی دەڵێ ئەدەب یا هونەری شۆڕشگێڕ، پێشڕەو؛ کەسێکیتر دەڵێ هونەر و ئەدەبی ئالترناتیو یا هونەری بەرهەڵست یا کرێکاری یا هەرچی... کێشە لە سەر نێوەکەی نییە! کێشە لە سەر هونەرێکە و لەسەر کەلتوورێکە، کە ئازادە لە کۆیلەتی و ڕێگا-خۆشکەری ڕزگاری و ئازادی ئینسانە و بەرەو ئاسۆی ژیانی گەش و ئازاد و شاد بۆ هەمووان، دەئاژوێ! ئێمە، لایەنگری ئەمەین و بەرهەڵستی هونەرێکی ڕێگر و چەواشەگەر دەبینەوە کە هەست و هۆش و چالاکی کومەڵانی خەڵک ژارخواردوو دەکات. ئێمە بێلایەن نین! خەمخۆری ڕێبازێکی تایبەتین و ئەمانەوێ هەست و چالاکیمان ئاوی هەرێز نەدێریێ! بۆیە، جێی خۆیەتی ئەم ئامانجە ڕوون بێتەوە، تا هەر هەرزەبێژێک، یان هەر ئایینپەرستێک، نەتوانێ هونەری کۆیلە، یان "سینەزەنی" و نیوە-نووزەی عیرفانی بکاتە بەرهەڵستی ڕزگاریمان! بۆیە، هونەری کارگەری، بەمەعنایەک کە لەو سەرتایەدا باسم کردوە، ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کرێکاری دژ بە سەرتاپای سەرمایەدارییە لە مەیدانی هونەر و ئەدەبدا؛ لە هەمانکاتدا، بەڵێ، میراتگری هونەری بەشەرییەتی پێشکەوتنخوازە، لە هەر ڕابوردوویەکی دوور یان نزیکی مێژووی ئینساندا؛ میراتگری هەر ڕادەیەک لە ئازاد بوونی هونەرە لە مێژوودا. بۆ ئەوەش کە باشتر بزانین ئەم هونەرە ئالترناتیوە چییە، پێشدا بزانین چی نییە!

هونەر و کەلتووری ئێمە هەر ئەوە نییە کە باسی فەقیر و هەژار و کرێکار بکات، لەوانەیە بورژوازیش، بە شیعر و ئاواز و سینەما، باسی کرێکار بێنێتە ئاراوە؛ بەڵام بەگوێرەی بەرژەوەندی خوی !گەڵێکجار، کارگەری گوێ لە مشت و ژنی کۆیلە، دەکاتە ئیدۆل !هونەری مێدیای جمهوری ئیسلامی پڕن لەمانە ! لەوانەیە شاعیرێکی وەکوو هەژار، فوو بە زوڕنای ناوچەگەری و جیاوازییە نەتەوەییەکاندا بکا و داوی دووبەرەکیمان بۆ بنێتەوە و شەوارەمان بخا بۆ دنیایەکی پڕ لە کێشە و ناتەبایی ناسیونالیستی؛ یان مەدداحێک، بە زکر و تەلیلەی دەروێشی، وادەی بەهەشتی پاشمەرگمان پێبدات و سەرخۆشمان

بکا بە ئەفیونی ئایین! گەلێک زۆرن ئاواز و گۆرانی لە میدیای بورژوازیدا کە هەر کڕووزانەوەی ژنە، بە دەست پیاوسالارییەوە، بێئەوەی هەستێک لە دژی دەربڕێ! بڕوانە زۆربەی ئاوازەکانی گوگوش (گوگوش، ئاوازی پێشڕەوەیشی هەیە) و هایدە و ئەوانە؛ یان زۆربەی ئاوازەکانی هالیوود! یان میدیاکانی" دەسەڵات"" لە کوردستان! ئەو هونەرە کۆیلەیە، ڕۆشناییەک بۆ ڕزگاری لە پیاوسالاری و لەم مەینەتاوایە، نادا بە دەستەوە. کەلتوور و هونەری ئێمە، بەڵام، بەرهەڵستی ئەفیون و هۆشبەر دەبێتەوە و ئەم ژینە، وەک تاقە مەودای خۆشی و شادی دەبینێ و خۆشەویستییەکی بەرین دەخەملێنی. بڕوانە "برێشت". کەلتووری ئێمە، خۆی نابەستێتەوە بە ناموسپەرستی و بەندوباری یاسای کۆنەوە؛ جوابی ڕەسم و ئایین و یاسای سەرمایەی کۆنەپەرست ناداتەوە و ئاواتی نزم ناکاتە ئاسۆی جەماوەر. هونەری ئێمە، هونەر و کەلتووری تا ئێستای ئینسان، وەک دەسکەوتی مێژوویی چەند هەزار ساڵە، وەک هەوڵدانی بەشەر بۆ ڕزگاری و وەک کۆمەڵێک پاشەکەوتی بەنرخ، هەڵدەسەنگێنێ؛ بەڵام، کاتێک کە خۆی شوێنەوارێکی نوێی هەیە؛ کاتێک ئاسۆی ڕزگاری، ڕۆشنتر ناسیوە، شوێن کەوتووی ئەو کەلتوورە کۆنە نابێ. گۆران و شەکسپیر و موزارت، بۆ کەلتووری ئێمە، گەنجینەی گەورە گەورەن؛ بەڵام ئێمە، بە شێوەی خۆمان، بەکاریان دێنین. ڕەخنەگریشمان، هەمیشە بەردەوامە؛ نەک هەر لەوان، لە خۆشمان! هەوڵ دەدەین کۆت و زنجیری کۆن و نوێ، لە کەلتووری خۆمان و لە هونەری خۆمان داماڵین و ڕێگا بۆ ئازادی و بۆ گەشەکردنی هونەر، خوش کەین. ئەم کەلتوورە، لەمبارەوە، بەقەد مێژوو، کۆنە؛ چونکو میراتگری ئینسانی تێکۆشەری پێشڕەوە، بە درێژایی مێژوو؛ میراتگری شادی و پەژارە و هەست نواندنی ئینسانییە، لە سەرەتای ژینیەوە. هەر هونەرێکی پێشڕەو و بەرهەڵست لەهەر وەرچەرخانێکی مێژووییدا، دەسکەوتی ئێمەشە. هەست بزوێنترین سیمفونیاکان، تەناتەت شەپۆلی ئەم ئاخرانەی موزیک و هونەر، لەدژی کۆیلەتی و مەینەت و لە ستایشی شادیدا، بە دەسکەوتی خۆمان دەزانین. گەرچی، لەو چوارچێوانەشدا نامێنینەوە و هەموو سنوورێکی کۆمەڵگەی بەندیخانەی چینایەتی تێدەپەڕێنین. لە بارێکی دیشەوە، ئەم کولتوورە، نوێیە و هی ئەم یەک دوو سەدەی دوایییە! لە چاو

تەنانەت بە بەشەکانی دیکەی دەسەڵاتیانەوە، لەسەراسەری مێژوودا! ئەوان، نەک هەر کۆمەڵانی خەڵک بە هونەری چەواشە، بەشەوارە دەخەن، ڕاستەوخۆش بە سانسۆر و داخ و درەوش، ڕێگرمان بوون لە بڵاوکردنەوەی هونەرەکەمان. ئێستا، ئەم ستەمگەرییە، لە پەیکەری سەرمایەداریدا خۆی دەنوێنێ. ئەم چینە، کە سەردەمێک، لە دژی نیزامی کۆنتری پێش سەرمایەداری، شۆڕشگێڕ و پێشڕەو بووە، دەمێکە ئیتر پێشڕەو نەماوە و ڕێگری ئازادی ئینسانە. لە سەردەمی شەڕە جیهانییەکانی سەدەی ڕابوردووەوە، ئیتر لە سەراسەری جیهاندا، دژ بە پێشڕەوی و گەشەکردنە. ئەم هێزە، نەک هەر دەسەڵاتدارە و زۆربەی زۆری میدیا و سامانی کۆمەڵگایش لە دەستیدایە؛ دەشتوانێ، هونەری چەواشە بڕازێنێتەوەو بە چەق و لووری دژ بە ژن و دژ بە ئازادی و بەرابەری، کۆمەڵانی خەڵک لێک جیابکاتەوە و ڕێگای ڕزگارییان لێ ون بکا؛ نەک هەر ئەمە، ڕاستەوخۆش پێش بە گەشە و کاریگەربوونی هونەرمان دەگرێ. بۆیە، ڕێبازی ئێمە، پێویستە میلیتانت بێ و بچێتەوە بە گژ نەریت و مێژووی بەشەر، کەلتوورێکی تازە و مۆدێرن و جەوانە؛ هەر وەک خەباتی مۆدێرنی چینی کریکار بۆ ڕزگاری ئینسان، مۆدێرن و جەوانە! بۆیە، من لەگەڵ ئەوانەم کە بەم کەلتوورە دەڵێین"کارگەری"؛ کەلتوورێک کە ڕەنگدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاری یەکجاری ئینسانە؛ کەلتوورێک کە بە دوو باڵ: باڵی هەستی بێسنووری هونەریی و باڵی زانستی کۆمەڵایەتی کومونیستی ئەو چینە، دەفڕێت! ئەم کەلتوورە، لە سەرەتای مێژووی هەزاران-ساڵەی ئینسانییەوە، خەریکی بنج بەستن بووە. بەڵام لەم دوو سەدەی دواییدا، وەچێکی تازەی داوە و گەشەی کردووە، بەرەو بەرژەوەندی ڕزگاربوونی ئینسان لە کۆمەڵگای چینایەتی. کەسانی وەک "هاینریش هاینە"، "ماکسیم گورکی"، "برتولد بریشت" ، "ئاراگون" و "جەوهیل" و "نازم حیکمەت" چەند ئەستێرەیەکی ئەم ئاسمانەن؛ ئیتر با، هەزاران دوندی فەرهەنگی بەشەریش، بە میراتی ئینسانی، پێش هەبوونی چینی کرێکار، دابنین.

بەرهەڵستی سەرەکی ئەم کەلتوورەو ئەم ئەدەب و هونەرەش، چینە ستەمگەرەکان بوون؛ بە کۆنەپەرستییانەوە، بە هونەرییانەوە و

کەلتووری بورژواییدا؛ ئەو کەلتووره گەندەڵەی خەریکی زیندووکردنەوەی پرتووکاوترین سینەزەنی و دابونەریتی ئایینی و خورافی چینە کۆنترەکانە و هیچ نیشانەیەک لە ئازادی و ئازادیخوازی پێوە نەماوە، نابێ بتوانی چیدی ڕێگر بێ و ڕێ ونکەر بێ.

**مەشخەڵ** : ئاسۆی ئەو ئەدەبە(ئەدەبی کرێکاریی) لە کوردستان چۆن دەبینن؟

**ڕێبوار** : ئەم کەلتووره و ئەم هونەره کە ئەدەب و شیعریش بگرێتەوە، لەسەر زەمینەی بزووتنەوەی کرێکاری دەخەملێ. ئەم بزووتنەوەیە، ئەنتەرناسیونالیستی و جیهانییە. بەڵام دیارە، لە شوێنی جۆراوجۆری جیهان، بە ڕادەی جۆراوجۆریش دەخەملێ. لە کوردستان، بزووتنەوەی کرێکاری، لەچاو شوێنە پێشکەوتووترەکان، جەوان و کاڵە! بۆیە، سەیر نییە ئەگەر کوردستان، باشترین جێگای خەملینی هونەر و ئەدەبی کرێکاریی نەبێ. بەڵام لە کوردستانیش و لە گۆڕەپانی جیهانیشدا، هەتا دێ، زەمینەی بۆ فەراهەمتر دەبێ. ڕاپی کرێکاری و ئاوازی بەسۆز لە دژی نالەبارییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پەرە دەستێنێ. نموونە زۆرن؛ بڕوانە ئاوازەکانی ئەحمەد کایا، بڕوانە ئاوازەکەی مایکل جاکسۆن کە دەڵێ "ئەوان بەخەمی ئێمەوە نین"؛ ئەمانە، ئەگەریش ڕاستەوخۆ لەم بزووتنەوەیە نەبن، ڕێگا خۆشکەرن. ڕێگای هونەر و ئەدەبی کرێکاریی لە کوردستانیش، خۆشتر ئەبێ، دەشتوانین خۆشتری بکەین! وەرگێرانی ئازاد و پەرەدان بە بەرهەمی پێشڕەو لە دەرەوەی سنوورەکان، کارێکی پیرۆزە. ئێمە لە کوردستان و لەم ناوچەیە، زیاترین پێویستیمان هەیە بە ئەدەب و هونەری جیهانیی.

## کورتەیەک لە بایوگرافی ڕێبوار و بەرهەمەکانی

ساڵی ١٩٤٧، لە مەریوان، چاوم بە ژین پشکووتووە. سەرەتای شەستەکان، بو درێژەدان بە خوێندن، چوومە تاران. ساڵی ١٩٦٩، فاکۆڵتی ئابووریم تەواو کرد. لە سەردەمی منداڵی و لاویمدا هۆگری خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی و هونەریی، بەتایبەت شیعر و ئەدەب بووم و یەکەم ئەزموونە شیعرییەکانم، بە کوردی و بە فارسی، هی ئەو سەردەمی تازە-لاویمە. لە

هەڵسووڕانی سیاسیشدا، لە شانی چەپی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بووم. ئەوکات، سەردەمی پێکهاتنی ڕێکخراوەکان و کاتی سەرنجی ڕەخنەگرانە بوو لە قوتابخانە سیاسییەکانی سەردەم. ئێمەش ڕێکخراوێکمان پێکهێنا کە دوایی ناونرا "کۆمەڵە". مەبەستمان دامەزراندنی حیزبێکی کۆمۆنیستی سەراسەری بوو لە ئێران. ئەوکات، خۆمان لە ڕەوتەکانی سەردەم (توودە و چریک و دیمۆکرات و ... ) بە جیاواز دەزانی و ڕێبازێکی کۆمۆنیستی ڕاستەقینەمان لەبەرچاو بوو؛ هەرچەند ناسیۆنالیسم، هێشتا، دەستبەردارمان نەبوو. کۆ-شیعری "گەشتێ لە کوردستان" و هەندێک داستانی کورتم، لەوانە، " شیعری دارینە" کە گێڕانەوەی ئاخرین ڕۆژەکانی سمایلی شەریفزادەیە، ئەوکات، بە دەستنووس و بە نهێنی، بڵاو بوونەوە. وەرگێڕانی ئازادانەی "چەپکێک چیرۆکی جوان" بە هۆنراوەی کوردی کە لە سیانزە چیرۆکی منداڵان پێک دێ و هی نووسەر و وێنەگەری سۆڤیەت ڤلادیمیر سوتەیەڤە، یادگاری ئەو سەردەمەیە، هەرچەند هێشتا چاپ نەکراون. وەک گەلێک هەڵسووڕاوانی ئەو کات، ڕێگاشم کەوتە بەندیخانەی سیاسی: قزل-قەلعە، لە تاران. ماوەیەک پاش زانکۆ، وەک کارزانی ئابووری، "بەرنامەو بودجە"ی کوردستان، لە شاری سنە، دەستم بە ئیش کرد. هاوکات، دیارە بە نهێنی، درێژەم بە هەڵسووڕانی هونەریم و سیاسیم دەدا. ئەو سەردەمە بوو کە لەگەڵ شەریکی ژیانم، فەوزیە، ژیانمان و خەباتمان لێک گرێدا؛ هەتا ئێستاش، پاڵپشتی قایمی خەبات و ژیانی یەکترین. لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئەوکاتی ئێراندا کە شۆڕشەکەی ١٩٧٩ی لێکەوتەوە، چالاکیم نواند. دواتر، درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەمان لە کوردستان، بۆ ئێمەی کۆمۆنیست درێژەی ئەو خەباتە بوو. یەکەمین سروودەکانیشم بەرهەمی ئەو سەردەمەن. هەندێک لە شیعرەکانی پێشتریشم بوونە ئاوازی پرۆپاگاندەی خەباتت. لە هەشتاکاندا،" سروودی سڵاوی ئازادی" و " دەنگ هەڵبڕە" و " چەند لاپەڕە لە دەفتەری ڕۆژانەم"؛ هەروەها وەرگێڕاوی کوردی مانیفستی مارکس و ئێنگێلس، چاپکران. داستانی کورتی فارسی و کوردی " ئاسۆی شۆڕش " و هەندێک وەرگێڕان بۆ کوردی و فارسی، نووسینی شیعر و هاوکاری

کۆڕی بانگەواز بۆ سروود و ئاواز، هەروەها وتاری سیاسی، وێڕای خەباتی چڕ و پڕ لە کۆمەڵەی شاخدا، لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی ئەوکات، بڵاو دەبوونەوە.

بەبۆنەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکەوە، بەتایبەت دابەزینی هێزەکانی ناتۆ لە کوەیت و عێراق، ناسیونالیسم بەگشتی و ناسیونالیسمی کوردیش لە دەروبەری ئێمە، بەهێز بوون .ئەمە کێشەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی توند کردەوە و سەرەتای ٩٠ەکان، بەشێکی گەورە لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - حکا، لەو حیزبە هاتینەدەر و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانمان پێکهێنا. درێژەی ژیان و خەباتی من کەوتە سوید و لێرە، وێڕای خەباتی حیزبی و هونەری، بۆ بژێو بووم بە مامۆستای مەدرەسە لە ماتەماتیک و زانستدا

ئاخری نەوەدەکان هەستم بەوە کرد کە ئەم حیزبە نوێیەش نەیتوانیوە ببێتە ئەو حیزبەی بزووتنەوەی کرێکاری، بۆیە، سەرەتا بە ڕەخنە و پێشنیارەوە و سەرەنجامیش بە جیاکردنەوەی ڕێگا، خەباتی سەربەخۆم بە گونجاوتر زانیوە. کاری نووسین و بەرهەمی هونەریم هەر درێژەداوە و ساڵی ٢٠١٣، بەیارمەتی کەسانێک کە لە چەند وتووێژی پێشتردا، سپاسم کردوون، سەرجەمێکم لە کۆشیعرە دێرینەکانەوە هەتا تازەکان، بە هەندێک بەرهەمی چاپنەکراویشەوە، بەناوی "بۆ ئازادی"  بە چاپ گەیاند کە ئێستا پێم وایە کاتی چاپی دووەمێک و خستنەپاڵی چەند بەرهەمی تازەش، هاتووە. کاری چاپنەکراوم چەپکە چیرۆکە منداڵانەکەی سۆتەیەڤە کە لە سەرەوە باسم کرد ئەویش، یارمەتیدەرێک پێشنیاری کرد بیکاتە چوار-پێنج کتێبچە، کە لەوانە، دووی چاپ بوون .کۆپییەکی ڕازاوەی، بە ناوی"چەپکێک چیرۆکی جوان" بەرهەمی کوڕم ئازاد، لەسەر سایتی خۆم

www.rebwar.nu

کە سایتەکەش هەر ئازاد بۆی دروست کردووم، دانراوە. بۆ چاپی دووهەمی وەرگێڕاوی مانیفستیش، تا ئێستا بە بڵاوکردنەوەی پێ دێ ئێف لە سەر سایتەکان دڵخۆش بووم بەڵام لەوانەیە چاپکردنەوەی، وەک کتێبیش دەست بدا. ئێستاش لە شاری گوتنبرگی سوید ئەژیم و بەدەم ئیشێکی پارت-تایمەوە، خەریکی درێژەدانی کارەکانم.

هەواڵنامەی کتێب

# بیرەوەری سەربازێک لە جەنگی کەنداو دا

## جەنگی عێراق و هاوپەیمانان لە ساڵانی ۱۹۹۰و ۱۹۹۱ دا

ئەحمەد عەلی

**لە سەر داوای چەن هاورێیەك، ئەم نووسینە کە بڕیار بوو بە چەن بەشێك بڵاوی کەمەوە، ئێستا بە جارێك هەمووی بڵاو ئەکەمەوە، هیوادارم بۆ زانیاری زیاتر و تێگەیشتن لە سەر ئەو جەنگە وێرانکەرو خوێناوییەی ۲۵ ساڵ لەمەوبەر هەڵگیرسا، ئەم نووسینە بخوێننەوە.**

**ئەحمەد عەلی، مارسی ۲۰۱٦**

ئێستا کە ئەم بیرەوەریانە ئەنووسمەوە، نزیك بە ٢٦ ساڵ بە سەریاندا تێپەڕیوە، خەیاڵی ئەو سەردەمەم کاڵ بووەتەوەو لەوانەیە زۆرێك لە ڕوداوەکانم لە یاد نەمابێ، هەوڵی ئەم نووسینەو ئامانجی من، نووسینەوەی مێژووی جەنگێك نییە کە



دونیای سەرقاڵ کرد، تۆمارکردنی کارەسات و ڕوداوێکی دەردناکە کە من و دەیان هەزار مرۆڤی وەك من، بە ناچاری بوو بە بەشێك لە تەمەن و مێژوومان، بە داخەوە ئێمە نەوەیەك بووین لە نێو جەنگ و وێرانکاریا گەورە بووین و بیرمان کردەوەو خەونمان بینی، ئەوەی کە مەبەستمە پارچەیەك، گۆشەیەکی ڕوداوێك بۆ مێژوو بگێڕمەوە. ڕوداوێك کە بریتیە لە جەنگێکی خوێناوی، لە مردنی زیاتر لە سەدهەزار مرۆڤ. ئەم بابەتە، تەفسیر و لێکدانەوە نییە،

عێراق لە لایەن وڵاتێکی بچووکی وەك کوەیتەوە زەحمەت بوو. بۆیە هەر لە گەڵ دەسپێکردنی جەنگدا و دوای چەن کاتژمێرێك، خانەوادەی شاهانەی کوەیت "جابر ئەلئەحمەد ئەلسەباح" بە فڕۆکە کوەیتیان جێهێشت و هەڵاتن و سەدان هەزار لە هاوڵاتی کوەیتی خۆیان گەیاندە سنوورەکانی سعودیە. حکومەتی عێراق ملیۆنێك ودووسەد هەزار سەرباز و هێزی تایبەت و ٧٥٠ فڕۆکەی جەنگی و ٥٨٠٠ دەبابە و ٥١٠٠ مودەڕەعە و ٣٨٥٠ تۆپهاوێژ و سەدان هەزار پارچە چەکی ڕەوانەی کوەیت و دەوروبەری کرد. بەڵام داگیرکردنی کوەیت دەنگدانەوەو کاردانەوەی خێراو گەورە و جیهانی بە دوای خۆیدا هێنا. ئەو کات هێشتا ساڵێك بە سەر شکستی بلۆکی ڕۆژهەڵاتا تێپەڕیبوو. دونیا، دونیای یەك قوتبی بوو. ئەمریکا لەم نێوەدا دەوری باڵای لە دونیادا ئەگێڕاو پێویستی بەوەبوو هێزو توانایی خۆی جارێکیتر بە جیهان نیشانداتەوە.

کانوونی یەکەم، وەرزی پایز، واتا ٢ مانگ دوای ئەو داگیرکاریە، ئێمەش بە بڕیارێك ڕەوانەی کوەیت کراین. بەشێکی هەرە گەورەی سوپا ڕوەو کوەیت بە ڕێخرا. لە بەرامبەردا و دژ بەم داگیرکاریە، ئەمریکا توانی هاوپەیمانێتیەك لە ٣٤ ووڵات پێکبێنێ کە بەشێکیان وڵاتانی عەرەبی بوون. وڵاتانی هاوپەیمان ٩٥٩٦٠٠ سەربازیان بۆ جەنگی عێراق ئامادە کرد لە گەڵ زیاتر لە ٢٤٣٠ فڕۆکەی جەنگی و هەزاران تانك و تۆپ.

هەوڵە دیبلۆماسیەکان دەستیپێکرد. ووڵاتانی عەرەبی بوون بە دوو بەرەوە. بەرەیەك لە گەڵ عێراق وەك ئوردون ومیسر و جەزائیر و سودان و فەلەستین و...بەرەکەیتریش لە گەڵ هاو-پەیماناندابوون. ڕوسیا لە هەوڵدابوو بۆ ئەوەی باوەڕ بە عێراق بێنێ بە بێ هیچ مەرجێك پاشەکشە بکا. ڕوسیا ترسناکی پڕۆسەی هێرشی زەمینی هەست پێکردبوو وە کارەساتی دەرەنجامەکانی دەزانی. بەڵام حکومەتی عێراق تا هەفتەیەك پێش دەسپێکردنی هێرشی زەمینی ملی بەو داوایە نەدا. لەو وەختەدا بوو کە مەجلیسی ئەمنی دەولی بە بڕیاری ٦٦٠ داوای لە عێراق کرد بکشێتەوەو دواتریش لە ٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠ بڕیاری ٦٧٨یان دەرکرد و مەوعدی ١٥ی١ی ١٩٩١یان دانا بۆ کشانەوەو داوایان لە حکومەتی عێراق کرد لە کوەیت بچێتەدەرەوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەم داوایەی هاوپەیمانان‌دا سەدام حوسێن ملی بەو داواو بڕیارە نەداو مەرجی دەرچوونی سوریا لە لوبنان و ئیسرائیل لە خاکی فەلەستینی دانا .

مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٠ کە ئێمە گەشتینە کوەیت، وڵاتێکی وێرانمان بینی. وڵاتێك کە سەربازگەیەکی گەورە بوو. بیابانەکانی سەفوان و جەهرا چۆڵتر لە جاران و مات و

ڕوانگە نییە، تێڕوانینێك نییە، تەنیا باسی واقعێکە کە خۆمی تیا ژیاوم. باسی ڕوداوێکی گرنگە و چیرۆکی زەمانێکە کە مێژوو و ئایندەی کۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی و بۆ هەتاهەتایە گۆڕی. لایەنی کەم گرنگە کە دوو نەوەی نوێ بەم چیرۆکە سەختانە ئاشنا بن و ئاگایان لەوە هەبێ کە لە سێ دەیەی ڕابوردوودا یەکێك لە خوێناویترین جەنگەکان لە وڵاتی ئەواندا ڕویداوە.

ساڵی ١٩٩٠ ئەو کات من سەربازێکی گەنجی سوپای عێراق بووم، ئێمە سەربازی زۆرە ملێ بووین. ساڵی ١٩٩٠ عێراق تەنیا دوو ساڵ بوو کۆتایی بە شەڕی ٨ ساڵەی لە گەڵ ئێران هێنابوو. تەنیا دوو ساڵ تێپەڕیبوو بە سەر هێرش و پەلامارەکانی حکومەتی بەعسدا بۆ سەر کوردستان و کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژی دەیان هەزار لە خەڵکی سڤیلی کوردستان و سوتاندن و وێرانکردنی هەموو دێهاتەکان و دواجاریش سەرنگونکردنی زیاتر لە سەدوپەنجا هەزار هاووڵاتی کوردی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا . لەو ساڵەداو لە ٢ی ئابدا، لە هێرشێکدا بۆ سەر وڵاتی کوەیت کە لە چوار لاوە لە لایەن سوپا و پاسەوانی کۆماری و هێزە تایبەتەکانەوە ئەنجامدرا و تەنیا دوو ڕۆژی خایاند، وڵاتی کوەیت لە لایەن سوپای عێراقەوە داگیر کرا.لەو شەڕەدا زیاتر لە ٤٢٠٠ هەزار سەربازی کوەیت و زیاتر لە٥٠٠ هاووڵاتی کوژران و زیاتر لە ٦٠٠ هاووڵاتی کوەیت بە دیل گیران و لە بەرامبەریشدا زیاتر لە ٢٥٠ سەربازی عێراقیش کوژران. هۆکاری ئەم داگیرکردنەش لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، مەسەلەی قەرزەکانی سەر عێراق کە ئەو کات ٦٠ ملیار دۆلارقەرزار و مەسەلەی نەوت و سنورەکان بوو. حکومەتی عێراق داوای لە کوەیت و سعودیە کرد لە قەرزەکانیان لە سەر عێراق خۆشبن لە بەرامبەر ئەوەی کە شەڕی عێراق لە گەڵ ئێران پاراستنی ئەو دوو وڵاتە بووە لە داگیر کردنیان لە لایەن ئێرانەوە. لە لایەکیتریشەوە عێراق کە بە نیاز بوو لە دوای جەنگ بە فرۆشتنی نەوت قەرزەکانی سوککاتەوە، لەو کاتەیا سعودیە و کوەیت بڕێکی زیاتر نەوتیان خستە بازاڕەوەو نرخی نەوت لە ١٨ دۆلارەوە دابەزی بۆ ١٠و١٢ دۆلار. ئەم هەڵوێستە، حکومەتی عێراق بە دوژمنکارانەی دانا و پێیوابوو کەمکردنەوەی نرخی نەوت دژایەتی کردنی ڕاستەوخۆی بەرژەوەندییەکانی عێراقە.

داگیرکردنی کوەیت سەرەتای سەردەم و مێژوویەکی تازە بوو. ئێمە ئەو کات لە سەربازگەی تاجی لە نزیکی بەغدا سەرباز بووین. لە ڕاستیدا بەرەنگار بوونەوەی سوپای

سەرمایەکی تۆقێنەری هەیە. بای دەریا کاتێ بە سەر لمی بیاباندا تێئەپەڕێ، وەك تیغێك روخسار و پێستی مرۆڤ شەق ئەکا. هیچ شاخ و بەرزاییەك نەبوو بەری هەوای ساردی دەریا بگرێ. شەوان چۆڵەوانی بیابان مرۆڤ وردوخاش ئەکا. تاریکیی، ترس لە ئاینده، لە جێگایەکدا کە پڕ بێ لە تفەنگ و جەنگاوەر مانایەکی تایبەتی هەیە. لە کات و شوێنێکی وادا کە ژیانی تیا نامێنێ و هەموو شت دەبێتە هەوڵێك بۆ مانەوە، وێرانکەرە.

ئەو جێگەیەی ئێمەی لێبووین لە شاری کوەیتی پایتەختەوە دوور نەبوو. ماوەی دوو هەفتەیەکی پێچوو تا جارێکیتر کەتیبەکەمان گوازرایەوە و من و مەحمود بە تەنیا لەوێ ماینەوە. ئێمە وەك پاسەوانی زریپۆش و ئۆتۆمبیلە سەربازیە پەککەوتووەکان مابووینەوە. تەنیا دوو کەس و بیابانێك، بە زەحمەت خواردن بە ئێمە ئەگەیشت. لە نێو ژوورێکا بووین کە بە لەوح دروستکرابوو. خواردنمان نەبوو، هەرچی سەمونی وشکەوەبووی کۆن هەبوو لە ئاودا نەرممان ئەکردەوەو ئەمانخوارد. دۆخێکی خراپان هەبوو. دوو جرج بە تەنیشت ئێمەوە کونێکیان هەبوو بە بێ ویستی خۆمان لە گەڵ ئەو دوو جرجەدا ببوین بە دەراوسێ. ئەوانمان دانابوو بۆ تەنگانە، بۆ ئەو ڕۆژەی کە هیچ نابێ بیخۆین و بەشی ژەمێکمان ئەکا. کتێبمان لە گەڵ خۆمان بردبوو زۆرتر خەریکی خوێندنەوە بووین. ئاخر کاتەکان یەکجار درێژ بوون و هیچ سەرگەرمیەکمان نەبوو. جارجار نیشانەمان دادەناو فیشەکمان پێوە دەنا. بە گشتی لە دۆخێکی دەرونی سەختا بووین و لە هەموشی سەختتر ئەوە بوو هیچ ئایندەیەکمان لێوە دیار نەبوو. ئەم کورتە شیعرە لە نێو ئەو خانووە لەوحەیا نوسیبووم:

هۆ هۆ سازان
تۆ ئەی کچە نازدارەکەی نێو
لادێیەك لە کوردستان
بیستم وتیان، نیوە شەو بوو
وەك هەوری ڕەش بە سەرتانا
داڕوخان و
هەموو لادێ وێرانکرا
وەکو بیستم،
باوك و برات شەهید کران
بەڵێ سازان
خۆت و دایك و خەڵکی لادێ
بە بێدەنگی بەرەو چیا کەوتنە ڕێ
لە دوورەوە،
لە چیاوە کە ئەڕوانی
لادێکەتان لە باوەشی تاریکیا
وەکو مۆمێك وا ئەسوتێ .

سەرەتای مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩٠ دیسان بەرەو شوێنێکیتر کە نزیکتر بوو لە پایتەختەوە گواسترایەوە. ئەوێ ئاوەدانتربوو. ئێمە چوار سەرباز بووین لە ژورێکا و هەموومان کورد بووین. ئەفسەرەکان

خامۆش بوون. تا چاو بڕی ئەکرد لم دونیای داپۆشیبوو. ئاوەدانی بەدی نە ئەکرا. کوەیت بە یەکجاری تاڵان کرابوو. وڵاتێکی خاپوور کراو، دڵتەنگ و بۆنی باروت و نەوتی لێدەهات. شەقامەکانی چۆڵ و بە دەگمەن مرۆڤی تیا ئەبینرا و ڕەنگی ژیانی پێوە نەمابوو. خەڵکی کوەیت سەرەڕای ئەوەی دڕندەیی و بێڕەحمی سوپاکەی عێراقیان بینیبوو، هێشتا بەرگریان لە خۆیان ئەکرد. ئەوان نەفرەتیان لەو هەموو کوشتار و زوڵمە هەبوو. بۆیە دەیان دەستەی بەرگریان بە نهێنی پێکهێنابوو لە نێو شارەکاندا و دەیان سەربازی عێراقی لە پەلاماری ئەواندا گیانیان لە دەسدا. لە هەر شوێن و کاتێك بۆیان بلوایە پەلاماری سەربازی عێراقیان ئەدا. "جەزا حوسێن" کە دۆستێکی من وە خەڵکی سلێمانی بوو، لە نێو ئۆتۆمبیلێکدا کاتێ بە نارنجۆك هێرشیان کرابووە سەر لە گەڵ چەن سەربازێکیتر بە دەستی ئەوان کوژرا.

مەحمود عەزیز و موحەممەد ڕەحیم دوان لەو کەس و هاوڕێیانە بوون کە هەم خەڵکی کەلارو دەراوسێبووین و هەمیش هاوڕێ بووین و ماوەیەك بوو پێکەوە بووین و پێکەوەش ڕەوانەی کوەیت کراین. ڕێگای دورودرێژی باشور گەیشتن پێی ئاسان نەبوو. ڕێگایەکی تاقتپڕوکێن بوو. پاسەکە ئێمەی لەو شوێنەدا دابەزاند کە بۆی گواسترابوینەوە، کەتیبەی مودەڕەعاتی وەلید. ئێمە لە سەحراکانی ( جەهرا) دا و لە سەربازگەیەکدا گیرسانینەوە. بیابانەکانی باشور لە زستاناندا



دەستم. منیش بە ڕاکردن مۆڵەتەکەم گەیاندە مەحمود و لە دوورەوە هاوارم کرد بڕۆرەوە، بگەڕێرەوە، تۆ ئیتر لەم بیابانەیا نامریت. خوێنی تۆ لێرەیا نارژێ. ڕاستیەکەی وا بوو شانسی ڕزگار بوون لەو جەنگە، ڕوداوێك بوو لە نێوان مردن و ژیانا. من و مەحمود بە دڵی پڕو چاوی پڕ فرمێسکەوە یەکمان لە باوەش گرت و ماڵئاواییمان لە یەککرد. بۆ هەردووکمان وەك دوا دیدار وابوو. زەحمەت بوو باوەڕ بەوە بکەین، بتوانین جارێکیتر یەکتر ببینینەوە. بەڵام ئەو هیچ ڕێگا و هەڵبژاردنێکیتری لە بەردەمدا نەبوو. ئەو دوا کەس بوو کە جێیهێشتم و لە ناو خوێن و ئێسقانەکانمەوە هەستم بە تەنهاییەکی بکوژ ئەکرد. ئەو تەنها ئەیتوانی نامەی سەربازێك لە بەرەکانی شەڕەوە بگەیەنێتەوە بە خێزانەکەی. من کە پێموانەبوو جارێکیتر هیچ کەسێك لەوان، لە خێزانەکەم ببینمەوە، نامەیەکم لەو فەزا خنکێنەرەدا نووسی و بەودا ناردمەوە بۆ کەسوکارم.

ئەو جانتاکەی هەڵگرت و منیش تا ون بوو لێمڕوانی. ئەو وەك دوا خاڵی نێوان من و خێزانەکەم وابوو، کە لەوێوە ئەکرێ خاڵی کۆتایی بێ. دوای ئەو باری سەر دڵی من گەلێك لە جاران قورستر بووەوە. دوای ئەو کاتە تەنیا کەسانێك ئەیانتوانی بگەڕێنەوە ماڵەوە کە تەرمی سەربازێکیان دەبردەوە ماڵی خاوەنەکەی. گەنجێك کە هێشتا تەمەنی نەگەشتبێتە ٢٠ ساڵ و کەمترین تەجروبەی سەختیەکانی ژیانی هەبێ و تەنیا وتەنیا چۆن ئەمتوانی بە گژ دۆخێکی وادا بچوومایەتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەوەشا ڕۆحێکی زیندوو و ئاگرین لە ناخەوە وزەی بەرەنگاربوونەوەی پێ ئەبەخشیم.

ئێمە ڕۆژ و کاتژمێرمان ئەژمارد. ١٥ی ١ کە کاتی هێرشکردنی هاوپەیمانان بوو نزیك بووەوە. خەریکی دروسکردنی ژێر زەمین بووین بۆ خۆ پاراستن لە بۆردومانی فڕۆکەکان. شەوی ١٦ لە سەر ١٧ی مانگی ١ی ساڵی ١٩٩١ کاتژمێر ٤ی بەیانی بە شریخەی موشەکی ٥٧ی دژە فڕۆکە و بۆردومانی فڕۆکەی هاوپەیمانان بە خەبەر هاتین. ڕویدا، ئەوەی چاوەڕوان بووین قەوما. وەك ئەوەی ئاسمانێك لە مەرگ بە سەرمانا ڕووخابێ، هەستمان بە سەرەتایی کۆتاییەك ئەکرد کە خۆمان بووین. ئاخر ( لم ) ناتوانێ لە بەرامبەر بۆمبا مرۆڤ بپارێزێ. ( لم) بەو ناسکیەی خۆیەوە، کوا بەرگەی توندوتیژیەکانی جەنگ ئەگرێ؟ بە شڵەژاویەوە خۆمان گەیاندە ئەو پەناگایانەی کە تەواومان نەکردبوو. لەوێوە بە چاوی خۆمان فڕۆکەو بۆمبەکانمان ئەبینی کە بە سەر ئێمەیا ئەکەوتنە خوارەوەو هەموو شتێکیان وێران ئەکرد.

لە یەکەم بۆردومانا جێگری

هەموو بەیانیەك كۆمەڵێك سەربازیان لە گەڵ خۆیان ئەبردو ئەچوونە ناو ماڵەكانەوە و تاڵانیان ئەكردن. ئێواران كە دەگەڕانەوە لە گەڵ خۆیان ئەیانهێنایەوەو بەشێكی بۆ حكومەت و بەشێكی بۆ خۆیان بوو وە ڕەوانەی عێراقیان ئەكردەوە. تاڵانییەكی دەوڵەتی بوو. هەرچی شتی گرانبەهای وەك زێڕ و پارە هەبوو لە ڕۆژانی یەكەمی دوای داگیركردن ڕەوانەی عێراق كرانەوە. ڕێگای نێوان "جەهراو سەفوان و بەسرە" پڕ بوو لە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و بارەكانیان دەگەیاندەوە عێراق. لە لایەكیترەوە ئازارو ئەشكەنجەی هاوڵاتیانی كوەیتی زۆر دەدرا و هەندێكجار بە بەرچاوی خەڵكەوە ئەوانەیان دەكوشت كە سەربە حكومەتی كوەیت بوون.

لەگەڵ هەوڵە دیبلۆماسیەكاندا بابەتی ڕوودانی جەنگ لە ڕاگەیاندنەكانەوە گەرمتر ئەبوو. میدیا لە ئاستی جیهاندا یەكێك لە باسە گەرمەكانی داگیركردنی كوەیت بوو. حكومەتی عێراق دەكشێتەوە یان جەنگ ڕوو دەدا؟

ئەوەی كە ئەگەرێكی بە هێز بوو، هەڵگیرسانی شەڕ بوو. دوو ڕۆژ دوای داگیركردن واتا لە ٤ی ئاوگوستا حكومەتی عێراق، حكومەتێكی كاتی بە سەركردایەتی "عەلا حوسێن جابر" لە كوەیت پێكهێناو لە ٨ی ئاگوستا ئەو حكومەتە كاتییە خۆی وەك بەشێك لە عێراق ناسان و كوەیت كرا بە پارێزگای ١٩ هەمی عێراق.

فەزای شەڕ سایەی كردبوو بە سەر سوپادا. سەرەڕای ئەوەی سوپای عێراق بە یەكێك لە سوپا دڕەكان ناسرابوو بەڵام هیچ ئومێد و باوەڕێك نەبوو بەوەی عێراق بتوانێ لەم جەنگەیا سەركەوێ. هاوپەیمانان ئامادەكاریان كردبوو. ئێمە بۆمان هەبوو بە تەنیا گوێ لە ڕادیۆی عێراق بگرین بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانان كاریگەری لە سەر ورەمان نەبێ. لەو كاتانەیا زۆر جار هەواڵی ئەوە ئەگەشت كە سەربازانی عێراق خۆیان تەسلیم بە هێزی هاوپەیمانان لە سنوری سعودیە ئەكرد. ئێمە هەموو ئەوەمان دەزانی چی كارەساتێك بە ڕێوەیە. دەمانزانی چی خوێنێك دەرژێ. تا هەفتەیەك پێش دەسپێكردنی شەڕ، مۆڵەت نەوەستابوو. سەرەتای مانگی ١ی ١٩٩١ موحەمەد ڕەحیمی هاوڕێمان بە مۆڵەت گەڕایەوە ماڵەوە. هیچ ئومێدێك نەبوو بۆ كشانەوەی سوپای عێراق لە كوەیت.

دۆخەكە تا ئەهات ئاڵۆزتر ئەبوو. ترسێك سایەی كردبوو بە سەر هەموومانا و ڕۆشناییەك لە ڕوخساری ئێمەیا نەمابوو. ڕۆژی سێشەممە ٩ی ١ مەحمودیش كاتی مۆڵەتی هات. عەسرێكی باراناوی بوو. نم نم باران ئەباری. كەشێكی یەكجار دڵتەنگ و مات. یەكێك لە ئەفسەرەكان بانگی كردم و مۆڵەتەكەی مەحمودی دایە

ئەفسەرێکمان کە خەڵکی بەغدا بوو لە تیپەکەی ئێمەیا بوو هەر ئەو بەیانیە زووە لە مۆڵەت گەڕابووەوەو گەشتبووەوە لای ئێمە، کوژراو هێشتا جلە سەوزە تۆخەکانی نەگۆڕیبوو. لەو شەبەقە ساردەیا ئەو خوێنی لێ ئەڕۆشت و هەڵمی لێهەڵدەستا. ئەو دیمەنە سەرەتای دەورەیەکی تازە بوو بۆ بیرکردنەوە. بیرکردنەوە لە واقعێکی تاڵ و نوێ کە هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی و سەرەتای کەوتنی ئەو ئومێدە لاوازانە بوو بە هەڵنەگیرسانی جەنگ. جەنگێك کە کۆتاییەکەی دیار نییە و هەموو شتێك لە گەڵ خۆیا وێران ئەکا.

کاتژێر ٢ی شەو یەکەمین هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بەغدا دەستیپێکردبوو. ڕادیۆ ڕاگەیاندنی شەڕی بڵاوکردەوەو سەدام حوسێن هەر ئەو ڕۆژە لە وتارێکا کە ئاراستەی خەڵکی عێراق و نەتەوەی عەرەبی کرد، داوای مقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی کرد و وتی کە لەو جەنگەدا عێراق سەر ئەکەوێ. لە زۆربەی وولاتە عەرەبییەکان خۆپیشاندان و نارەزایەتی دژ بە هێرشکردنە سەر عێراق دەستیپێکرد و قوتابیانی زانکۆکانی میسر یەکەمین نارەزایەتیان بە ڕێخست و ئالای ئەمریکایان سوتاند و پشتیوانیان بۆ خەڵکی عێراق دەربڕی. بەرەبەیانی ١٧ی ١ ئەمریکا هەموو ڕادارەکانی عێراقی پەککخستبوو. لەو شەوەدا بیابانەکانی کوەیت و شاری بەغدا گڕیان گرت. بیابانەکانی کوەیت کە سەراپا سوپا بوو هەر چۆنێك بۆردومان بکرایە زۆرترین سەرباز ئەکوژران. سەرەتا بە بۆردومانکردنی هەموو ئەو چەك و موشەکانە دەستیپێکرد کە بەرەنگاری فڕۆکە جەنگیەکان ئەبوونەوە. لە گەڵ دەسپێکردنی شەڕا ڕۆژی ١٨ی ١، کاتژمێر ٤ی بەیانی حکومەتی عێراق چەن موشەکێکی سکۆد ی ئاراستەی شاری زەهرانی سعودیە و ئیسرائیل کرد.

ڕۆژانە زیاتر لە ٢ هەزار جار شارەکانی عێراق و سوپای عێراق لە کوەیت ڕووبەڕووی هێرشی ئاسمانی فڕۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان ئەبوونەوە. هەموو شوێنە گرنگەکان، ٣٠ کۆشکی سەدام حوسێن و سەدان پرد و دەزگاو بنکەی سەربازی و قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێبوونی هاولاتیان کەوتنە بەر هێرش، هەزاران کەس لە سوپاو هاوولاتی گیانیان لە دەسدا. ئاسمانی کوەیت بە دووکەڵ ڕەشهەڵگەڕا. بیرە نەوتەکان

هەموالنامەی کتێب

بەر هێرشەکان کەوتن و گڕیانگرت. سەدان و هەزاران تانك و تۆپ و زرێپۆش تێکشکێنران.

٢٦ی ١ ئێمە ٦ کەس بۆ شوێنێکیتر گوازراینەوە. ٣ کورد و ٣ عەرەب بووین. لەوێ پەناگا ژێرزەمینێکمان بە زویی ئامادەکرد و هەر لەوێدا ئەژیاین. کۆمەڵێکی زۆر تانکەری گاز و بەنزین لە نزیکمان بوون.



وێنە: رەحمان شافعی

هەواڵنامەی کتێب

حەسەن ناوێك کە پێشتر پێشمەرگە بوو لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا گەڕابووەوە، پێکەوە لەو ژێر زەمینەیا ئەژیاین.

لە کاتێکا دۆخی سوپای عێراق لەو پەڕی خراپیدا بوو، لە پەلامارێکا شاری سنوری خەفجی سعودیە لە لایەن عێراقەوە داگیر کرا. بەمە تەنانەت هاوپەیمانان توشی شۆك بوون و حکومەتی سعودیەش ڕاچڵەکا. بۆیە بە هاوکاری سەربازی هاوپەیمانان دوای ٢ ڕۆژ شەڕ و

کوژرانی نزیك به ٤٠ سەربازی هاوپەیمانان، سوپای عێراق لەو شەڕەدا تێکشکاو وەدەرنران.

هێرشە ئاسمانیەکان بە جۆرێك چڕ بوون کە عێراق نەیتوانی زیاتر لە هەفتەیەك بەرەنگار بێتەوە. لە ساتێکدا دەیان فڕۆکەی جەنگی بە ئاسمانەوە بوون. لەو کاتەیا هاوپەیمانان بڵاوکراوەیان بە شێوەیەکی فراوان فڕێدەدایە خوارەوە بۆ سوپای عێراق. ئەو بڵاوکراوانە کاریگەری زۆری لە تێکشکاندنی ڕۆحیەتی مقاوەمەی سوپای عێراقدا هەبوو. هەموو ڕۆژێك ئەو بڵاوکراوانە بە سەرماندا ئەبارین. وێنەی جۆراوجۆر بوون، بۆ نمونە سەربازێك لە جەنگا کوژراوەو خێزانەکەی هێشتا چاوەڕێی گەڕانەوەین. بیابان پڕ بوو لەو بڵاوکراوانەو داوایان لە سوپا ئەکرد کە شەڕ بۆ حکومەتی عێراق نەکەن و خۆیان تەسلیم بە هاوپەیمانان بکەن. لە جارێك لە بۆردومانەکاندا بۆمبێك بە تەنیشت پەناگاکەمانەوە کەوتە خوارەوەو زۆری نەمابوو بە سەرمانا بڕوخێ. ماڵەکەمان پڕ بوو لە پارچەی موشەك و بە ڕێکەوت کەسمان نزیك بە دەروازەکە نەبووین. ئەوە پەیامێکی زۆر توند بوو بۆ ئێمە کە ئەمڕۆ یا سبەی بۆمبێك بە سەر ژێرزەمینەکەماندا ئەکەوێت و کۆتاییمان پێدێ. بۆنی باروت و دوکەڵ و تۆز خەریکبوو دەیخنکاندین. سەربازگەیەك نزیکمان بوو، ڕۆژێك پیاوێکی بڕێی بە تەمەن هاتە لامان ، ئەو لە سەر دۆشکەیەکی دوو لولەیی بوو. بە ورەیەکی بەرزەوە باسی بەرەنگاربوونەوەی فڕۆکەکانی ئەکرد چۆن نیشانیان لێئەگرێ و چۆن جارێك دۆشکەکەیان تێکشکاندووەو دۆشکەیەکی چوار لولەیان بۆ هێنابوو، منیش پێموت ئەگەر ئاگات لە خۆشت نابێ ، کەمێك ئاگات لە ئێمە بێ. بەڵام بۆ سبەی موشەکێك خۆی و دۆشکە چوار لولەییەکەیان پارچە پارچە کرد و ئەو دوایین کەس بوو لە نزیکی ئێمە بەرەنگاری فڕۆکە جەنگیەکان بێتەوە.

ئەبو یوسف جێگری ئەفسەرو خەڵکی کەرکووك کورد بوو. زۆر جار دەیوت بۆ خەڵکی عێراق ڕاناپەڕێ. ئەیوت ئێستا فورسەتێکە بۆ خەڵکی عێراق ئەم ڕژێمە بڕوخێنن، لە ڕاستیا لەو کاتەیا کەس بیری لە شۆڕش و ڕاپەڕین نەئەکردەوە. هەموو تانکەری گازو بەنزینەکان سووتان و تانکەکانی دەوروبەری ئێمە تێکشکێنران. چەندینجار مەرگ چەن

مەترێك لێمانەوە دوور بوو. بەڵام ئێمە لە نێو بۆمب و موشەك و دەنگی فڕۆکەیا هێشتا هەناسەمان ئەدا. لەوێ ئاسمان بە دوکەڵێکی ڕەش داپۆشرا بوو کە باران ئەباری وەك ئەوە بوو بە بۆیاغێکی ڕەش هەموو شتێك ڕەنگکرابێ. لەوێ لە بەر سەلامەتی و خۆ لادان لە بۆردومانی فڕۆکەکان، هات و چۆ بە جۆرێك نەمابوو. کەمترین جووڵە هەبوو. بۆیە چەند ڕۆژجارێك سەیارەیەکی سەفەری ئەهاتە سەربازگەکەی تەنیشتمان و ئەبوایە ئێمەش بگەینە ئەوێ بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی خۆمان بکڕین. ٧ی ٢ی ١٩٩١ بە حەسەن کە لە مەلجەئەکەیا لە گەڵم بوو، وتم کە من ئەڕۆمەوە. ئەو وتی ئێستا دەیان مەفرەزی لە سێدارەدان هەیە و مەحاڵە بتوانی بگەیتەوە.

ئەو ڕاستی ئەکرد مەفرەزەی ئیعدامات لە هەموو شوێنێك هەبوو. هەموو ئەو کەسانەشی کە لە کاتی هەڵهاتندا دەسگیرئەکران لەوێدا ئەکوژران و لە سەر تەرمەکانیش کاتێ کە دەیانناردەوە بۆ کەس و کاریان، دەیاننوسی ترسنۆك. بەڵام من بێگومان بووم کە لەم شوێنەیا ڕزگار بوون مەحاڵە و ئەمڕۆ یا سبەی بە دەم موشەکێکەوە پارچە پارچە ئەبین. لەو کاتەیا و لەو شوێنەیا هەڵاتن لە ئەرکی سەربازی سەرکێشیەکی گەورە بوو وە سزاکەشی مردن بوو.ڕێگایەکیتر نەبوو یا ئەوە بوو لەو بیابانەیا بمرین یا هەوڵێك بدەین بۆ خۆ ڕزگار کردن. ڕاستیەکەی من داوام لە حەسەن نەکرد کە پێکەوە بڕۆن، تەنیا ئەوە نەبێ پێمووت کە من ئەڕۆم، بەڵام ئەو بیرۆکەکەی پێباش نەبووو هەوڵی ئەوەی ئەدا کە جارێ بوەستین و بزانین ئەم دۆخە بۆ کوێ ئەچێ.

ئێوارەی ٩ی٢ دەوروبەری کاتژمێر ٥، دوای ٢٤ ڕۆژ لە نێو جەنگا ئاوەدانیم بینیەوە. من هەموو ئەو خواردنانەی کە بۆ کاتی تایبەت پێماندرابوو خستمە ناو جانتاکەمەوەو چەکەکەم تەسلیم بە ئەبو یوسف کرد و ماڵئاوایم لێکردن بەڵام کە ویستم ماڵئاوایی لە حەسەن بکەم، وتی بوەستە منیش لە گەڵتا دێم. من لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەیا لە گەڵ کوردێك کە لە سەربازگەکەی نزیکمان بوو ڕێککەوتبووم کە پێکەوە بڕۆین. ئەو پیاوە لە کاتی ئەنفالەکەیا هاتبوونە خوارەوەو لە تەکێ دائەنیشتن، زمانی عەرەبی نەئەزانی و ڕێگە شارەزا نەبوو. پێش خۆر ئاوابوون کەوتینە

ڕێ. زۆر نه‌ڕۆیشتبووین جێبێكی عه‌سكه‌ری هات و تا جاده‌ی گشتی نێوان جه‌هرا و سه‌فوان و له‌وێوه‌ به‌ره‌و به‌سره‌ هه‌ڵیگرتین. له‌وێوه‌ له‌ دووری جاده‌كه‌وه‌ به‌ پێ كه‌وتینه‌ ڕێ.




له‌ ڕێگه‌ سه‌ربازێكمان بینی كه‌ كه‌مێك به‌ ته‌مه‌ن بوو. كه‌ من به‌ عه‌ره‌بی ویستم قسه‌ی له‌ گه‌ڵ بكه‌م زانیم كه‌ كورده‌ و عه‌ره‌بی نازانێ. ئه‌ویشمان له‌ گه‌ڵمان هات و بووین به‌ چوار كه‌س. نزیكه‌ی ٤ بۆ ٥ كاتژمێرێك به‌ ڕه‌گه‌یا ڕۆشتین و من یه‌كجار ماندوو بووم. داوام كرد پشوویه‌ك بده‌ین و سه‌رخه‌وێ بشكێنین. نیو سه‌عاتێك من ڕاكشام به‌ڵام حه‌سه‌ن كه‌ خۆی كوڕی شاخ بوو ، نه‌نوست و منی خه‌به‌ر كرده‌وه‌و وتی با بڕۆین. به‌ڵام من ئیتر توانای ڕۆشتنم نه‌مابوو. كات ده‌وروبه‌ری ٢ی به‌یانی بوو. ئه‌وان هه‌وڵیان زۆر داو من نه‌متوانی، هه‌مووشمان ئه‌وه‌مان ئه‌زانی گه‌ر ڕۆژ بێته‌وه‌ مه‌حاڵه‌ ڕزگارمان ببێ. من ووتم من ئه‌ڕۆمه‌ سه‌ر جاده‌كه‌و ئه‌گه‌ر ئۆتۆمبیلێك هات ده‌ستی لێ ڕائه‌گرم. ئه‌وان وتیان ئه‌و كاره‌ مه‌كه‌، كێ ناڵێ مه‌فره‌زه‌ی ئیعدامات ده‌رناچێ، به‌ڵام من هیچ چارێكیترم نه‌بوو. بۆیه‌ من ڕووه‌و جاده‌ سه‌ره‌كیه‌كه‌ چووم و ئه‌وانیش به‌ دواما هاتن.

یه‌كه‌مین سه‌یاره‌ لۆرییه‌كی بارهه‌ڵگر بوو ده‌سمان لێڕاگرت، كه‌

ئێمەی لە سەر جادەکە بینی وەستا و سەرکەوتین. لۆریەکە پڕ بوو لە جامی پەنجەرە، تاوەکو بەسرە گەیاندینی و لە مەترسیە گەورەکە ڕزگارمان بوو، کە گەیشتینە گەراجی بەسرە تاریك و کش وماتبوو. هیچ ئۆتۆمبیلێك لە گەراجەکەیا نەبوو بەڵام سەدان کەس چاوەڕێی هاتنی سەیارەیەك بوون. پێش خۆرکەوتن لۆریەکی مان خۆیکرد بە گەراجەکەیا و هاواریکرد بۆ ناسریە، بە حاڵێکی خراپ و بە هاوکاری حەسەن و هاوڕێکانم توانیم سەرکەوم و جێی خۆم کەمەوە. بە هەر جۆرێك بێت گەشتینە بەغدا. لەوێ ئەو کەسەی کە خەڵکی تەکیە بوو ماڵئاوایی لێکردین و ڕووەو گەراجی کەرکوك ڕۆشت، ئێمەش بەرەو گەراجی کەلار. بە هەر حاڵێك بوو ۱۱ی ۲ واتا دوای ۱۷ ڕۆژ و بە ئۆتۆمبیلی جیاواز گەشتینەوە کەلار. ئەو پیاوە بە تەمەنەی کە لە ناو کوەیتا بە ڕێکەوت بینیمان، خەڵکی مەجموعەی باریکە بوو. کاتێ کە ماڵئاواییمان لە یەککرد، بە گریانەوە وتی حەزت بە چیبێ لەم دونیایەو بە من بکرێ بۆت ئەکەم. چ خۆشحاڵیەك ناخی ئەو پیاوەی داگرتبوو. وەك خۆی وتی نە زمان ئەزانم و نە ڕێگە شارەزا بووم، ئەو پێی وابوو ئێمە ئەومان لە مەرگ ڕزگار کردووە. ناونیشانی ماڵی خوشکێکم لە مەجموعەی نەسر پێداو وتم تەنیا پێی بڵێ براکەت هاتۆتەوە. هاوار، ئەو پیاوە بەرلەوەی بڕواتەوە ماڵی خۆیان، ڕۆشتبووە ماڵی خوشکەکەم و هەواڵەکەی پێدابوو.

۱۱ی۲ ی۱۹۹۱ کاتژمێر نزیکەی ٥ ی بەیانی، لە کاتێکا باران ئەباری و دونیا سارد و بێدەنگ بوو، من گەشتمەوە کەلار. شەوقێك ڕۆشنتر لە هەتاو کەوتبووە دڵی منەوە، ڕۆحێك نەمرتر لە هەموو نەمرییەك هاتبووە جەستەی منەوە. کاتێکی وا تەمەن لەو بەیانیەوە سەرلەنوێ دەسپێئەکاتەوە. کە بە ناو بازاڕە چۆڵەکەی کەلارا بەرەو کەلاری کۆن ئەڕۆشتم پیاوێك بە دیار ئاگرێکەوە وەستابوو. پیاوێکی چەکدار، کە لێی نزیك بوومەوە بینیم "حەسەن موختار"ە. "حەسەن موختار" کابرایەك هەموو خراپی و لە گەڵ ئەوەشا باشی لە دەس ئەهات. موختارێك کە پیاوی دەوڵەت و هەموو کەسێکیش خۆی لێ لا ئەدا. کە سڵاوم لێکرد وتی کوڕم بەم جلە عەسکەریەوە لە کوێوە دێیتەوە؟ منیش ووتم مۆڵەتم وەرگرتووە. حەسەن موختار وتی بە تەڵاقم مانگێکیشە یەك جوندی بە ئیجازە نەهاتۆتەوە، دە بڵێ فیرارم

کردووە. وتی زوو برۆ با توشی موشکیلەیەك نەبی لێرەیا.
لە دەرگای حەوشەمدا. باران ئەباری. هێشتا دونیا تاریك بوو. دوای چەن جارێك دایکم یادی بە خێر لە بەر هەیوانەکەوە وتی: کێیە ئەوە؟ وتم دایە منم دەرگاکە بکەرەوە.، من کە ئێستاش ئەم چیرۆکە ئەگێرمەوە موچرکە بە جەستەما دێ بەڵام ئەو کاتە فرمێسک بە چاوەکانما ئەهات. دایکم هاواری کرد و قیژانی، ئەحمەدە، ئەحمەد هاتەوە! لە لەحزەیەکا، باوکم و دایکم و براو خوشکەکانم پڕ حەوشەیان کرد لە هاوار، لە گریان، لە گریانی خۆشی. باوکم کە دوو مانگ ببوو ڕیشی نەتاشیبوو وە هەموو ڕۆژێك وەك باسیان ئەکرد لە سەری کۆڵانەکەیا چاوەڕوانی من ببوو، بە دەم گریانەوە باوەشی پیاکردم و بەری نە ئەدام. ئیتر هەر کەسە و پارچەیەکی جەستەمی گرتبوو. بەو تاریکیە دەراوسێکان ڕژانە حەوشەوە. حەوشەی ماڵەکەمان پڕ بوو، پڕ بوو لە هاواری خۆشی لە ژیان. لێرەیا چیرۆکی من کۆتایی دێ بەڵام جەنگ هێشتا بەردەوام بوو. شیرازەی عێراق شێواو ژێرخانی ئابووری تێکشکا. ٢٢ی٢ی ١٩٩١ تارق عەزیز لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیا، کشانەوەی سوپای عێراقی لە ماوەی مانگێکا ڕاگەیان.

بەڵام هەر ئەو ڕۆژە جۆج بۆشی باوك لە وتارێکا وتی عێراق چۆن لە دوو ڕۆژا کوەیتی داگیر کرد، ئەبێ لە ماوەی دوو ڕۆژیشا بکشێتەوە. بۆیە ٢٤ی٢ هێرشی زەمینی لە ژێر ناوی گەردەلولی بیاباندا دەستیپێکرد و کارەساتە هەرە گەورەکە ڕویدا. ئەوانەی لە سنورەکانی سعودیە بوون زۆربەیان خۆیان تەسلیم بە هاوپەیمانان کرد و بەشێکی زۆریشیان لە سەر داوای خۆیان برانە ئەمریکا. لە کاتی کشانەوەدا هەزاران سەربازی عێراقی لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە کرانە ئامانج و گیانیان لە دەسدا. ٢٦ی ٢ واتا دوو ڕۆژ دوای هێرشی زەمینی هاوپەیمانان، سەدام حوسێن لە وتارێکا کشانەوەی هێزەکانی ڕاگەیاند بەڵام درەنگ بوو بۆ کشانەوە، درەنگ بوو بۆ بەرگرتن بە مەرگی نزیك بە سەد هەزار سەربازی عێراقی. ٢٨ی٢ جۆرج بۆش لە سەر تەلەفزیۆنەوە سەرکەوتنی یەکجاری و کۆتایی هاتنی پرۆسەی گەردەلولی بیابانی ڕاگەیاند. بەو جۆرە عێراق لە مێژووی خۆیدا شکستێکیتری تۆمار کرد و بۆ دەیان ساڵ ژێرخانی ئابووری تێکشکا.

❀

# گەڕان بە دوای مانادا

سەلام ئەحمەد نەبەرد

یەكێك لە ئەفسانە كۆنەكانی ئاسیا باسی سەرەتای دروستبوونی گەردوون دەكات و دەڵێت كاتێك خواكان گەردونیان دروست كرد و هەموو شتێكیان لە جێی خۆی دانا، تەنها ڕاستی بوو كە مایەی مشتوومڕ بوو. هەریەكە لە خواكان بەشێوەیەك تەگبیریان دەكرد. ئەوان گرفتی ئەوەیان هەبوو كە ڕاستی لە كوێدا بشارنەوە تاكو ئادەمیزاد پەی پێنەبات. یەكێكیان دەیوت باشترە لەسەر بەرزترین لوتكەی شاخ بیشارینەوە، یەكێكی تریان لای وابوو لە قوڵایی دەریادا مرۆڤ دەستی پێناگات. یەكێكیان كە لە هەموویان زۆرزانتربوو، وتی نەخێر مرۆڤ چەقاوەسووە، شاخی بەرزوو دەریای قووڵ سنور بۆ سەرچڵیەكانی دانانێت بۆیە باشترین شوێن ناو مرۆڤ خۆیەتی كە ڕاستیەكانی تیا بشارینەوە.

دیارە خواكانی تر هەموویان ئەم بۆچوونەیان پەسەند كرد، چونكە دەیانزانی مرۆڤ سەر بەهەموو شوێنێكدا دەكات، بەڵام بیری دەچێت لە خۆیدا هەڵوێستە بكات. هەرچۆنێك بێت بەگوێرەی ئەم ئەفسانەیە و چیرۆكەكانی تەورات و قورئان، خوا هەمیشە گرفتی ئەوەی هەبووە كە چۆن ڕاستییەكان لە مرۆڤ بشارێتەوە. لە تەورات و قورئاندا، خوا ئادەم و حەوا لە خواردنی سێوەكە قەدەغە دەكات، تاوەكو چاویان نەكرێتەوە بەرامبەر ڕاستییەكان. ئەو كاتەش ئادەم و حەوا لە لە فرمانی خوا یاخی بوون، ئەوە سەرەتای گوناهێكی گەورە دەست پێدەكات. فڕێدانی مرۆڤ بۆ دەرەوەی بەهەشت و ئاوەدان بوونەوەی زەمین.

یان بە گوێرەی میتۆلۆگی یۆنانی، زیوس بە هاوكاری پرۆمێسوس مرۆڤ لە قوڕ دروست دەكات زیوس وای داناوە كە مرۆڤ لە حاڵەتی دەستەوستانی و سەرەتاییدا بهێڵێتەوە.

بەڵام زۆری پێ ناچێ پرۆمێسوس هەست بە سۆز دەکات بەرامبەر مرۆڤ، لەهەمان کاتدا ئەوە دەزانێت کە زێوس بە کۆمەکردنی مرۆڤ ڕازی نابێت، بۆیە بە نهێنی ئاگر بۆ مرۆڤ دەبات و فێری ئاگرکردنەوەیان دەکات. ئەمەش زێوس تووڕە دەکات، بۆیە سزایەکی گەورە بە پرۆمێسوس دا دەسەپێنێت. بەڵام ئەوەی کە جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە بۆچی دەرککردنی ڕاستییەکان و زانین ئەوەندە ترسناکە و خواکان بەو ئەندازەیە سەرقاڵی شاردنەوەین؟

گەشەکردنی زانست هەموو ئەو بۆچوونانەی، خستە ژێرپرسیارەوە کە دەربارەی دروستبوونی گەردون بەربڵاوبون. کۆپەرنیکۆس، بە تیۆریەکەی کە ئاڵوگۆڕ بە شوێنی زەوی و ڕۆژ دەکات، لەو سیستەمە گەردون ناسییەدا کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن کۆمەڵەی خۆر، ئەو بۆچوونە ئەرستۆیەی کنیسە بەرگری لێدەکرد هێنایە لەرزین. بە گوێرەێ تیۆرییەکەی ئەرستۆ زەوی چەقی کۆمەڵەی خۆر بوو، واتا ڕۆژو و ئەستێرەکانی تر بەدەوری زەویدا دەسوڕێنەوە، ئەمەش بە گوێرەی کنیسە لە بەر ئەوە بوو کە خوا ئەوەی گرنگە خستویەتییە چەقەوە، واتا مرۆڤ. بۆیە کاتێك کۆپەرنیکۆس گەیشت بەوەی کە زەوی چەق نییە، ئەوا مرۆڤیشی داماڵی لەو گلۆریایەی کنیسە و خوا پێی بەخشیبوو.

جیمس ئوشەر، تیۆلۆگ، زۆر بەدڵنیاییەوە لافی ئەوەی لێدەدا کە توانیویەتی بە هۆی ئنجیلەوە دەستنیشانی تەمەنی دروست بوونی زەمین بکات. لای ئەم پیاوە ڕۆحانییە خوا زەمینی کاتژمێری ٨ ، ڕۆژی ٢٢ی مانگی ١٠ی ٤٠٠٤ ی پێش زاین دروست کردووە. ئەم بۆچونەی جیمس ئوشەر هەر زوو لە لایەن کنیسە و کۆمەڵگای ئینگلۆساکسەوە پێشوازی لێکرا. بەڵام بە گوێرەی ئەنجامە زانستییەکان، تەمەنی زەوی چەند ملیاردساڵێکەو مرۆڤیش ئاکامی گەشەکردنی جۆرەکانە، هەروەك چارلز داروین بۆ یەکەم جار لە کتێبەکەیدا (بنەچەی جۆرەکان)، کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکانی خستە لەرزین. کەواتە بە گوێرەرەی ئەم بۆچونانە حەوا لە پەراسوی ئادەم دروست نەبووە. لێرەوە کوشتنی خوا دەست پێدەکات، ئەو بۆچوونەی کە فرێدریك نیتشە بە دەنگی بەرز هاواری بۆ دەکرد.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە ئایا مرۆڤ ئەو ڕاستییەی دۆزییەوە کە خواکان لە خودی خۆیدا شاردبویانەوە؟ کۆلۆن ویلسۆن، ئاوا لە بارەی گالیلۆ و کۆپەرنیکۆسەوە دەدوێت. ئەو دەڵێت لەو سەردەمەوە ئەم مرۆڤە بچکۆلەیە لەسەر زەوییەوە بە خۆی و تەلەسکۆپێکەوە بۆ ئاسمان دەڕوانێت و بە دوای خواو نهێنی

بووندا دەگەڕێت. ئەم گەڕان و سەرچڵیە ئادەمیزادی ڕووبەڕووی گەردونێکی چۆڵ، بێدەنگ، بێخواو و بێفریشتەکردەوە. ئەم سەرچڵییە ئەنجامەکەی دۆڕانی ئەو هەیبەتە بوو کە ئادەمیزاد لە خواوە دەستی کەوتبوو، ئەو ئیتر وەك ئەو مەخلوقە نەما کە چەقی گەردوون بێت، بەڵکوو دەستکەوتە زانستییەکان کە بەرهەمی سەرچڵییەکانی خۆی بوو کردی بە مەخلوقێك کە لە ئاکامی ڕێکەوت دروست بووە. ئەمەش مانای وایە کە ئادەمیزاد بە هۆی ئەو هۆشیارییەوە بەدەستی هێنا لە کەسێکی بەرزو بەنرخەوە، لە مەخلوقێکەوە کە لەسەر شێوەی ڕوخساری خوا دروست بووە، بوو بە مەخلوقێکی نامۆ و تەنها لە گەردووندا. ئەو ئیتر کەس بەرپرس نییە لێی، مەخلوقێکە لەبەردەم



ئەرکێکی گەورەدا وەستاوە، ئەرکی خوڵقاندنی بەهایەك بۆ خۆی و بۆ شتەکان. ئەم گێژاوە کارك گوستاڤ یۆنگ دەگەیێنێتە ئەوەی کە مردنی خوا بە گەورەترین کێشەی مرۆڤی هاوچەرخ بزانێت، بە هۆی عەقڵەوە خوامان کوشت بەڵام نەمان توانی قەرەبووی بکەینەوە. ئێستا بەرپرسیارییەکە لەسەرشانی خۆمانە

لەکاتێکدا پێشوتر لەسەر شانی خوا بوو. ژیانمان لە دەرەوەی چاکەو خراپەدایە، ئێستا لەبەردەم تیرۆری مێژوودایین.

لەناو هەموو ئەم گۆڕانکاریانەدا کە لە ئەنجامی خەباتی بێوچانی مرۆڤ بەدیهات، ڕۆژ بە ڕۆژ جێگە بە خوا لێژکرا. ڕۆح چیتر وەك مەیدانی تەڕاتێنی قەشەو مەلاكان نەما، بەڵکو ڕۆحیش خرایە ژێر لێکۆڵینەوەی زانستییەوە، واتا دەروونناسی بە شێوە هاوچەرخەکەی لەدایك بوو. مرۆڤ تا ئەو کاتە بۆ تێگەشتن لە خۆی ڕووی تەلەسکۆپەکانی کردبووە ئاسمان، ئەوا ئێستا بە هۆی دەروونناسیەوە جارێکیتر لە قوڵایی خۆیدا بۆی دەگەڕێت، ئەو جێگایەی بە گوێرەی ئەفسانەکەی باسمان کرد خواکان ڕاستییەکەیان تیا شاردەوە. سەیر لەوەدایە ئەوەی بە هۆی ئەم زانستەوە واتا دەروونناسی لە شوێنە تاریکەکانی ناو مرۆڤدا توانرا بدۆزرێتەوە لە نارێکوپێکی و بێسەروبەریەکی گەورە دەدوێت. ئەم مەیدانە وەك مەیدانەکانی جیۆلۆجی و بایەلۆجی تەنها عەقڵ بەس نییە بۆ تێگەشتن لێی، لەم مەیدانەدا ٢+٢، ناکاتە ٤.

❀

**بەرهەمی تازە**







کۆمەڵە شیعر بە زمانی سویدی:
تاریکایی بکوژێنەوە
سلیمان قاسمیانی

# ساتیرە هەواڵ

سەردار عبدالله



١- دوای هەوڵەکانی حکومەت بۆ بە خۆداچونەوەی خێرا بۆ چاکسازی، هەر زوو وەزاراتی کشتوکاڵ (لە سەر لیستی ئیسلامی) لە ڕۆژی مەولودی نەبەویدا ئەو تۆزە پارەیەی کە لە قاسەکەیاندا هەبوو تەرخانیان کرد بۆ چەندین چالاکی ئاییینی گرنگ، بەڵام ئەم چالاکییانە وەزارەتی ئەوقافی توڕەکرد و ئەوانیش هەڕەشەی ئەوەیان کرد گەر بێتو ساڵی ئاینده وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم کارە دووبارەبکاتەوە و خۆیان لە ئیشەکانی ئەواندا هەڵبقورتێنن ئەوا ئەوانیش لە ڕقی وەزارەتی کشتوکاڵ دەستدەکەن بە ناشتنی نەمام و هەڵپاچینی درختەکانی سەرجادەکان و چوزکردنی نەمام بەخۆڕایی. هەر لەم یادەدا حیزبێکی شویعی کە نەیویست ناوی خۆی بەرێ، سورپرایزێکی جەماوەری کرد و پێش یەکگرتوو و کۆمەڵ بەیاننامەیەکی پیرۆزبایی بۆ هەموو ئۆمەتی محەمەد نارد. تۆژەرەوە سیاسیەکانی لەمەڕ خۆمان ئەم حاڵەتەیان بە شەکلکردن لە مومارەسەی میهنەدا ناوبرد و ڕایانگەیاند ڕودانی ئەم حاڵەتانە لە وڵاتانێکدا کە قەیران تێیدا ڕوویدابێت، شتێکی هەر زۆر بەڤیتە.

٢- بەپێی هەواڵێکی دزەپێکراو لە نێو ئەو پیاوکوژانەی کە تاکو ئێستا نەدراون بەدادگا، موجریمێکی سەرقەوی دوای ئەوەی کە زانیویەتی لیژنەیان پێکهێناوە لەسەر تاوانەکانی تاکو ڕادەستی دادگای بکەن یەکسەر گایەکی داوە بە عەردا و کردویەتی بەخێر و گەعدەیەکی بەو بۆنەیەوە بۆ برداریکی لە مافی مرۆڤ سازداوە، چونکە بۆدواجار دڵنیابۆتەوە کە بۆ هەمیشە ئازاد و سەرفرازە.

٣- وەزیری بەرق و کارەبای سودان بەدەم خەوەوە خۆی کرد بە کوردستاندا تاکوو سود لە ئەزمونەکانی حکومەتی هەرێم وەربگرێت لەبواری کارەبادا.

٤- پاشی ئەوەی کە هەواڵی نزیکبوونەوەی سەربەخۆیی کوردستان لە میدیاکاندا بڵاوبوەوە، هاوڵاتییەک تەسکەرە و جنسیە عێراقییەکەی خۆی سوتاند، دوای خاوبوونەوەی هەواڵەکە سەد واستەی کرد بۆ دەرهێنانەوەیان.

٥- لە پارەی پرۆژەکان ٣٧٠ هەزار دەفتەر دۆلار دیار نەماوە. هەر

زۆر بەڤیتە!

٦- مامۆستا و کارمەندانی شارەوانی بە هەفتە و دووهەفتە ماندەگرن. بەڤیتە!

٧- شێخێکی ڕیش چەرمووی سەر بە تەریقەتی ئیمامی ڕەبانی، بەهۆی پارچە گوریسێکی ١٣ سانتیمییەوە جنۆکەیەکی لە خانمێکی خڕوخەپان دەرهێنا.

٨- لە یابان پردێکی سەیر دروستکرا. لە کوردستانیش پردێک لاوفاو بردی.

٩- لە لێکۆڵینەوەیەکی بێ لایەندا، هۆی سەرەکی قەیرانەکانی کوردستان; نزمبوونەوەی نرخی نەوت نییە لەبازاڕە جیهانییەکاندا، بەڵکو هۆکەی بەرزبوونەوەی نرخی شێلمە لە بازاڕەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی بەرچاو. شێلم، خواردنێکی تەندروستە و خەوێکی خۆش دەداتە حکومەت و هاولاتیان بە پرخوهوڕێکی ستاندارتی بەردەوام.

١٠- هەواڵێکی وەرزشی، بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی عەواڵ ئێکس پرێس، لایەنگرانی بەرشە لە گەڕەکەکانی سەیداوە، قالاوە و گێمەدەیێ لە نیوەشەودا هەستان بە هەڵمەتێکی بەرفراوانی دیوارنووسین لەسەر ریتمی تەنزیمەکانی ناو شاری جاران. وەرزشەوانێکی بێ هیوا، ئەمە بەهەنگاوێکی گرنگ دەزانی بۆ هەستانەوە لەم قەیرانە و بەرزبوونەوەی عاستی ڕقی جەماوەری وەرزش لە کوردستان بۆ عاستێکی جیهانی. هەر ئەمەشە وای لە میسی کردووە لە پەیجەکەی خۆیدا وێڵ بێت بە دوای توانا وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

١١- پاشی ئەوەی دائیرەی



کەشوهەوا و بوومەلەرزە پێشبینی ١٠ ملم بارانبارینی کرد، بەلام تەنیا بڕی ٥ ملم یان ڕاگەیاند، هۆی ئەو نیوەکردنەش کەمکردنەوەی بارگرانییە لەسەر حکومەت بەڕێژەی یەک لەسەر دوو.

هەواڵەکانمان پێشکەشکردن. ئەمڕۆ ٢٢ی قەیرانوەرزی ساڵی هیچموچەیی کوردی، کە بەرانبەرە بە ٢٢ی ذولداعشی ساڵی ١٤٣٧ی نیکاحی، کە ئەمیش بەرانبەرە بە ٢٢ی خۆشبەختی ساڵی ٢٠١٦ی ولاتانی چەکفرۆشی نەوتدزی ڕۆژئاوایی.

❀

# "سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا"
# و
# شارەزەردەواڵەی پرسیار

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کتێبی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا ئەم کتێبە بە قووڵی ڕۆدەچێتە نێو مێژووی ئایینی ئیسلام و پەنجەی دەخاتە سەر ئەو خەوشە کۆمەڵایەتییانەی کە لەو سەردەمەدا واتە هەزار و چوار سەد ساڵی بەر لە ئێستا لەنیمچە دوورگەی عەرەب باو بوونە و دواتر چۆن ئایینی ئیسلام شەرعییەت بەو خەوشانە دەدات و بازاڕیان گەرم دەکات. ئەو پرسیارانە دەکات کە نەکراون، یان ناوێرن بکرێن. کتێبەکە پڕۆژەیەکە پڕ لە پرسیار و سەرسوڕمان، پڕ لە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر تاوان و ئاماژەکردن بە نهێنی. دەرخستنی دیوی ناوەوەی ئەو ڕاستییانەیە کە لەلای مرۆڤی سادە و باوەڕدار بە ئایین کفر و هێڵی سوورە. ئەو شارەپرسیارانەی لەم کتێبەدا خۆیان نمایش کردووە، یان وردتر بڵێم نووسەر نمایشی کردوون، تا ئاستێکی باش نیشاندانی ئارگیومێنتێکن کە دەرگای دیالۆگ و مشتومڕ دەخەنە سەرپشت. ئەمەش خاڵێکی گەشی لێکۆڵینەوەکەیە کە نووسەر لە سیاقی هەوڵەکانیدا بەرجەستەی کردۆتەوە.

مەریوان هەڵەبجەیی نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر و شانۆنامەنووس و وەرگێڕ و نووسەری ئەم کتێبە، دوای کۆششێکی زۆر توانی لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ئامادە بکات و بڵاو بکاتەوە. هەر دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، ئیسلامی سیاسیی لە کوردستان و حیزبە ئیسلامییەکان لەبەر نەبوونی وەڵامی گونجاو و موقنیعەکەر، لەجیاتی دیالۆگ و گفتوگۆی شارستانیانە

کەوتنە دژایەتی کتێبەکە و تەبلیغ و پڕوپاگەندە لە دژی نووسەر تا کار بەوە گەیشت فەتوای کوشتنی نووسەر دەربکەن. هەر لەو کات و سەردەمە ئەم پەلامارە کۆنەپەرستییەی ئیسلامییەکان بە ڕووی بەربەستی نارەزایەتی و دژەکرداری ئازادیخوازان و نووسەرانی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستەکان بوونەوە. ئەگەرچی مەریوان هەڵەبجەیی نووسەری کتێبەکە وادار بە جێهێشتنی کوردستان کرا و لە ئەورووپا گیرسایەوە، بەڵام مایەپووچی و دۆڕانێکی گەورە بوو بەنسیبی ئیسلامییە کۆنەپەرستەکان. جێی ئاماژەیە کتێبی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا ٥٤٦ لاپەڕەی قەبارە گەورەیە و چاپی دەیەمی لە سالی ٢٠١١ بلاو بۆتەوە و دوا چاپیشی وەک ئاگادارم بم چاپی یانزەهەم بلاو کراوەتەوە و ئێستا لە کتێبخانەکانی باشووری کوردستان دەست دەکەوێت. ئەم کتێبە لە پێشەکییەک و حەوت فەسڵ و پاشکۆیەک پێکهاتووە کە وەلامێکی ورد و بە دیتەیلی نووسەرە بۆ ئەو بوختانە بەناو ڕەخنانەی پڕۆژەی تیشک کە ئەوەندەی تر کتێبەکەی دەوڵەمەندتر کردووە بە زانیاری و فاکت لەسەر ئەرگیومێنتەکانی. نووسەر سوودی لە ١١٢ سەرچاوەی جیاجیا وەرگرتووە. جێی وتنە ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، ئومێدەوارم وەربگێردرێتە سەر زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و زمانە زیندووەکانی جیهان و مرۆڤایەتی لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بێبەش نەبێت. هەروەها لە بەرگی ناوەوەی کتێبەکە مەریوان هەڵەبجەیی نووسیویەتی "تێڕوانینێکی زانستیانە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە پێگەی ژن لە ئایینی ئیسلامدا". ئەم خوێندنەوەیە ئەگەرچی یەکەم خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە نییە سەبارەت بە ئایین و پێگەی ژن لە ئایین کە بە زمانی کوردیی نووسرابێ، بەڵکو پێشتریش ڕەخنەگری تر بابەت و کتێبیان نووسیوە لەوانە: دلشاد مەریوانی و عەبدولخالق مەعروف و ئارام ڕەشید، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی ئەم کتێبەی مەریوان هەڵەبجەیی بەرفراوان و سەراپاگیر و پڕ لە دیتێڵ و زانیاری نین.

وەک ئاشکرایە ژن لە عەقڵیەتی پیاوانی ڕەشۆکی ئەو سەردەمە (١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا) یەکێک

هەواڵنامەی کتێب

بوو لەو کاڵا هەرزانانەی کە بۆ تێرکردنی غەریزەی سێکسی بەکاربراوە. کەسایەتیی نەبووە و بە کۆیلە و ئازادەوە لە بچووکترین ماف بێبەش بووە و کەرامەتی ڕوشاوە و شکۆی ئینسانیی شکێنراوە. کاتێکیش ئایینی ئیسلام هات لەبری قەدەغەکردنی ئەو بەکاڵاکردنە، شەرعیەتی بەو سووکایەتییەی ژنان داوە و پێشڕەوانی ئیسلامیش خۆیان بوون بە سەرمەشقی ئەو سووکایەتیی کردنە بە ژن. کۆیلەکردن و نیکاح و ئیغتساب و فرەژنی و زەواجی موتعە و ..تاد وەک بنەما جێگیرکران و دواتریش لەلایەن پەیڕەوکەرانەوە پەیڕەویان لێکراوە. مەریوان هەڵەبجەیی نووسەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە دەیەوێ بڵێت کە جوانترکردن و مکیاجکردنی ئەو دزێو و ناشرینانەی ئایین کە لەسەر دەستی مورید و مفتی و زانایانی ئایینی ئەنجام دەدرێ، خۆی جگە لە فریودانی خەڵک هیچیتر نییە. نووسەر ڕاشکاوانە پەنجە دەخاتە سەر دەرد و مەینەتییەکان و ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانیان دەکات.

کتێبی سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا هەوڵێکی جیدییە بۆ خوێندنەوەی مێژوویەک کە لەسەر سەربڕین و کوشتن و بەکۆیلەکردنی ئینسانەکان بنیادنراوە، مێژوویەک پڕاوپڕ لە غەدرو زوڵم و لێوڕێژە لە



تاوان. خوێندنەوەیەکی سەراپاگیری دۆخی ناهەمواری ژنە لەژێر سایەی شەرعگەلێک کە جگە لە بەرژەوەندی پیاوانی خێڵ هیچ بەرژەوەندییەکی تریان لەبەرچاو نەگرتووە. کتێبەکە خوێندنەوەیەکی زانستیانەی وردە لە دۆخی دواکەوتوویی کۆمەڵگەیەک کە خورافەیان بە باشترین چارەسەر زانیوە بۆ دەربازبوون لە دەرد و مەینەتییەکان.

ئەو پرسیارانەی لە دووتوێی ئەرگیومێنتەکاندا هەن، دەرخەری ڕاستییەکن کە دیاردەی ئایین لەبەردەم هێزی پرسیارە مەعریفییە جیدییەکاندا چۆک دادەدا. چونکە ئایین نە بڕوای بە دیالۆگ هەیە و نە بەگفتوگۆ، بەڵکو هەمیشە بە چەکی سواوی بوختان و درۆ و تیرۆری کەسایەتی نووسەر دەست پێدەکات، تا دەگات بە تیرۆرکردنی جەستەیی، کە کۆی ئەم میتۆدە خۆی لە دەقە ئایینییەکان بەرهەم دێنێتەوە. گەرچی هێزە تاریکپەرستەکانی ئایین زۆرجار توانییانە ڕەخنەگر بکوژن و لەنێوی بەرن، بەڵام ئەو ڕەخنەگر و نووسەرانە وەک براوەیەک لە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا ناو و کار و چالاکیان تۆمارکراوە و تیرۆریزمی ئایینیش جگە لە شکست هیچیتری پێنەبڕاوە.

کتێبی سێکس و شەرع و ژن لە دیدێکی بابەتییانەوە کە بەهای ئینسان شایانی ڕێزلێگرتنە،کۆی دیاردەی ئایینی ئیسلام لەلایەک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتیش پێگەی ژن لەو ئایینە لەلایەکیتر دەخاتە ژێر مایکرۆسکۆبی لێکۆڵینەوەوە. ئەمە ئەو سەکۆیەیە کە مەریوان هەڵەبجەیی لێوەی ململانێکان دەباتە پێشەوە. لە سەرجەم کتێبەکەش خوێنەر هەست دەکات نووسەر کێشەی لەگەڵ هیچ کەس و لایەن و گروپێکدا نییە، بەڵکو کێشەی مەریوان ئەو میتۆدە ئایینیەیە کە ئەرکی جەوهەریی توندتر کردنەوەی زنجیرەکانی دەست و پێی کۆیلەتی ئینسان بەگشتی و ژنان بەتایبەتییە.

لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە خوێنەر دەگاتە ئەو بڕوایەی کە :

**یەک**: نووسەر بابەتییانە کتێبەکەی نووسیوەتەوە و هەوڵیداوە بەڕێچکەیەکی زانستی ئەنجامگیری بکات.

**دوو**: نووسەر تێکۆشاوە پشت بە بنەڕەتترین سەرچاوەکان ببەستێت و

ڕاستییەکان لە زاری سەرچاوەکانەوە بخاتە ڕوو.

**سێ**: نووسەر گرنگترین بابەتی وروژاندووە کە پێگەی ژنە لە ئایینی ئیسلام. کتێبەکەش دانانی نیشانەی پرسیارە لەسەر سەرجەم ئایین بە گشتی و پێگەی ژن بەتایبەتی.

**چوار**: نووسەر پەردەی لەسەر دزێوترین دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵداوەتەوە و ناوەڕۆکە کۆنەپەرستانەکەی خستۆتە ڕوو.

**پێنج**: نووسەر بە شارەزاییەکی باش و تێڕوانینێکی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازانەوە بناغەی ڕەخنەکانی داڕشتووە.

**شەش**: نووسەر ئیش لەسەر ئارگیومێنت دەکات و ڕەخنەکانی بە فاکت دەخاتە ڕوو. لەهەمان کاتیشدا دەرگای دیالۆگی بە ڕووی خوێنەر و ڕەخنەلێگیراوان بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

**حەوت**: عەزم و سەلیقە و ئیرادەیەک کە لە پشت نووسینی کتێبەکەوەیە بووە بە هەوێنی سەرکەوتنی مەریوان هەڵەبجەیی لە ململانێی ئیسلامییەکان و بەرەی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە.

ئەم کتێبە تا بڵێی ناوازە و پڕ لە زانیارییە و بەسوودە، خوێندنەوەی نەک هەر بەکەڵکە، بەڵکو پێویستییەکە لەپێناو بەجوانی ڕاگرتنی ئینسانییەتی خۆمان. کتێبەکە ئاوێنەیەکە دەتوانین لەمیانی تەماشاکردنییەوە ئەو وێنەیە ببینین کە زۆربەی هەرەزۆری تاکەکانی ئەم وڵاتە نایبینن، یان ناوێرن ببینن. چونکە کتێبەکە دەتوانێ شۆڕشێک لەناو بیرکردنەوە هەڵبگیرسێنێ و تەواوی سیستەم و میتۆدی بیرکردنەوەی تاک سەبارەت بە ئایین بگۆڕێ. ئەمەش ئەو ترسەیە کە ئیسلامییەکان لێی تۆقیون و هەر لەبەر ئەمەش بوو فەتوای کوشتنی نووسەر دەرکرا. نووسەر لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە جوانترین مێژووی بۆ هەوڵ و تێکۆشانی خۆی لەدژی کۆنەپەرستی و جەهالەتی ئایین خوڵقاند. مێژوویەک کە تا مرۆڤایەتی مابێ بەچاوی ڕێز و ستایشەوە لێی دەڕوانێ.

ئایاری ٢٠١٦

# بڵاوکراوەی تازە




”سروودە کرێکارییەکان“
نووسینی عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)




”پشکۆکانی نێو ئاگردانی یاخیبوون“ کۆمەڵە
شیعری عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)




”ریگ“ کۆمەڵە شیعری عەلی رەسوولی
بە زمانی فارسی




”در ستایش واژە“ کۆمەڵە شیعری عەلی
رەسوولی بە زمانی فارسی